# بەشی سێیەم:

# ب

# پراکتیزەکردنی هەندێ لە شانونامەکانی ئەحمەد سالار

# پراكتیزەكردنی شانۆنامەكانی
# ئەحمەد سالار


أ- دەقی خومالّی:

١- نالی و خەونێكی ئەرخەوانی ٩٩

٢- ئەوانەی توونی بابا چوون ١٠٥

٣- گرەوی بەختی كوڕە داركەنەكە ١٢٣

ب- دەقی بیانی:

١- ئەڤیگینیا لە ئولیس ١٣٢

٢- ئۆتێللۆ ١٤٨

- پاشكۆی ژیانی هونەرمەند ئەحمەد سالار ١٦٤

- بەرهەمەكانی ئەحمەد سالار، چاپكراو و چاپنەكراو ١٦٩

- خشتەی بەرهەمەكانی ئەحمەد سالار ١٧٠

# ١- نالی و خەونێکی ئەرخەوانی

## کەسەکانی شانۆگەری

١- مامۆستا

٢- قوتابیەکان

٣- دەنگی (١)

٤- دەنگی (٢)

٥- دەنگی (٣)

٦- گێڕەرەوە

٧- جارچی

٨- نالی

٩- پیرەمێرد

١٠- حەبیبە

١١- کۆرس

# نالی و خەونێکی ئەرخەوانی*

هۆکاری سەرەکی و مەبەست لە نووسینی ئەم شانۆیە بۆ ساڵی (١٩٨٧) دەگەڕێتەوە، ڕۆژانی گورەی ڕاگوێزی و وێران کردن و هەڵمەتی پاکسازی ڕژێمی بەعسی بوو، ڕۆژانی هەوڵی شێواندنی روخساری کوردستان و گەلی کورد بوو، ڕەنگدانەوەیەکی ئەو پەڕی ریالیزمیانە لە بیروبۆچوونی نووسەرا. هەستکردن بە داتاشین و هەڵپاچین و سڕینەوە کەواتە کارێکی ڕەوا و ئاساییە نووسەر پەنا بۆ هەموو ئەو شتانە بەرێت کە بۆن و بەرامەی نەتەوە و ڕەسەنایەتی لێ دێ، کەواتە گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە و پەیوەست بوون بە کەلەپوورەوە، ڕوو لە ڕامیاریکردنی شانۆیەک، بۆ مەبەستێکی ڕامیاریانەی ڕۆژگارەکە، مامەڵە کردن لە تەک

---

* لە ژمارە (٥٩)ی گۆڤاری (کاروان)ی ئەیلوولی (١٩٨٧) بڵاوکراوەتەوە.

لە کتێبی (شانۆی سالار) ساڵی (١٩٩٩)دا بڵاوکراوەتەوە

**نواندنەکانی: یەکەم جار:** لە ١٩٨٧/٣/٢٨ لە شانۆی ئەزموونگەری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی نمایش کرا.

**دووەم جار:** لە ١٩٨٧/٤/٨ لە شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغداد نمایش کرا.

**سێ یەم جار:** لە ١٩٨٧/٦/١٣ لە شانۆی بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد لە سلێمانی نمایش کرا.

هەرسێ جارەکە لە لایەن ئەحمەد سالارەوە دەرهێنرا بوو. هەروەها لە هەولێر و رانیەش لە ساڵی (١٩٨٨) نمایش کرا. **بڕوانە:** ئەحمەد سالار، شانۆی سالار، لا ١٤.

کەلەپوور، زمان... هتد.

هەر ڕۆژگارەکەش کە ڕۆژانی سانسۆر و هەرەشە و تۆقاندن بوو دەبوو وەرچەرخانێک ڕوو بدات و نووسەر بەدوای کەرەسە و زمانێکی نوێدا بگەڕێ کە سەرجەم کەرەسە و فەرهەنگەکەی پوخت و هونەری بێت، جیاواز لەوەی کە لە ئارادایە. ئەمە گوڕێکی بە پێز و هێزێکی نوێ بە بەرهەمەکە دەبەخشێ. دەیویست هاوتای ڕەوتە مێژووییەکەی سەردەمەکی ببێتەوە، لە ئاکامی ئەم ژان و خولیایەوە جۆرە سەرفرازیەک و جۆرە پەڕینەوە ئازادییەک لە بەدەن بە خوی و کلێشەبەندی و پەیرەوەکاری دروست کرد، بووە مایەی بینینەوە و ئەفراندن و داهێنانی شێوازێکی ئەستەتیکی نوێ، کە مایەی سەرنج ڕاکێشانەوە و بە وەرچەرخان لە قەڵەم درا، خودی نووسەر لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەیی دا دەڵێ: «نالی و خەونێکی ئەرخەوانی لە خوی دا لە دایک بوون و ژیانەوەیەکی نوێ ی ئەم ڕۆژگارەیە، پەڕینەوەیە بە پردێکی شانۆیی بۆ ئاستی خەونێکی ئەمڕۆم... کەواتە دەبێ بارودۆخێکی گونجاویان بۆ گەڕان و تۆشی لە پای بینینەوەیەکی دی بۆ گۆشە نیگاوچەمکێکی نوێ، کەواتە چ گومان لەوەدا نییە ئەزموونەکە بۆ لە دایک بوونی تێور و هۆو ڕوخسارێکی ئەو تۆیە، کە بە تەواوی زامنکەری گەیاندبێ.... دەمەوێ شانۆیەکی کوردەواریانە بێتە ئاراوە، بۆیە لە وشەی شیرینی کوردی، لە ئاواز و داب و نەریت و ڕەنگ و بۆی وڵاتەکەم بۆ شانۆکەم خوازبێنی کردووە....»(1).

ڕۆژنامەڤان (ئەحلام مەنسوور) لە بابەتەکەیدا، لەسەر شانۆیی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی)، دەڵێ: «ناتوانین بە ئاشکرایی بزانین مامۆستا سالار دەیەوێ چێ بڵێ. ئایە حەبیبە ڕەمزی نیشتمانە، یاخود تەنها خەو بینینە، لە نێو ناڵە و دەنگ دانەوەی مێژووی کۆن و نوێ... واتە دوێنی و ئەمڕۆ.. نەوە بەنەوە دەبێ ئەم گۆرانی یە هەمیشەیی یە داگیری بیروهۆشی مرۆڤی کورد داگیر بکات»(2).

گەر سەرنجی دوتۆیی دەقی شانۆکە بدەین، بە ئاشکرا هەست بە هۆکارەکان دەکەین، بەڵام لە زمانی وتاری ڕاستەوخۆو دوورە.

«مامۆستا: ئەمڕۆ وانەیەکی نوێ دەخوێنین، سنووری پۆلەکە بە جێ دێلین، یان با بڵێین وانەیەکی بێ سنوور دەخوێنین، نالی و خۆشەویستی، ژیان و مەرگ لە پێناوی ژیاندا، ئەو شاعیرەی هەنگاوی ئاوارەیی نا، ئێمەش.

قوتابییەکان: خەونێکی ئەرخەوانی، ئێمە و ئەو و ئێوە، دەژێنێتەوە «ئەم دیالۆگە بۆ چەند

١- ئەحلام مەنسوور: ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٨٨٧) ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦، لا (٤ و ٦).

٢- ئەحلام مەنسوور: هەمان سەرچاوە، لا (٤).

جارێک دەوترێتەوە».

مامۆستا: لەچاوی هونەر و ئەدەبەوە تەماشا دەکەین، کێشەکە لەلای ئێمە دووهێلیّ سەرەکی هەیە، شاعیر و خۆشەویستیەکەی، شاعیر و نیشتمانەکەی، هەردووکیان لە چوارچێوەی ژانێکی گەورەدا خول دەخۆنەوە و ئاکامەیەک دەگرنەوە.

**(دەنگی با و بۆران)**

دەنگی(١): چ تۆف و بابۆریانێکە، چ وەیشوومەیەکە و نابرێتەوە، ئای ئەمە ئەو بەڵا رەشەیە کە باپیران باسیان کردووە.

دەنگی(٢): داخۆ کەی رۆژ دەبێتەوە؟

دەنگی(٣): تەنانەت کەڵەشێری کەڵەشێرئاسا خویندنی لە بیرچۆتەوە!

دەنگی(١): شەوێکە لەشەوە تووشەکان.

دەنگی(٢): ئا ئەمە ئەو خاکە سارییەیە، کە پێی دەڵێن وادەی دەجاڵ هەستان.

دەنگی(٣): ئای بۆ حاڵی ئەو ئافرەتە ژانگرتووە بەستەزمانە، کەی ئەو منداڵە لە دایک دەبیّ؟ کەی ئەو دایکە کلۆڵە سەرفراز دەبیّ؟

دەنگی(١): کەی رزگاری دەبیّ؟؟ ژان مەرگێکی سەختی دڵڕەقی هەمیشەییە، ژان زۆری خایاند، ژان خەریکە رۆژگار هەڵدەلوشیّ و گینگلی پێوە دەدات..

گێڕەرەوە: ئەو دەمەی دەجاڵ هەڵدەستیّ، ئەو کاتەی خێری خەڵکی دەبەخشرێتەوە، بەربارەدنی دوای دەجاڵ دەکەون، بیّ ئارامی یەخەی جەوانان دادەدریّ، جەجاڵ گشت هیوا و خەندەیەک دەماشێتەوە و بە کوڵی دا دەدات. چ خانو ولانەیەک هەیە کاولی دەکات، جەجاڵ کوللە بارانێکی پڕ لە نەهامەتی و قات و قڕییە...»[(١)].

لە دایلۆگێکی تردا و لەسەر زاری (کۆرس) دەڵیّ و (کورد)یش هێمای هەموان:

«شار خامۆش... شار رەش پۆش و بەرگی خەمناکیی پۆشیووە، مەرگ یاسا و یاساوڵەو ئاسمانی ژینی تەنیوە ڕەشەبایەکی بەڵایەو گشت دەرگایە واڵا دەکات...»[(٢)]

زیاتر بۆ سەلماندنی حەقیقەتی مەبەستی شانۆییەکە نووسەر چامە بەناوبانگەکەی نالی کە لە شامەوە بۆ سلەیمانی ناردووە بە ڕێگای (عەبدولرەحمان بەگی ساحیبقران) ناسراو بە (سالم) و کە بەم دێرە دەست پیّ دەکات:

---

١- ئەحمەد سالار، شانۆی سالار، لا (١٥، ١٦).

٢-هەمان سەرچاوە، لا (٢٠).

«قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور

ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور» [1]

(سالم) بە هەمان شێوە وەلامی (نالی) دەداتەوەو کلۆڵی و کوێرەوری کوردی بۆ روون دەکاتەوە، بەو پەڕی هەستی نیشتمان پەروەرەیەوە دەڵێ:

«جانم فیدای سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر

ئەی پەیکی شارەزا لە هەموو راهی پر خەتەر» [2].

لەبەر پەیوەندی رۆژانی نووسینی شانۆکەوە بە ڕۆژانی خاکەساری چامەکەی (نالی) و (سالم)ەوە، پێویست دەکا، بۆ زیاتر رۆشنایی بەخشین بە بابەتەکەی ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە بهێنینەوە!.

«پاش ئەوەی لە ئەنجامی تێکچوونی حوکمڕانی بابانەکان کوردستان بەجێ ئەهێڵێ و سەری خۆی هەڵئەگری و روو ئەکاتە شام و ماوەیەک لە نامۆییدا ئەمێنیتەوە، هەوای نیشتمان ئەداتەوە لە کەللەی، ژانێکی قووڵ لە دەرونیا گینگڵ ئەخوا، ئەنجامەکەی ئەم شاکارە هونەرییە، ئەم تابلۆ پڕ واتایە ئەبێ کەوا لە وێوە بۆ هاودەردێکی خۆی، بۆ (عبدالرحمن بەگی سالم)ی ناردووە، ئەویش لە سولەیمانییەوە بە شاکارێکی تری لەم چەشنە وەڵامی ئەداتەوە، کە پیاو هەردووکیان بەراورد ئەکا، وا ئەزانی دوو کەون خراونەتە قەفەز، قەفەزی دەربەدەری و یەکێکی دەست بە سەریی، لە بەرامبەری یەکدا ئەخوێنن و بۆ یەکدیی ئەنێرنەوە...» [3].

لە بینراوێکی دی شانۆییەکەدا (حەبیبە)ی دولبەری (نالی) هاوار و فریادی بۆ دڵبراوەکەی بەرز دەکاتەوە:

«نالی.. نالی.. ئەمانە دەیانەوێ ئابڕووم بەرن، نیازیانە بە زۆر بۆ بیانیەک بمخوازن..» [4].

هەموو مەبەستێکی نووسەر کوردستان بووە و (حەبیبە) جوانترین هێمای نیشتمانە و ویرانە حاڵیەکەی بە دەستی داگیرکەرانەوە ئەنوێنێ ئەوەتا جارێکی دی جەختی لەسەر کراوەتەوە:

---

١- دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، بەغدا، ١٩٧٠، ل ١٧٤.

٢- علاءالدین سجادی، دووچامەکەی ناڵی و سالم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧٣، ل ٧٥.

٣- دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، بەغدا، ١٩٧٠، ل ١٧٥.

٤- ئەحمەد سالار، شانۆی سالار، لا (٢١).

«کۆرس: وا دوژمنە چاو چنۆنەکان، چاوی چڵنگی تەماکارییان لە دەستگیرانەکەی بڕیووە.
یەکەم: مەمکیان بڕی.
دووەم: پرچیان بڕی.
سێ یەم: میلیان بە چاوانیا هێنا...»[1].

لە دوانی بنبڕاوەکانی شانۆییەکەدا پتر مەبەستەکە یەکلا دەبێتەوە وە ئاشکرا دەبێ، ئەوەتا:

«گیڕەرەوە: شار خرۆشاوە، وا دوانزە سوارە ئازاکەی کە عەجەمەکانیان تۆقان، ئەوەتا بە تەپڵی سوارییەوە پێشوازی لە نالی ئەکەن، نمایشی سوارچاکی ئەکەن،...»[2]*.

سەرجەم ئەو راو بەڵگە زیندوانە ئەوە دەسەلمێنن کە لە ژانێکی هەستی نەتەوەییەوە، وەک رەنگدانەوەیەکی واقعی شانۆی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) لە دایک بووە.

---

١- ئەحمەد سالار، ل ٢٢.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٦.

* لە دیمانەیەکی تەلەفیزیۆنی دا، بەناوی (سەردان) کە رۆژی ٢٠٠٥/٦/١٥ لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان پێشکەش کرا، لە وەلامی پرسیارێکا سەبارەت بە هۆکار و مەبەست لە نووسینی شانۆیی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی)، بەم شێوەیە هاتە وەلام دانەوە: «ئەو رۆژە، رۆژێک بوو لە رۆژە هەرە ناخۆشەکان، ئەو دەمەی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی هاتینە دەرێ. کاروانێکی دوور و درێژمان لە لۆری سەربازی بینی کە پڕکرابوون لە گوند نشینە رووت و هەژارانی کورد، ژن و مناڵ و پیرو پەککەوتە، گەردی خاکەساری و کڵۆڵیان لێ نیشتبوو، لێو و بەیار و ماندوو، چوار دەوریان بە جەلادان تەنرابوو.. ئێمە کە چەند مامۆستایەک بووین بە دڵێکی پڕ لە حەسرەتەوە لێمان روانین و هەنگاو بە هەنگاو رقم ئەستوور تر دەبوو، زۆر بایەخی سەیرم بر بادا و بیرم لە جۆرە بەرەنگار بوونەوەیەک دەکردەوە، ئێوارە دهات و دەنگی تۆپ بارانی ئەو شەڕەی شوفێنیتی عەرەب، دەسەلاتی عیراقی بەسەر ئێرانیان سەپاندوو، ناچاریکردین بچینە ماڵی خوشکەکەم، کە لە کۆڵانەکەی ئەو دیومانەوەبوو، لە گەڕەکی تووی مەلیک، لەبەر ئەوەی ئەوان ژێر زەمینیان هەبوو، تا درەنگ وەختانی هەر پیشم ئەخواردەوە و گینگڵم ئەدا، شەو بە دیوی رۆژا شکایەوە و هەر بێدار بووم، ژانێکی سەیر گرتمی، هەستێکی پڕ لە تۆڵەی پیرۆزی نەتەوایەتی داییپۆشیم و دەستم دایە قەڵەم و (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی)م نووسی. هەر ئەو مسوەدەیە بوو بەبێ دەستکاری خستمە سەر شانۆ، بۆ بەیانی کاک (کەمال شێخ رەئووف هەنجیرە) کە پێکەوە مامۆستا بووین هاتن بە دواما و وتم، کاکە شێخ، ئەوەی دوێنێ بینمان ئەم شانۆییەی پێ نووسیم و بەدەم رێگاوە دەمخوێندەوە و تا دەهات لە نەبرەی دەنگمدا سۆزی بڕوا بە خۆ بوون باڵا دەبوو...»، ئەمە لە کاسێتی ڤیدیویی بەرنامەی (سەردان) تومارکراوە.

**بابەتی شانۆییەکە!**

قارەمانی، یان کارەکتەری سەرەکی و هەڵسوڕینەری ڕووداوەکان (نالی)یە، واتە «مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی»: «لە گوندی «خاک و خۆڵ» لە دەشتی شارەزوور هاتۆتە دنیاوە، بە پێی ڕێبازی خویندی ئەو سەردەمە لەسەرەتاوە قورئانی پیرۆز و وردە کتێبی فارسی خویندووە و چوە بۆ فەقێیەتی و لە پێناوی وەرگرتنی زانستە ئایینییەکاندا شار و دێهاتە و قوتابخانە دارەکانی بەشێکی کوردستان گەڕاوە و دوا پلەی ئەو خوێندنەی بڕیوە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە. ئەو شوێنانەی کە زۆر تیایانا مابو بێتەوە سنە و سابلاغ و زەردیاوای قەرەداغ و هەڵەبجە و سولەیمانین...»[(١)].

سەبارەت بە ساڵی لە دایک بوون و مەرگی چەند رایەک هەیە بەهەر حاڵ لەسەدەی نۆزدەهەما ژیاوە.

لەباری نالی و کۆچەکەیەوە، پیرەمێرد، بە بۆنەی چاپی دیوانی نالییەوە ساڵی (١٩٣١) نووسیویەتی:

«تەقریبەن نەوەد ساڵ لەمەوپێش، رۆژێکی رەنگ زەردی پایز، پیرێکی سەرو ریش سپی ئیفتادە، مێزەر بەسەر، بەمات مەلوولی لە پشت ئەسپێکی بە کورتانەوە ڕوو بە (وەیسی) لە سلێمانی دەرچوو...»[(٢)].

(نالی) عاشقی (حەبیبە) یەک بووە و چەندین جار ناوی هێناوە بە جوانترین شێوە باسی کردووە و بالاترین هونەری بالای شیعری بۆ خواستووە و بەکارهێناوە، لێرەدا تەنها نموونەیەک دەهێنینەوە:

«جەنانی وەک جینان کردم بە ماوا
(حەبیبە)ی (مالیاوا) مالی ئاوا!
حەلالی بێ نیکاحی حوری عینم
بە جوتێ ناظیری شەرع و فەتاوا
زەفافەتگاهی پەردەی ئالی چاوم،
مویارەک حەجلە بێ بۆ بوک و زاوا
صیداقی ڕۆنماوو، وەصلی شاهید
لەگەڵ شایی کەران بێ دەنگ و داوا

١- دیوانی نالی: ل ٢٣، ٢٤.

٢- رۆژنامەی ژیان: ژمارە (٢٩٣)ی (١٤)ی ئەیلوولی ١٩٣١.

ویصالی بێ کەم و کەیفی حوضوری
لە (نالی) گەر دەپرسی، یەعنی ئاوا»[1].

## بۆ کەسایەتی (نالی)؟*

«ژیاننامەی (نالی) چەندین وێستگەی وەرچەرخانی ئەوتۆی بەخۆوە دیوە، بوونەتە رووداو و گۆڕانکارییەک کە سیمای دراماتێکی پێوەیە، ئەمەش بە بوونی ململانێی سەخت و بەردەوامی بە گیانێکی پوخت پاڵەوانانەی تەراژیدی تەرزەوە، بەڵێ گەر بەو پێوەرانەی لەسەر توخمە سەرکییەکانی دراما بابەتی پێ پێوانە دەکرێ، ئەوا لەو ژیاننامەیەدا گیانی نیمچە درامایەک هاتۆتە دی، بۆیە بەستنەوەی بە هێڵێکی فرمانی دراماتیکیەوە بە ئاسانی بە دراما دەبێ، کەواتە ئەمەیان هۆکارێکی هەرە گرنگ بوو. هەرچۆن بوونی دوو جەمسەرە سەرکییەکەی (دراما)، لەلایەن رێگر و لایەنی ژیانخواز، بەشێوە تەقلیدیەکە، یان چەمکە کلاسیزمییەکە، دەکاتە رەوا بەرامبەر ناڕەوا»[2].

---

١- دیوانی نالی: لاپەرە (١٢٢، ١٢٣، ١٢٤).

* لە دیمانەیەکی تایبەتیا لەگەڵ نووسەر، لێم پرسی: وەک لە زاری خۆتەوە گوێمان لێ بووە، کەلە تەمەنێکی منالییەوە عاشقی شیعری کوردی بوویت و لە قۆناغی ئامادەی دا نووسینتان لەسەر (عەبدولرەحمان بەگی ساحێبقران - سالم) نووسیووە و گەلێ شاعیری کلاسیکی بوونەتە ئیلهامبەخشتان، هۆکاری سەرەکی چییە لەناو هەموانا (نالی)یتان هەڵبژاردو و کردتانە پاڵەوانی بابەتی شانۆییەکەت؟.

لە وەرامەدا وتی: «جگە لە مەزنی (نالی) کە لە بیرەوەری و گەنجینەی کەلتووریا جێگای تایبەتی هەیە و هەمیشە بە نموونەی باڵای داهێنانم ناسیوە، هەر بۆیە زۆر جار لە بڕی گوێ لە موسیقا گرتن دڵخۆشی و ئارامی دڵم بە خویندنەوەی شیعرەکانی داوەتەوە، هەر لە تەمەنێکی منالییەوە کە سەربورەییم دەخوێندەوە هەستم بە جۆرە هێما و خەیاڵێکی داستانی، ئەوتۆ دەکرد بە تایبەتی کە نووسینەکەی (پیرەمێرد)م دەخوێندەوە، لەژێر ناونیشانی (خدمەتێکی بێ هەمتا، بە موناسەبەتی طبعی دیوانی نالییەوە کە کاتی خۆی لە رۆژنامەی (ژیان) دا بلاوی کردبووە و پاشان لە چەندین شوێنی تردا ئاماژەی پێ کراوە، بە تایبەتی کە باس لە کۆچ و رۆژگاری کۆچەکەیەوە دەکات.

٢- دیمانەی تایبەتی لەگەڵ (ئەحمەد سالار) رۆژی ٢٠٠٥/٦/٢٤، لە هوتێلی (لومانا) لە شاری دهۆک.

## گرنگی هەڵبژاردنی ناونیشان:

ئەوەی لێرەدا دەبێتە مایەی سەرکەوتووی بەرهەمی شانۆیی، شارەزایی و کارامییە لە هەڵبژاردنی ناونیشانێکی ئەوتۆی سەرنج ڕاکێش، کە ئەمە زیاتر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تاقیکردنەوە و ئەزموونگەری نووسەری شانۆوە هەیە، بە تایبەت، ئەگەر ناونیشانەکە پڕ بە پێستی شانۆکە بێت و بە شێوەیەکی موحکەم ناونیشان و ناوەڕۆک بەرجەستە بکات و ئەو ئامانجە پیرۆزەی کە نووسەر ویستویەتی بیگەیەنێتە وەرگر و لەودا بەدی بهێنێت و لە هەمان کاتیشدا بیرۆکەی فەلسەفی نووسەر فەرامۆش نەکردبێت.

بەڵام ئایا (نالی) خەونە ئەرخەوانییەکەی (ئەحمەد سالار) هەمان ئەو (نالی)یەیە کە بە یەکێک لە سێ کۆچکەی شیعری میرنشینی (بابان) ناسراوە؟ واتە (مەلا خدری میکائیلی) هاوڕێی (کوردی) و (سالم) بووە و خاوەنی دیوانە، یان تەنها ئیلهام بەخشە و بۆ مەبەست و کار و ئەرکێکی شانۆیی بەکاری خستوە و بەرجەستەی کردووە؟.

نووسەر بابەتێکی لە ژێر سەردێڕی (منیش دەڵێم) نووسیوە، دیارە خۆی لە خۆی دا وەرامی ئەو سەبارەت بە بابەتی شانۆیی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) هونەرمەندێکی گەورەی شانۆی عیراقی، لە ئاکامی بینینی نواندنی شانۆییەکە، نووسیویەتی:

«شانۆی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) سەربوردەی ئەم شاعیرە و چیرۆکی عەشقەکەی بۆ (حەبیبە) دەگێڕێتەوە شەیدابوون و پەیوەست بوون، چاوەڕوانی و ئەشکەنجە و بەخت بوون لە پێناویا. هەروەها نواندنەکە باس لە خۆشەویستی شاعیر بۆ نیشتمان و شارەکەی (سلێمانی) بەسەر دەکاتەوە، کۆچ و ئاوارەیی و ڕووداو، ئەو وەرچەرخانەی ژیانی شاعیری دروست کردووە، ئەمانەش لە کەش و هەوایەکی پڕ لە هێما و داستانی بەدەردەکەوێ»[(١)].

ئەو قسانەی سەبارەت بە کەسایەتی شانۆییەکانی کراوە، گوایە مەبەستیان لەوەبووە، چۆن و بۆ دەستکاری کەسایەتییەکانی کردووە، لەوانە، هەر بۆ نموونە، لە نووسینێکی ڕەخنە ئامێزی (د. بەدرخان سندی) سەبارەت شانۆیی (جەزیری وانەی ئەڤین دەداتەوە) لە ژێر سەر دێڕی (اضواء مخلصة على مسرحية الجزيري)[(٢)]، ئەوەتا (ئەحمەد سالار) وەرامی ئەو ڕاو بۆچوونانە بەم شێوەیە دەداتەوە:

---

١- عزيز خيون: ڕۆژنامەی (الجمهوريه) یەکشەممە (٢٨)ی حوزەیرانی (١٩٨٧)، ژمارە (٦٤٩٩)ی بیستەم ساڵ.

٢- جريده العراق: العدد (٣٩٧٠) الأحد، ١٩٨٩/٢/٥م.

«هێندێ لەو بەرێزانەی لەسەر بەرهەمەکانم بە تایبەت لایەنی نووسینی، دەنووسن، گەلێک جەخت لە پەیوەست بوونی تەواوەتی بەرووداوە مێژووییەکان یان کەسایەتییەکان دەکەن، یان بۆ هەر کەسەیەک کە بۆ بابەتە شانۆییەکم خواستبێ، دەیانەوێ چۆن تۆمارکەرێکی دەست پاک، کتومت، وەک دیکومێنت، بەبێ هیچ دەست لێدانێک ئەو شتانە بۆ سەر شانۆ بگوێزمەوە... دەلێم، ئەگەر وام بکردایە ئەوە هیچم نەکردووە، چونکە ئەوە کاری من نییە، من دەخوازم و هەڵدەهێنجم، بەڵام درووست دەکەم، ئەواتە زادەی بیروبۆچوونی منن و گەیاندنی ئەرکە شانۆییەکەم مەبەستە، نەک مێژوو نووسینەوە و ئەرشیف کاری، نە شانۆکەشم کردۆتە مۆزەخانەی پیشاندانەوەو نمایشکردنی دەگمەنە دێرینەکان، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم (نالی) و (جەزیری)، (هەڵۆ) هی منن نەک ئەوانەی تربوون، ڕووداوەکانیش وەک من بۆ، ئەمڕۆ و ئایندە دەمەوێن، نەک کۆتەڵسازی بۆ رابردوو، رابوروردوو ڕەگمە و لە چڵی تازە سەر هەڵداوی نەوبەهاری ئەمڕووە چاوی بوون بۆ ژیان هەڵدێنم..» [1].

ئەمەش بۆ ئەو بۆچوونە دەچێ کە (ئەحمەد سالار) لە تەک بۆچوونە درامی و مەبەستە درامییەکەی شانۆ بەیت ئامێزییەکەی (برتۆلد بریخت)ی ئەڵمانی یەکدەگرنەوە، بڕوا بوونی بەو شانۆ (ریالیزمییە) لەسەرجەم هەوڵ و کۆششەکانیا ڕەنگی دەداتەوە و زورجاریش بە زاری خۆی جەختی لەسەر ئەو لایەنە کردۆتەوە.*

ئەوەتا ڕەخنەگر (کەمال غەمبار)یش لەم بارەیەوە دەڵێ: «ئەو شەخسییەتەی کە هونەرمەند (ئەحمەد سالار) لە ڕێگەی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) بۆ (نالی) ڕەخساندوە، شەخسیەتێکی رووکەش تەنکاونییە لە سەرەتای شانۆنامەکەوە تا کۆتاییەکەی، لەگەڵ بارودۆخ و رووداوەکاندا ئاوێتە دەبێ و پەیتا پەیتا لە ڕێگەی نەش و تۆمارکردنی درامی ڕەگەزەکانی ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا دەجووڵێ و هەڵدەکشێ و بە درێژایی شانۆنامەکە ڕەنگوروخساری دەگۆڕێ و تەکامولّ دەکا. شەخسیەتێکی ئاوێتەییە کە تەمسیلی مەوداکانی رابوردوو دەکات وەک مێژوو و واقیش و بەرگی مەوداکانی واقیع و تێڕوانینی سەردەم

---

١- ئەحمەد سالار: شانۆی سالار، لا (٢٥٥).

* ئەحمەد سالار: کۆڕی ڕێزلێنان، موسل، ڕۆژی ٢٠٠٣/٩/٢٤ یەکێتی شانۆڤانانی موسل سازیان دابوو، لەو کۆڕەدا لەلایەن ڕۆشنبیرانی «موسل»ەوە نازناوی (هونەرمەندی گەلی عیراق) یان پێ بەخشی.

دەپۆشێ وەک نواندن و کەسایەتیکرن...»[1].

کەواتە (ئەحمەد سالار) ئەو (نالی)یەی خولْقاندووە شایستەی ئەو پردە زێرینیە بێ دوێنی بە ئەمڕۆوە ببەستێ بۆ مەبەستێکی ئەمڕۆ و سبەینێ.

## ناوەڕۆکی شانۆیەکە:

لە سەرەتاوە نووسەر بە کۆمەڵە ڕێنماییەک دەستنیشانی شێوازی نواندنەکەی کردووە، بەو ڕێنماییانە نەک تەنها جۆری شانۆییەکە، بەڵکو خولْقێنەری کەش و هەوا گشتی شانۆییەکەی بەرجەستە کردووە، نووسیوبەتی: «شانۆ شانۆیەکی لاکێشەیی یە، لە چەقی هۆڵەکەدا نە بە پێی ژمارەی ئەکتەرەکان دەق بەهەر چوار لای شانۆکەدا دانراوە، سینیەک چەند مۆمێکی لەسەر دەسووتێ... بۆنی داری عود و بخوور شانۆکەی پرکردۆتەوە، ئەکتەرێک گوڵاو پژێنی بە دەستەوەیەو بەسەر بینەراندا دەیپژێنێ، بینەران بەرە بەرە دێنە ژوورەوە، سەنتوور دەژەنرێ...»[2]، گۆرانییەک کراوە بەسەرەتا، ئەو گۆرانیەش یەکێکە لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی (دەروێش عەبدوڵڵا)[3]. دیارە مەبەست لەو سەرەتاو ئاواز و گۆرانییە خستنە رووی هێڵی دراماکەو جۆری رووداوەکانییەتی، فەرهادی رەنج بەخسار و دەربەدەری و دواپلەی ئەڤین، هەموو ئەمانە هاوتەریبن لە تەک بەسەرهاتەکانی (نالی)دا، دەڵێ:

«فەرهاد وای لێ نەقەوماوە
وەک من رەنجی نەکێشاوە
رەنجەڕۆ خۆم یارتۆراوە... با بمرم جانانە»[4].

دوابەدوای گۆرانییەکە زەنگی قوتابخانە لێ دەدا و یەکێکیان دەبێتە مامۆستا و ئەوانی دی قوتابی:

«مامۆستا: ئەمڕۆ وانەیەکی نوێ دەخوێنین، سنووری پۆلەکە بە جێ دێڵین، یان با بڵێین

---

١- کەمال غەمبار، گۆڤاری (سینەما و شانۆ) ژمارە (٣)ساڵی یەکەم ئەیلوولی (١٩٩٨)، ل ٤-١١.

٢- ئەحمەد سالار: شانۆی سالار، ل ١٥.

٣- دەروێش عەبدوڵڵا، دەروێشێکی دەف ژەن بووەو گۆرانییەکانی سۆز و ئایین ئامێزی هەبووە، لە ساڵانی پەنجادا لەلایەن خوالێخۆشبوو (شێخ محەمەدی مەحوی)یەوە ئەو ئەسەراتەی ماونەتەوە، هەروەها گۆرانی شاعیریش یادی ئەم بەهرەمەندە پڕ سۆزەی کردۆتەوە. **بڕوانە**، دیوانی گۆران (دەروێش عەبدوڵلا)، ل ١١٩.

٤- ئەحمەد سالار، شانۆی سالار، ل ١٥.

وانەیەکی بێ سنوور دەخوێنین، نالی و خۆشەویستی، ژیان و مەرگ لە پێناوی ژیاندا. ئەو شاعیرەی هەنگاوی ئاوارەیی نا ئێمەش.

قوتابییەکان: خەونێکی ئەرخەوانی، ئێمە و ئەو و ئێوە دەژێنێتەوە.»[1].

پاشان لە ڕێگای دەنگەکانەوە ڕۆژانی خاکەساری وێرانە خاکی دەخاتە بەرچاو و ڕەشەڕۆژان بە بیرا دێنێتەوە.

پوختەکەی لەسەر زاری کەسایەتی گێڕەرەوە بەم شێوەیە دەدوێ: «ئەو دەمەی دەجال هەڵدەستێ، ئەو کاتە خێری خەڵکی دەبەخشرێتەوە، بەرباد دەنێن، دوای دەجال دەکەون، بێ ئارامی یەخەی جەوانان دادەدرێ، دەجال گشت هیوا و خەندەیەک دەماشێتەوە و بە کۆتاڵی دا دەدات، چ خانوولانە و هێلانە هەیە کاولی دەکات، جەجاڵ کوللە بارانێکی پڕ لە نەهامەتی و قات و قڕییە»[2]. بۆ ڕێگا خۆشکردن، بۆ پاڵەوانی شانۆنامەکە، ئەو شتانە دەهێتەوە کە لە چوار دەوری دەخولێتەوە، (پیرەمێرد) و (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)... تا پتر خەرمانە لەسەر سەری، ڕۆشنایی پەخش بن و بەرە بەرە گیانێکی داستانی ئامێزی پێ دەبەخشێ، دیارە نووسەر هەنگاوی سازدانی ئەو ڕۆڵ و فرمان و ڕووداوانە دەنێ کە بە پاڵەوانەکەی دەسپێرێ.

«نالی لە گەڕانەوەیدا دەبێتە هێما و ڕەمز و سونبولی بەخشین و خێر و فەڕ. لە گەڕانەوەیدا ژنی نەزۆک کوڕی ئازای چاونەترسی وەک (کاوەی ئاسنگەر)ی دەبێ هەر دڵدارێک بە دوای دلبەرەکەی خۆی شاد دەبێتەوە دوای لێکترازانێکی زۆر، لەو خەونە ئەرخەوانییەدا (نالی) لە گۆڕ ڕاستی دەبێتەوە و بە (حەبیبە)ی خۆشەویستی دەگا.»[3].

ڕووداوەکان دەگەنە ترۆپکە دراماییەکە، ژان گەورە دەبێ و چاوەڕوانی (حەبیبە) و مەینەتی حەبیبەیە، کە دەیانەوێ بە تاڵانی ببەن، گەرانەوەی (نالی) لە هەیبەتی پاڵەوانێکی داستانی دا : «نالی ڕاپەڕی دەستەو خەنجەر بوو، شەدەی لە ناوچەوانی جەڕاند، ئاو زەنگی لێداو ئەسپی تاودا، بروسکەی هاتێ، وا گرژمۆن بوو، دێو و درنج زەندەقیان لێی دەچوو، دەت ووت چەندەها ئەرارات و هەلگوردە و غەزەبی گرتووە، ئێستا، تا تاوێکی تر

---

١- ئەحمەد سالار: شانۆی سالار، ل ١٥.

٢- هەمان سەرچاوە: ل ١٦.

٣- کەمال غەمبار: گۆڤاری (سینەما و شانۆ)، ژمارە (٣) ساڵی یەکەم، ئەیلوولی ١٩٩٨، ل ٤-١١.

دونیــا ژێرەو زەبەر دەکــات...»[1]. شــار دەخـروشێ و سـەرلەنوێ قــارەمــانانی مـێـژووی کوردایەتی پێشوازی لێ دەکەن، کە لە تاقی نیوەڕۆدا بە (حەبیبە) شاد دەبێ گشت خۆزگە و ئاواتەکان دێنە دی، لە کۆتاییدا وادەی مزگێنی دی بە ئافرەتە ژان گرتووەکە بدەن و (حەبیبە) بێ خەمخۆر نابێ.

**ئاکام:**

ئەم شـانۆیە نووسەر بۆ ڕۆژانـێکی نووسیـوەو نواندویەتی، دژایەتـی و (قڕکردنی کـورد) لە ترۆپکا بووەو وەک ئەرکـە گـەورەکـەی شـانۆ جـەمـاوەری کـوردسـتـان بە هیـوا بە خـۆبوون و حەتمیەتی سبەینێ جوان لاواندوە و دڵنیـایی کردوونەتەوە. ئەمەش بە زمانێکی پوخت شانۆیی و بەو جۆرەش بەسەر دەسەڵاتی زەبەڵاحی سانسۆرا رەتبێت و لە هەمـان کاتدا جۆرە ناڕەزایی دەربڕینێکە، کــورد واتەنی: «جــام پڕ بێ لێی دەڕژێ»، دەبێ ئەوەش بڵـێـن ئەوەی (نـالی و خـەونێکی ئەرخـەوانی) پێش بینی بۆ کـرد، هاتە دی و کـورد هەنگاوی بۆ ژیانی نوێ نا و خەونە ئەرخەوانییەکە، هاتە دی.

دەبێ بڵـێین: شانۆی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) شانۆییەکی تەواو کوردییە بە گشت بنەما و خاسیەتەکانی شانۆی خۆمالی و گەورەترین وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە بزاڤی شانۆی کوردیدا دروست کرد و شانۆ مەودایەکی نوێ ی وەرگرت و توانای شانۆی دەرخست بۆ گۆڕینی نەهاتی و رەشبینی بە هات و گەشبینی.

---

١- ئەحمەد سالار: شانۆی سالار، لا (٣٥).

# شانۆی

# ئەوانەی توونی بابا چوون

## ٢- ئەوانەی توونی بابا چوون

### کەسەکانی شانۆگەری

| | |
|---|---|
| ١- سالار | (نوسەرە) |
| ٢- پیروز | (خێزانی نوسەرە) |
| ٣- هۆنەر | (منالْی نووسەرە) |
| ٤- شەنگە | (منالْی نووسەرە) |
| ٥- پاشا | (پاشای هەقایەتەکەیە) |
| ٦- شاژن | (شاژنی هەقایەتەکەیە) |
| ٧- ئەستێرەوان | (ئەستێرەوانی دیوانی شایە) |
| ٨- نازەنین | (شازادەیە) |
| ٩- لاوە | (عاشقی نازەنینە)• |
| ١٠- کەسێک | (نێردراوی شاری هەوایەتە) |

• لە نمایشکردندا لە جیاتی نازەنین و لاوە (فەرهاد و شیرین) بەکار هێنراوە.

## ٢- شانۆیی ئەوانەی توونی بابا چوون*

### بابەت و چاوگ:

بە شێوەیەکی گشتی ئەو سەرچاوەیەی کە ئەم شانۆگەریەی لێ هاتوەتە بەرهەم بو دوو سێ بابەتی سەرەکی دەگەڕێتەوە.

**یەکەم:** سەربورەدە فۆلکلۆرییەکانی توونی بابا:

«لە رۆژانی منالیما، شەوانی جارانی پایزان و زستانان، حەقایەت و بەیت و بالۆرە و سەربووردەی سەیر و سەرسوڕهێنەرانەیان ئەگێڕایەوە و ئێمەش بە پەرۆشە و گوێمان لێ ئەگرت. چەندین جار بەسەرهاتەکانی توونی بابام بەرگوێ ئەکەوت. بۆ نموونە: گوایە جارێکیان گولکێ بزر دەبێ و نایبینێتەوە، پاشی چەند سالێک ئەبێتە گاگەلێ و لە توونی باباوە روو لە ئاواییەکە ئەکاتەوە، یان وا دەی کنگر کردنی بەهاران ئەبێ و کچۆلەیەکی کەنگرکەر بزر دەبێ و سالان رائەبوورێ و بە پیرێژنی ئەگەڕێتەوە.

یان زۆر جار یەکێ دوعای لە یەکێ بکردایە ئەیوت: ئاوی ئاموون چێو توونی بابا...»[1].

**دووەم:** بەو پێی یەی (توونی بابا) هێمایە بۆ بێ سەر و شوێنی و نەگەرانەوە، ئەمەش لە رۆژێکا بووە، کە گەلی کورد کەوتبوە بەر شالاوی (قڕکردن) گەلێک بران و نەگەرانەوە و گەلێکیش بە عەزرەتی ئەو چاوەڕوانییەوە سەریان نایەوە کەواتە هێنانەوەی سەرگۆزشتەی توونی بابا چوون بۆ ئەو مەبەستەیە، کەلە چوارچێوەی گرفت و کێشە

* لە پایزی سالی (٢٠٠٢) لە شارۆچکەی (عەنکاوە)ی شاری هەولێر نووسیویە و بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری (شاکار)ی ژمارە (١٧)ی زستانی سالی (٢٠٠٣) بلاوکراوەتەوە، کە گۆڤارێکی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانە و لە شاری (سلێمانی) دەرئەچێ. لە کتێبی (رۆژانی گولڕەنگ و شانۆی سالار)ی (ئەحمەد سالار)، لەلایەن دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی (ئاراس)ە لە هەولێر سالی (٢٠٠٤) بلاوبۆتەوە. لەکاتی کارکردنیا لەلایەن نووسەرەوە کەسایەتی خراوەتە سەر و دەست کاری کراوە. یەکەم جار، رۆژانی ١٢و ٢٠٠٤/٤/١٣ لە شانۆی (هۆلی گەل)ی شاری هەولێر نوێنراوە و هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) دەرهێنەری بووە. دووەم جار، رۆژی ٢٠٠٤/٤/٢٢ لە شانۆی (رۆشنبیری)ی شاری سلێمانی نوێنراوە و هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) دەرهێنەری بووە. ئەمە وەک کارێکی شانۆیی بۆ (کوردستان T. V) تۆمارکراوە و پیشاندراوە. شایانی باسە نووسەر رۆلی (سالار) کەسایەتی سەرەکی شانۆییەکەی نواندووە.

١- دیمانەی تایبەتی (ئەحمەد سالار)، دهۆک ٢٠٠٥/٨/٧ هۆلی محەمەد عارفی جزیری.

سەرەکییەکەدا خۆی دەنوێنێ، هەرچۆن ئەزموونەکانی (ئەحمەد سالار) کێشەی کورد کێشەی سەرەکی بووە، بوونی کەسایەتی (شیرین) لە شانۆییەکەدا بە روونی ئەو مەبەستە ئاشکرا دەکات:

«شیرین: کچم لەو دار بەڕووەی قەد ئەو کەژ وکێوانە بڕوانە، پیر بێ و کلۆر و شکستیشی بێ، تەنانەت هەورە بروسکەش لێیدا و بە خەلۆزی کات، چونکە رەگی بەوچیا سەختانەدا رۆیشتووە، مەحاڵە ژیانی لێ ببڕێ و خامۆش بێ، هەر کە بەهاران هات ئاوا.... شیرین دار بە ڕووەکەت لە بیر بێ و شیرینیش بێ فەرهاد نییە»[1]. لە دایالۆکێکی تردا و هەر لەسەر زاری شیرین دەڵێ: «شیرین: شیرین لەم غایلاتە گەڕێ و بەچاو سەر ئەو دیوارە زەبەلاحانەی چوار دەورت کەوە هەڵگەرێ و سەرکەوە، لە دونیا بڕوانە، ئەبێ فەرهاد خەریکی تاقی کردنەوەی بەختی خۆی بێ، ئای فەرهاد! سەرەتای دڵ و دڵخوازەیان بوو، لە چاوەکانیم ڕوانی، ئاوا وەکو ئێستا چاک لە بەرچاومە: فەرهاد، راستم پێ بڵێ، لە چاوەکانتا خەمێکی زۆر ئەبینم، ڕاستە لەگەڵ تاکەیت شتێک هەیە و لێی ئەشاریتەوە، پرسیارێکێ لێ ئەکەم راست وەرامم بەرەوە، سەرچاوەی ئاوی شێرینی شار ئەبوژێتەوە، یان، نا؟.

ئەویش قوڵنگەکەی، ئاوا نایە سەر شانی و ئەوجا خەندەیەکی بۆ کرد، خەندەیەک، چۆن خەندەیەک! بەختەبارانی بەسەر سیا سالێ حەزەکاندا دەباران»[2]، بەر لە کۆتایی و لە دایلۆگێکا کەسایەتی (سالار) لە وەرامی (پیرۆز)ی هاوسەریا کە لێی ئەپرسێ: ئیدی بیر لە چی ئەکاتەوە، خولیای بینینەوەی توونی بابا خستیە سەر کەڵکەڵەی گەلێک شت، هەر لە ماڵەکەمانەوە، بەلێ ئەم خانوەی، ئێستا تیا ئەژین، لێرەوە دەست پێ ئەکەمەوە... سەرلەنوێ، سەر لەنوێ ئەکەومەوە سەر کەڵکەڵەی چۆن و کەی تیشکی خۆر لە هەر چوار لاوە ماڵەکەمان رۆشن ئەکاتەوە و...»[3].

لە دوانی دایالۆگی شانۆییەکەدا و لەسەر زاری (سالار) هێمای شورش و بەردەوامی دەنەخشێنێ و ئاماژە بۆ رەوتی نوێی شورش دەکات، بە عاشقی نوێی و گوڵی سوور بۆ سەر پەرچەمی دولبەر، عاشقی لە (لاوە) جەربەزەتر.

«سالار: تەواو... تەواوبوون... ئەوە نازەنین، ئەو بەیانییە بە بەرگی سەرتاپاشینەوە و گوڵێکی سوور سووری بە دەستەوە گرت و ڕووی لە بانیژە بەرکراوەکەی کۆشکی شاهانە کرد

---

١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گوڤاری شاکار، ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٢٣.

٢- ئەمە لە نمایشکردنەکەدا هەبووە، ٢٠٠٤/٤/١٣، هەولێر.

٣- هەمان سەرچاوەی نمایش.

و ورد ئەیڕوانی، چاوەڕوانی چاونەترسێکی لە (لاوە) جەربەزەتری ئەکرد لێی وەرگرێ و بۆی لەسەر پەرچەم دا»[1].

**سێ یەم:** بابەتی (توونی بابا و کۆشکی پەیکەرەکان) بابەتێکی بەراوردکارییە و لەلایەن مامۆستای چیرۆک نووسی (سەلام مەنمی)یەوە، نووسراوە و لە گۆڤاری (رامان) دا بڵاوکراوەتەوە.

لە سەرەتای دەقە شانۆییەکەدا بەم شێوەیە لەلایەن، کەسایەتی (سالار)ە و کە هەر خودی (ئەحمەد سالار)ی نووسەرە، باسکراوە: سالار: «گۆڤاری -رامان-ی بە دەستەوەیە و ئەی خوێنیتەوە»:

سالار: عێل پاشای کوڕی جەمشید پاشا ئەمری بەدەورو بەرەکەی کرد و ووتی:

(ئەبێتە عیل پاشا) هەر لاوێک بتوانێ بچێتە (توونی بابا) و دەروازەکانی بشکێنێ ئەوا (سەوڵ) خانمی کیژمان ئەبێتە بووکی و...

پیرۆز: ئەوە ئەو هەرایەت لە چییە؟ ئەوە چی ئەخوێنیتەوە؟ سالار بەسەری باوکم وام زانی تەلەفیزیۆنەکەیە.

سالار: پیرۆز ئەمە بابەتێکە کاک سەلام مەنمی لەسەر (توونی بابا) نووسیویەتی.

بابەتەکە کارێکی بەراورد کارییە، لە نێوان (توونی بابا) و «کۆشکی پەیکەرەکانی - خۆرخە لویس بۆرخیس» کە چیرۆکێکی هونەرییە و (توونی بابا) کەی، لەمەر خۆشمان ئەفسانەیە.

پیرۆز: باشە خۆ تۆ ساڵەهایە، کە خولیای شانۆی کەلەپووریت هەیە؟ چۆن بیرت لەو ئەفسانەیە نەکردۆتەوە؟!

(توونی بابا) جاران ڕقیان لە کەسێ بوایەتەوە، ئەیان وت: «ئاوی ئاموون چێ، توونی باباچێ» مەبەستیان لەوەبوو، نەیەتەوە.

سالار: (توونی بابا) هەزار و نۆسەد و دوو دەرە ئەم دیوە کەس تێدا ب خەوێ بە دوو سەرە!

پیرۆز: ها، ئێستا، ئەلێی چی؟ ها؟.

---

١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گوڤاری شاکار، ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٣٤.

سالار: بیرێکی لێ ئەکەمەوە»[1].

سەربوردەی (توونی بابا) لە نووسینەکەی مامۆستا (سەلام مەنمی)دا لە لایەن (ئەحمەد سالار)ەوە کراوەتە کەرەسە و ئەرکێکی گران و گرنگی شانۆیی پێ بەخشیوە، ئەمە دەقەکەیەتی: «عێل پاشای کوڕی جەمشید پاشا، ئەمری بە دەوربەرەکەی کرد و وتی:

- هەر لاوێک بتوانێ بچێتە - توونی بابا - دەروازەکانی بشکێنێ ئەوا (سەوڵ)ی کچمی دەدەمێ.. چەند کەسێک چوون بە بیری ئەو بانگەوازانە، بەڵام سەریان نەهێنایەوە دواوە و دڕندە خواردنی...

ڕۆژێ - هیمەت -ە شوان، چوو بۆ لای پاشا و وتی:

- پاشام، من ئامادەم ئەگەر سەریشم داناوە..

- منیش بە شوێنی یەکێکێ وەک تۆدا وێڵم و دەمەوێ نهێنیەکانی - توونی بابا - بزانم، دۆست و دوژمنی وڵاتم بناسم، ئەو لاوەی گرێ کوێرەکانی بکاتەوە، هاوسەری - سەوڵ - ی کچە تاقانەکەمە.. هەتا ئێستا باوو باپیرانمان نهێنیەکانی - توونی بابا - یان نەزانیوە.. یەکسەر چوو بۆ لای هاورێکەی و پێی وت:[2]

- پاشا دەڵێت: ئەوەی دەروازەکانی - توونی بابا - بشکنێ - سەوڵ - ی کچمی دەدەمێ..

- ئەوە گێل بوویت..؟! پاشا باش ئەزانێ هەر کەسێ چووە ئەوێ گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەی دڕندەکانی - توونی بابات - نەبیستووە...؟!

- بەڵێ بیستوومە، بەڵام ئەوانەی چوون بە تەنیا خۆیان بوون و کەس یارمەتی نەداون، ئەگەر لە گەڵم بێی سەرکەوتن بە دەست دەهێنم، پاشاش دەیەوێت مرۆڤی عاقڵ لە بێعەقڵ جیابکاتەوەو مرۆڤی زیرەک و هۆشیاری خۆش دەوێ و نهێنیەکانی - توونی بابا- ی لامەبەستە...

- ئەترسم دڕندە هەردووکمان بخوات...

- سەرکەوتنی من سەرکەوتنی تۆشە..

شیر و تیریان لە خۆیان بەست و شەوێک چوونە - توونی بابا-وە و دەروازەی یەکەمیان پشکنی، چەند پەیکەرێکیان بەرچاو کەوت، پەیکەری یەکەم پشتوێنێکی گەورەی دەق دەقی بەستبوو، مشکی و پووشین - ی تێکەڵ کردبوو، خەنجەرێکی مشت سپی بە قەد

---

١- شانۆی (ئەوانەی توونی باباچوون) دوا دەسخەتی نووسەر.

٢- سەلام مەنمی، تونی بابا و کۆشکی پەیکەرەکان، گۆڤاری (رامان) ژ (٧١)، ساڵی ٢٠٠٢، ل ١٠٠.

دیارکـردبوو. جـووتێ - سـۆڵ -ی ڕەنگاورەنگی لەپێ کـردبوو، لە پەیکەرێکی تردا ئەسپ سوارێک دەبینرا، ئاوزەنگی لێ دەدا ئەسپەکەیشی کلکی کلآفەکردووە. لە ئاوزەنگی لێداندا ڕیشـو مشکیـەکەی بادەیشـەکانەوە.. لە دەروازەی دووەمیـشدا پەیکەرێکیان بینی قـالێچەکە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگەکەی (سلێمان)ی بەسەر شانیدا شۆڕبووبووە، لەسەر قـالێچەکە وێنەی چەندین بالندە نەخشێن تۆمارکرابوو، حەزرەتی (سلێمان) نزای بارانی بۆ دەکردن.

لەوانەی پەیکەری دەروازەی سێیـەمدا چەند زەلامێک دەبینران شەن و سێلک و بێژنگ و کەوو چەند جەواڵ و هۆڕیان بەدەستەوەبوو، بۆ لای خەرمانێکی کوتراو دەچوون...

لە دانگەی پەیکەرەکەوە، زەلامێک خوێدانەکەی بە دەستـەوەیە و مەڕ و بزن لەسەر گاشە بەردەکان خوێ دەدات..

لەسـەر خـوێدانـەکـەش وێنەی مـانگ و ئەسـتـێـرە کـێشـرابـوو... لە لای ڕاسـتی دەروازەی چوارەمدا پەیکەرێکی سەرسوڕهێنەر دەبینرا، وێنە نووسینەکانی گوزارشـتیـان لە کوشتن و ئەتک و وێرانکاری دەکرد.. دەمی شمـشێـر بەسـەر گەردەنی مرۆڤـە سـووربوو، بەڵام لەلای چەپی پەیکەرەکە پێچەوانەی وێنەی نووسینەکانی لای ڕاست بوو...

خـەنجـەر شـمـشـێری لەت کـردبوو وێنەکـانی لای ڕاست تێکشکێنرابـوون وێنە کوژراوەکـان زیندوو بوو بوونەوە، وێنەکـانی لای ڕاسـتـیـان کـەوڵی دەکـرد، ڕۆژ لەسـەر پەیکەرەکـە هەڵهاتبوو..» [(١)].

١- سەلام مەنمی. گۆڤاری -رامان- ژمارە (٧١)ی ٥/٥/٢٠٠٢، ل، ١٠٠-١٠١.

**خستنەڕووی ناوەرڕۆکی شانۆیەکە**

سەرەتا کەشێکی فۆلکلۆری گونجاو بە گێرانەوەی بیرەوەرییەکی دێرینەو نمایشێکی (ئەنتۆگرافی)* ئەو ژیانی گوندنشینانەی بابەتەکەی لێوە دەست پێ دەکات. کەسایەتی - شیرین دێتە ناوەوە و پەیوەست بوونی بە - (فەرهاد)ێکەوە و -فەرهاد-یش بە خولیای گەڕانەوەی ئاوی شیرین بۆ خەڵکی و وڵاتەکەی. پاشان بە شێوەیەکی تەواو - ڕیالیزمی - یان ڕەواترە بگوترێ سروشتیانە، ئەچینە ماڵی - سالار -ەوە، نووسەر و هونەرمەندێکی شانۆکارە، لە تەک ئەندامەکانی خێزانەکەیا مشتومڕ و گفتوگۆ لەسەر بابەتی - توونی بابا - دەکەن و بڕیاری کردنی بە کارێکی شانۆیی دەدات، هەنگاو بە هەنگاو، یان بینراوە بە دوای بینراوا باسی لێوە دەکرێ و دەگاتە بینینەوەی گرێی شانۆییەکە:

«سالار: دۆزیمەوە، ئالێرەوە دەست پێ ئەکەم: کێ بتوانێ پەی بە نهێنی پڕ لە گرێ کوێرەکان و کلافە ئالۆزەکانی بەرێ؟.

جەربەزە! کام بەرجەزە؟ ئەی گوایە ئەوانی تر چی بوون؟!

دیارە تەلیسمێک لە ئارادایەوە، ئەو تەلیسمە بۆتە دەرد و بەڵای خەڵکەکە.. جوانە.

پیرۆز: بیرت چوویەوە؟ تۆ خۆت باست لە حەوت دیوار بەندەکەوە ئەکرد؟

سالار: تۆ بڵێ حەوت تاقەکە، حەوت تاقەکە، باشە کە زانرا ئەو دیوار بەندانە چی ئەنوێنن ئەوا ئیتر نهێنیەکە ئاشکرا ئەبێ. ئەو حەوتە مەبەستێکی گرنگی تیایە، بدات گریمان شوێن گۆڕکەیان پێ کرا. کەواتە چی ئەبێ؟.

هەرسێکیان: بابەتەکە ئالۆز ئەبێ.

سالار: بەڵام هەر بە حەوتی ئەمێنێتەوە(١)».

چیرۆکی - شازادە نازەنین - و - لاوە - ی پەیمان بەندی ئەڤین و گرەو بردنەوە دێتە

---

* گومان لەوەدا نییە، کە زوربەی نووسەران پەنا بۆ بابەتی فولکلۆر دەبەن، چ وەک کەسایەتیەکی مێژوویی، یان ئەفسانەیی، ئەمەش بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕووداوانەیە، کە لە دێر زەمانەوە ڕویان داوە. ئەم ڕوداوانە بە پێی باری دەرونی مرۆڤ پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ دوێنێ و ئەمرۆدا هەیە، چونکە باری دەروونی هەمیشە لە غەریزە بنەڕەتییەکەیدا هەریەکە، ئەگەر چی بە پێی کات و شوێن گۆڕان بە سەردا بێت، لەوما نووسەر ئەم دووناوە زەقەی گرێداوە بەم شانۆنامەیەوە، ئەمەش لە کاتی نمایشکردندا (چونکە لە نووسیندا ئەو ناوانە بەرچاو ناکەون ئەمەش بە مەبەستی گونجاندنی کارەکەیە لەگەڵ کاتی ئێستادا نمایشەکە وەکو ناوی شیرین فەرهاد لە رۆژی ٢٠٠٤/٤/١٣ لە (هولی گەل( لە هەولێر، لەلایەن هونەرمەند (ئەرسەلان دەرویش)ەوە دەرهێنرا، بۆیە لێرەدا و لەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵی ئەوەم داوە کە گونجاندنێک لە نێوان نمایشکردن و نووسین بکەم.

١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گوڤاری شاکار، ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٢٤.

ئاراوه، واته، شان به شانی - شیرین - و - فەرهاد - ئەو دڵخوازیه دێته پێشەوەو له دوو تۆی ڕووداوەکانەوە دەبنه یەک و هێماکان یەکانگیر دەبن، سەبارەت بەو دڵ و دڵخوازیه دەبیستین: «سالار: ئەوەی خەیاڵی شازاده نازەنینی له کەله نابێ، ئەوا سەر به گەرووی نەهەنگا ئەکات، هەر ئەوەنده و زیاتر و زیاتر... بگره هەزارویەک کوێرەوەری و چەرمەسەری ناتوانی مەبەست بپێکێ، تەنها مەگەر بتوانێ زەبری عەقڵ و زەبری بازوو یەکانگیر بکا و ئەو دەمه هەست به شوێن گۆڕکەییەکه بکات و وەک خۆی لێ بکاتەوە. ئادەی با بزانم! من ئەمه ئەو پەیمان دەرە و وا ڕوو له دیاری بەرز و جوانی شازاده نازەنین خانمی کچی پاشای شاری هەقایەتی پشت کێوان ئەکەم...» [(١)].

جارێکی تر کۆششی، نەمان و کۆششی سالار - و کەسەکان بۆ هەڵهێنانی تەلسیم و گرفتی شوێن گورکەی دیواربەندەکان یەک دەگرنەوە. هەموان بۆ، ئەوە دەچن و ئەوەتا له دیوانی - پاشای شاری هەقایەتی پشت کێوان - یش ئەستێرەناسان هەمان ڕایان هەیە، کەواته لەم کاری سەرجەم یەکانگیرییەدا برەو و بایەخ به ڕووداو، یان فرمانه شانۆییەکه دەدرێ و لەلایەکی ترەوە به هێزبوونی بەرهەڵستکار و ئەشکەنجەی - توونی بابا - هێندەی تر هێز و گوڕ و پەروشی به شانۆییەکه دەبەخشێ.

له تەک هەر بەرەو پێشەوە چوونی له جیهانی هەقایەت و ئەفسانەکەی شاری پشت کێوان بهماڵی - سالار - ی ئەمڕۆ تەریب و هاوتا دەبێتەوە، هەموو جارێ لایەنەکانی بیروبۆچوون و هەنگاوەکان دەخرینەوە بەرباس و چەند و چوون لەسەرکردن. ئەمەش به دوو مەبەست! یەکەمیان بەشداری کردنی بینەر، دووەمیان، هەڵبژاردن و بزواندن بۆ سەر ڕاستەڕێ، بۆ سەر ڕاستەڕێ، بەراوردکردن و بەرامبەر یەک ڕاگرتنی جاران و هەقایەت، لەگەڵ ئەمڕۆ و گرفتی ئەمڕۆ.

- سالار - بۆ پتر توند و تۆڵ کردن نێوانی جاران و ئەمڕۆ بیر له - کڵاوی سەخری جن - دەکاتەوە به مەبەستی تێکەڵبوونی به جەرگەی، ئەفسانەکەو کێشمه کێشەکەی بەو کڵاوه و ڕوو لەشاری هەقایەتی پێش کێوان دەکات! «سالار: خەونه یان ڕاستی؟! واچاکه لای کەس باسی نەکەم و نهێنیەکانی ئەم کڵاو زەنگۆڵه دارەش نەدرکێنم. باشه پرسیارێک هەیە! ئەوان بەو توانا سەیرەوە، چ پێویستییەکان به کەسێکی وەک من هەیە؟! دیاره، ئەمه جەختە لەسەر ئەو ڕاستییەی، حەقیقەت سێ هەزار سالیشی بەسەرا ڕابووڕێ بزر نابێ و هەر ئەچینەوه سەری» [(٢)].

---

١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گۆڤاری شاکار، ژماره (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٢٥.

٢- ئەمه له نمایشەکەی (٢٠٠٤/٤/١٣)ی هەولێر ئاماژه پێکراوه و له نووسینەکەی گۆڤاری (شاکاردا) دەستکاری کراوه، بڕوانه: ل ٢٧.

- سالار - روو لەشاری مەبەست دەکات، لەم ڕووە دەگاتە ئەو دەمە:

«سالار: ئەوەتام، ئەوەتام، لێرەم، گەیشتوومەتە بەردەم دەروازە هەرە گەورەکەی شاری هەقایەت. ئێستا سێ هەزار ساڵ بەر لەلای خۆمانە، کڵاوە ئەفسوناوییەکەم لەسەر ناوە و کەس نامبینێ... ڕێگایەکی دوور و درێژی پڕ لە لێوار و هەلدێر و دەعبا و دڕندەم بڕیوە.. بە هەنگاونانم شەو و ڕۆژم بەیەکەوە گرێ ئەدا... ئای خەمم بەدەست ئەژنۆکانمە خواردووە....» [1].

پاش ئەوەی سەرخەوێ دەشکێنی نێردراوانی - لاوە - ی دڵخوازی شازادە بە ئاگای دەهێننەوە و سپاردەکەشی پێ دەگەیێنن.

**- سالار - سەر بە توونی بابادا دەکات و تاق بە تاق دیواربەند، دیواربەند، بەسەری دەکاتەوە و بە وردی وەسپی نەخش و نیگارەکانی دەکات، پەی بە حەقیقەتی دەستکاری و شوێن گۆڕگەکان دەبات، لەلایەکی دیکەوە بە ئالۆزەباری فەلەک دەورانەوە دەبەستێتەوە، ئەوەتا، ئەستێرە وانان لە ڕوانگەی خۆیانەوە وای بۆ دەچن! «ئەستێرە وانەکانی جاران ئەیانوت! تەوەرەکانی ئاسمان لە گۆڕاندایە، ئەی هەزار جار ئافەرین ئەستێرەوانە دنیادییەکە ئا لەم دەروو دەرگایە بدە و بیخەرە ناو باسەکەوە...**

چۆن چۆنی؟ ئا، ئاوا.. جێ گورگە کە بە چیا و دەریا.. ئەو دەمە نە گیانلەبەرانی دەریا لەسەر چیا و زەوی، ئەژین و نە زیندەوەرانی چیایی لە دەریادا هەڵئەکەن، کەواتە شیرازەی بوون لە گرێژنە دەرئەچێ، پێوەرەکانی ژیان نامێنن، ئەوسا بۆچوونەکانیش ئەگۆڕێن، کەواتە هەر هەموو شتە پایەبەندەکانیش ئەگۆڕێن. ئا ئەمە بسەلمێنن، ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە بۆچی ئەستێرە ناسانی جیهان بە جۆرێکی دی ئەستێرەکانیان ئەبینی. کەواتە ئەو کارەی لەسەر ڕاستی و بوونی ئەو تاقانەی - توونی بابا - کراوە، کڵۆڵی و بەدبەختی بۆ ئەو خەڵکە هێناوە ئەمە ڕای منە، ئەبێ ئەستێرەوانەکانی ئایندە چۆن لێی بڕوانن... ئەوەش لەمەدارەکانی ئەو دەمەوەیە، کەواتە تەوەر هەر تەوەرە، بەڵام چی گۆڕاوە؟ وەڵام جارێکی تر و لە هەولێکی تری نووسەردا بۆ پتر پەیوەندی بەستن لەگەڵ جاراندا و بەمەبەستی یەکخستنی کێشەکە، هەر چۆن لەلای نووسەر ڕیشەی کلۆڵی خەڵکەکە لە جارانەوە هاتووە و بەردەوامە:

«سالار: کێشەکەی ئێمە بۆ ئەو دوو تاقە بزرکراوە ئەگەڕێتەوە، چییان لێهاتووە؟ بۆ کوێ براون؟ ئەم هەموو بەڵایەی بەسەر شاری یارانی هەقایەت هاتووە و بەسەر یارانی شاری ئەمڕۆش وەرە با شتێک بکەین، ڕەنگە باری ڕاستیەکەمان بۆ دەرکەوێ» [2].

---

١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گوڤاری شاکار، ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٢٨.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٢.

هەر بۆیە بۆ بەستنەوەی هەردوو سەردەم بە جەمسەری کێشە سەرەکییەکەوە، کە دیارە کێشە نەتەوایەتیە دێرینەکەی گەلی کوردە، ئەوەتا بە هۆی ئامێرێکی - سەتەلایت-ەوە پەیوەندی دەکەن و خەڵکی جارانەکەش نیازی سەردانی خەڵکی ئەم رۆژەیانە:

«سالار! بەهۆی ئەو ئامێرەی، بە دیاری بۆ شازادەی شاری هەقایەتم ناردووە، ئێستا ئەوان شەوانە سەیری بەرنامەکانی ئێمە ئەکەن.... زیاتر حەزیان لە فیلیمی کارتۆنیەکانە، بڕیاریان داوە پاش هەڵهێنانی نهێنیەکانی - توونی بابا - سەردانێکیان بکەن، ئێمەش بۆ پێشوازییان ڕوو لە دەرووی - توونی بابا - ئەکەین...»[1].

بینینەوە بەردەوامە، تاق بە تاق، ژانی بەیەک گەیشتن دڵخوازن و خەمی بینینەوەی بناوان، هەست بە گەران و سۆراغێکی پڕ لە بڕوا بە خۆبوون بۆ دەست گیرکردن و چنگ کەوتنی ئەو راستییەی هەموو هەوڵ و هەنگاوەکانی لە پێناودایە.!

سالار: «من نەخەوتم، ئەوان خەوتن.. پاش ئەوەی تەواو ماندووبوون... دوو تاق و نە.. نییە، کوێوە چووە..؟ چ دەستێ هەڵی کەندووە؟ بۆچی هەڵی کەندووە؟ ئەوان خەوتن... شای دڕندە و دێوو درنج، گشت خرۆشان چاو چلکێنێکیان نارد سۆراغیان کات»[2].

بەر لە کۆتایی لەسەر زاری کەسایەتی - شیرین -ەوە هەست بە خۆشی و چێژی کوڵنەدان و ورە بەرزی ئەکەین:

«شیرین: فەرهاد ئەڵێم: فەرهاد شەوانێکی تار و نووتەکی - توونی بابا - فێری کردم چەندە بە تاریکی بەری دنیا دێتەوە یەک، هەزار ئەوەندەش بە تاڵە گزنگێکی خۆری بەیان دونیا بەرینترو دڵکراوەتر بێ. فەرهاد ئێستا زانیم بە شەوانی دەیجووریش قوڵنگ وەشاندن خۆشتر ئەبێ. هەرچۆن لەگەڵ هەر قوڵنگ وەشاندنێکا پرشنگی رووناکی حەسانەوە خەڵاتی بازووی ماندوو ئەکات، فەرهاد دەمەو بەیان خەو بردمیەوە و خەونێکم بینی، زۆر کورت و خێرا: (خەونەکە) فەرهاد بۆ نیگەرانی؟ لەبەر ئەوەی قوڵنگەکانیان دزیوە؟ هانی بگرە قوڵنگێکی نوێم بۆ هێناوی، هەستەوە لاوە، هەستەوە جارێکی تر بە کەساسی نەت بینم، ئەم قوڵنگەم لە کلۆڵی رۆژان و شەوانی پڕ ئەشکەنجەی - توونی بابا - دا چنگ کەوتووە، بە کەسی نادەم قوڵنگی دیاری شیرین بێ هەر بۆ فەرهادەکەیەتی...»[3].

لە کۆتایی شانۆییەکەدا هەست بە سەرەتا و دەست پێ کردنەوەیەکی نوێ دەکەین و

---

١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گوڤاری شاکار، ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٣٢.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.

٣- نمایشی ٢٠٠٢/٤/١٣ هەولێر، لە نووسیندا دەستکاری کراوە، بڕوانە: شاکار، ل ٣٣.

بەردەوامی دەبەخشی، بەو مەبەستەی کێشەکە نەبڕاوەتەوە و هەر بەردەوامە:

«سالار: بۆ بینەر. نە. ئێمە دەستمان پێکرد بە دوای گرفتەکاندا چوین، ئەو گرفتەی کە ئەوە هەزار... پێویست ناکات تا حەوتەکە شوێنی خۆیان نەگرنەوە، هەروا ئەروا.»[1].

## هەڵسەنگاندنی شانۆگەرییەکە

شانۆی - ئەوانەی توونی باباچوون - ئەڵقەیەکی نوێیە لە زنجیرە هەوڵەکەی - ئەحمەد سالار - لەپای بنیادنانی شانۆیەکی تایبەتی، یان پوخت کوردەواری، لەم هەوڵ و بەرهەمەیدا لە گەلێک رووەوە پەرەی بە شێوازی تایبەتییەکەی داوە، چ وەک دارشتن و چ وەک تەکنیکاری نووسین.

مامەڵە کردنێکی نوێیە بە کەرەسەی کەلەپوور، چ وەک جۆری هەلبژاردنی بابەت و چ وەک ئەرک پێ دان و بەسەردەم کردنی بابەتەکە.

چەند هێلێک دێنە ئاراوە، لەگەڵ بەردەوامی و بەرزەبوونەوەی هێڵی فرمانە درامییەکەدا یەکانگیر دەبن و برەوێکی بەهێز بە مەبەست و کێشە شانۆییەکە دەبەخشن. لە رووی بەراوردکارییەوە لەگەڵ شانۆییەکانی پێشتری دا، کۆمەڵە سەرنجێ دەسکەنە دەکەین:

**یەکەم:** لە رووی زمانەوە، زمانێکی تایبەت بە بابەت و رووداوە ئەفسانەییەکە، زمانێک پڕ بە پڕی خەیاڵە داستانیەکە و گونجاو لەتەک سەردەمە دێرینەکەدا، لە هێندێ شوینا کە گیانی بەیت ئامێزانەی پێوە دیارە، ئەو جۆرە رستە و وشە و رزمەی بەکارهێناوە کە مەبەستی بەیت ئامێزی و شێوازەکەی بدوێنێ، کە ئەو پەڕی مامەڵەکردنی نووسەرە بە کەلەپوری رەسەنی کوردییەوە، بۆ نموونە:

«هەی لاو، هەی لاو، هەی لاوە
هەی سوار، هەی سوار، هەی سوارە
تەپڵی سوارییان لێ دا
دار و بەیداخ هەڵبڕا
ئاوزەنگی چەخماخەی دا
خرمەخرمی سمانە
نەعرەتە تا ئاسمانە
ئەسپان باڵیان گرتووە

١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گۆڤاری شاکار، ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٣٤.

شەدە با ، ئەیشەکێنێ
ئای لە کوڕی گەرمێنێ
هەی لاو ، هەی لاو ، هەی لاوە
هەی سوار، هەی سوار، هەی سوارە»[(١)].

**دووەم:** بە هەمان شێوە بۆ بەرجەستەکردنی هەمان گیانە ئەفسانەیە خەیاڵدارەکە ، کاتی دێتە سەر باس و وەسپی کردن بە جوانی رەچاوی کردووە ، ئەمەش بۆ گونجاندن و بۆ خولْقاندنی کەشە دەروونییەکی گشتی یاریدەدەری بینەران بێ لە وێنەکێشان و دروستکردنا ئەوەتا کاتێ - شیرین - رازی دڵی بو - فەرهاد - دەکاتەوە:

«شیرین: فەرهاد گەیشتیتە کوێ؟ دەنگێ نایە؟ ئەو خەڵکە ئاوی شیرینییان ئەوێ و شیرینیش لەو گەواڵە هەورانە ئەڕوانێ، با ، دەستی گرتوون و بۆ هەوارێکی نوێ لە شەقەی باڵیان پێ ئەدا.

فەرهاد وتت: هەر ئەبارێن؟ کەی، لە کوێ، چۆن؟ ئادەی با بزانم؟ ئەبینم بەرە بەرە گەواڵە هەورەکانی زۆر بوون و دڕیان بە سینەی ئاسمان داو تا دێ زیاد ئەکەن و زیاتر بەرز ئەبنەوە، ئەوە قاز و قولنگانن و ڕوە و هەوار بوونەوە و هەورەکەیان پۆشی و ئاودامان بوونە هەورو بارین، بارین... کە جوان ئەبارین... چییان لێ هات؟

فەرهاد بییان گڕەوە.»[(٢)].

هەروەها بە پێی شوین و سەردەم رەچاوی زمان و جۆری ئاخافتن کراوە، ئەوەتا لە مالی - سالار -دا:

«هونەر: ئەوە چییە! باوکم پرخەپرخیەتی!

شەنگە: باوکە.

پیرۆز: خەبەری مەکەنەوە.

سالار: (دێتە ژوورەوە) لە لایەکەوە خەوم لێ کەوتبوو ، لەلایەکی تریشەوە خەونم ئەبینی و دەنگە دەنگی ئێوەشی.. ئەزانن چیم بە سەرهاتووە؟

پیرۆز: خەونەکەت پچرپچر بووە.

سالار: دەفەرموون بۆم گرێ بەنەوە.. ئادەی با بزانم چۆن چۆنی بەیەکەوە ئەیبەستنەوە؟»[(٣)].

---

١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گوڤاری شاکار، ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٢٩.
٢- نمایشی هەولێر، ٢٠٠٤/٤/١٣.
٣- ١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گوڤاری شاکار، ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٢٤.

**سێ یەم:** لەلایەنێکی تری پەرەسەندن و نوێکاری و تایبەتمەندێتی ئەم شانۆییە لەگەڵ هەر بەرەوپێشەوە چونێکی فرمان و رووداوە شانۆییکەدا بە گورانییەک، یان سروودە شانۆیی و وێردێک بابەتەکانی بەیەکەوە توندوتۆڵ کردووە، بەبێ ئەوەی بۆی بخوازێ دانانە و دانانەکەش هاوشانی شوێن و جۆری گوڕانکاری و بابەتە ئەفسانەییەکەیە، تیادایە بە پێی پێویستی بینراوە شانۆییەکە، پتر لە شیعری فیرکردن و رەمز ئامێزن دەچێ و زمانەکەی جودایە، لەبەر ئەوەی ئەندامانی خێزانەکەی - سالار - ئەڵێنەوە:

«ئێمە، پەندێکتان بۆ ئەڵێینەوە
ئێوەش بۆ خۆتان لێکیدەنەوە
پەند نەخشی بەردی گشت دەورانێکە
یادگاری جوانی باو باوانێکە
وتیان ماسییەک گێژاو لوولی دا
ئەشکەنجە و ئازار وریای کردەو
بووە وانە بۆی، بڕیاری پێ دا
روو ل زەریای گەورەکاتەوە
**پەندێکی تریش وای گیرایەوە:**
جارێ هوشترێ رێگای بزرکرد
ئەزانێ چونی بە هوش هاتەوە؟
کاتێ بیابانی وە بیر کەوتەوە
ڕەشەبا گوڵی لە ڕەگ هەڵکێشا
وەرزان ڕابردو بەهار هاتەوە
گوڵ چون ڕەشەبای لە بوغزا تاسان
لەسەر بەردی رەق غونچەی کردەوە[(١)]

گۆرانییەک هەموان ئەیلێنەوە و بابەتەکانی دیوار بەند و تاقەکانی - توونی بابا - ئەخاتە روو:

«ئەگێڕنەوە توونی بابا
لە تاقی یەکەمینا
ململانێ گەرم بوو
پڕ ئەشکەنجە و سەخت بوو

---

١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گوڤاری شاکار، ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٢٧-٢٨.

وا دەی رووبەرووبوونە
ئاوزەنگی ئاگری گرت
ئەسپی سەرکەش هەڵشاخی
شەدە با ئەیشەکێنێ
حیلە شاخە و شاخ ئەردا
بۆتە تەپڵ و کەڕەنا»
**ئەگێڕنەوە تونی بابا:**
تاق تاقی دووەمینە
پێغەمبەر سلێمانە
قاڵیچەی باڵندە نەخش
دنیای تیادا ئەنوێنێ
نزای باران بارینە
جووتیار چاوی لە هەورە
زەوی چاوی لە تۆوە
ئۆخەی دڵ بۆ بارانە
خوایە بارانێ داکا
ژیان لەباراندایە(١)

**گونجاندنی دوو سەردەم:**

لەم دەقـەدا، لەتەک گـەرانەوە بۆ دێرزەمـانێ و نوقم بوون لە کـەش و هەوای هەقـایەت و دێرۆکـا، سـەردەمی ئەمـرۆش بە گـشت لایەنەکـانـیـیـەوە، بەبێ ئەوەی هەست بە دزێوی و نەگـونجـاندن و ناتەبایی بکرێ، ئەزمـوونی هونەرمـەند و نووسـەرێکی شـانۆییـە کـە دەیەوێ کـەرەسـەیەکی کـەلەپووری بۆ مـەبەسـتـێکی شـانۆیی بەکـاربێنێ، بەشـداربوونی ئەنـدامـانی خـێـزانەکـەی - پیـرۆزی هاوسـەر - هونەری کـوڕی - شـەنگەی کـیـژی - لە پرۆژەی شـانۆ مەبەستەکەیدا، گواستنەوەی سەردەمەکان و - مۆنتاژ - کردنی بینراوەکانی بە هەلویستی شانۆیی.

ئەوەی - سـالار -ی نووسـەر لەم ئەزمـوونەدا خـولْقـاندویەتی: «لەبەرەنجـامی سـووربوونی لەسـەر دواندنەوەی رابردوو و تەوژینکردنەوەی مـێـژوو لە نمایشی شـانۆییـدا، هونەرمـەند -

١- ئەحمەد سالار، شانۆی (ئەوانەی توونی بابا چوون) گوڤاری شاکار، ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٣، ل ٣٢.

ئەحمەد سالار - بەردەوامی خۆی لەسەر ئەو پرۆژەیە راگەیاند بە نمایشی (ئەوانەی توونی بابا چوون). بەڵام ئەمجارەیان ئەو ئەزموونە دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، ئەویش بەشداری ئاگایی نووسەر لەناو پرۆسەی نووسین لە تەک کارەکتەرەکانی رابووردوو»[1].

کەواتە ئەم ئەزموونە گۆڕانکارییەکی گرنگی بە خۆیەوە دیووە. خودی نووسەر -ئەحمەد سالار- لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانی سەبارەت بەم ئەزموونەی دەڵێ:

«ئەگەر جیاوازی و گۆڕانکاری و پەرەسەندنی زیاتر نەبێ لەو شێوازەی گرتوومەتە بەر، ئەوە چیم نەکردووە و لە شوێنی خۆمدا وەستاوم، بەڵام ئەوەی کە دڵخۆشم دەکات، بە هەموو شێوەیەک، بەو پەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم: ئەم بەرهەمە هەنگاوێکی نوێ و گەورەترە لە هەنگاوەکانی پێشتر، هەرچەندە بنیادنانە لەسەر ئەو بنیادەی کە ئومێدی شانۆیەکی کوردیمان تێدا خواستووە، شانۆیەکی تایبەتمەندی، شانۆیەک ڕەنگ و ڕواڵەتی تایبەتی تێدا بێت»[2].

کەواتە لە جێگای خۆیدا، سەبارەت بەم - توونی بابا-یە بگوترێ:

«جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا هەیە، لە رووی بەکارهێنانی ئەو کەرەستە و کەلوپەلە فۆلکلۆرییانەی لە ژیانی کوردەواریدا بەکاردێت و لەم شانۆگەرییەدا بەشە شێری پێ براوە...»[3].

هەرلەسەر نوێ کردنەوە و گۆڕانکاری چەندین راوبۆچوون هەیە، بەڵام زۆرینەیان لە بۆچوون هەنگاوێکی نوێ ی شانۆی سالاردا یەک دەگرنەوە، یەکی لەو رایانە پێی وایە: «لە شانۆگەری (ئەوانەی توونی بابا چوون) **نیمچە گۆڕانکارییەک لە شێوە و ناوەڕۆکدا بەدی دەکرێت و بۆ یەکەم جار مامۆستا ئەحمەد سالار هەوڵی ئەوە دەدات کە کەلەپوور تێک هەڵکێشی سەردەم بکات و کۆن بە نوێوە ببەستێتەوە، لە رێگەی کەسایەتی نووسەرێکی شانۆیی و خێزانەکەی، کە بەسەرهاتی توونی بابا دەکات بە شانۆو منداڵەکانیشی بەشداری لە هەندێ لایەنی نووسینەوەی حیکایەتەکە دەکەن و دەبن بە بەشێک لە دنیای نووسەرەکە و ئەو ئەشکەنجە و ئازارانەی وەک نووسەرێک لەگەڵ نووسینەوەی بەسەرهاتی شانۆ گەرییەکەی دەیچێژێ...»**[4].

بەرای ئێمە نیمچە گۆڕانکاری نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی گەوهەرییە لە شێوازی

---

١- نهاد جامی - ئاگایی نووسەر لەناو پرۆسەی نووسین- رێبازی ئەدەب و هونەر - ساڵی چوارەم - ژمارە (٢٥)ی ٢٥/٥/٢٠٠٤.

٢- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نووسەر ئەحمەد سالار: ١/٨/٢٠٠٥، دهۆک.

٣- شوان سەرابی، گوڤاری، رامان ، ژمارە (٨٤-٨٥)ی مایس و حوزەیران، ٢٠٠٤، ل ٣٨٧.

٤- حەیدەر عەبدولرەحمان - گەرانێک بەدوای ئەوانەی توونی بابا چوون - گۆڤاری - رامان - ژمارە (٨٤ و ٨٥) سالی ٢٠٠٤، ل ١٣٢.

دارشتن و جۆری دروستکردنی ئەو پردە لە نێوانی ئەفسانە و واقیع دا. سەبارەت بەوەی کە یەکەم جارە - سالار - هەوڵی تێهەڵکێش کردنی کەلەپوور بەسەردەم بکات، رەوا نییە، چونکە - سالار - هەر لە سەرەتایی هەوڵ و ئەزموونە بنیاد نەرەکانییەوە ئەو رێچکەیەی گرتووە، هەر بۆ نموونە - پردی وڵات[1] - نالی و خەونێکی ئەرخەوانی - جەزیری وانەی ئەبین دادەدات.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم، لە نێوان ئەو کۆمەڵە را و بۆچوون و هەڵسەنگاندنانەی لەسەر ئەم بەرهەمەی - ئەحمەد سالار - وتراوە، رایەک کە پتر وردترە و لەگەڵی یەک دەگرمەوە ئەو بۆچوونەی هونەرمەند - نهاد جامی -یە، کە پێی وایە: «هەوڵەکانی بزوتنەوەی شانۆییمان لە رەفتارکردنی لە تەک رابردوو نەبوونی زەمەنی هەنووکەیی نووسەرە، ئەویش پەیوەندی بە ئامادەنەبوونی بیرکردنەوەیە لەناو نووسینی، بەڵام کاتێک لەو ئەزموونە نوێیەی سالار بیرکردنەوە لەناو نووسین بەشدارە، مانای وایە ئیدی رابردوو لەناو زەمەنی ئێستا بۆ پیرۆزکردنی مێژوو ناگەرێتەوە، وەک پێشتر لە بەشێک لە ئەزموونەکانیدا ئەو خاڵە بەدی دەکرا، بەڵکو - سالار - دەیەوێت کەسێتی (ئەو)ی نووسەر بکات بە نوێنەری پێکگەیشتنی زەمەن لە نێوان (زەمەنی رووداوی ئەفسانەیی) و (زەمەنی هەنووکەیی نووسین)، بۆ ناونانی ئەو نمایشە بە (ئەوانەی توونی بابا چوون، مانای گەڕانەوەیەکی تر نییە بۆ ئەفسانە، بەڵکو خاڵی پێگەیشتنی ئەمەیە بە رابردوو، بەوەی چۆن لە نێوان ئەو دوو ئەزموونە کەناڵی پەیوەندی دروست دەکەیت...»[2].

---

١- لە یەکەم فیستیڤالی هونەری کوردی ساڵی ١٩٧٤ بەشداری پێ کرد. (مەبەست ئەحمەد سالارە).

٢- نهاد جامی - ئاگایی نووسەر لەناو پرۆسەی نووسینی - رێبازی ئەدەب و هونەر - ژمارە (٢٥) ساڵی چوارەم، ٢٠٠٤/٥/٢٥.

# شانوی

# گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە

# ٣- گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە

## کەسەکانی شانۆگەری

١- کورە دارکەنەکە (کورە کەچەلەکە)

٢- پاشا

٣- پیرەژن

٤- جولەکە

٥- ڕاوچی

٦- سەگ و پشیلە و مشک

٧-وەزیران

٨- کچی پاشا

## ٣- شانوی: گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە *

سـەبارەت بە هەڵـبـژاردنی ئەم حکایەتە بۆ کـارێکی شـانۆیی نووسـەر، دەڵێت: «هەر لە تەمەنی مناڵییەوە، زۆر جار گوێم لە حەکایەتی (کوڕە کەچەڵە) دەبوو. لە زۆر حەکایەتی تری فولکلۆریدا لەو بابەت و سەرگۆزشتەیەم بەرگوێ دەکەوت، ئەنگوستیلەی ئەفسووناوی و بازی بەخت و گـەیشتن بە (خـدری زیندە) و لـەو بابەتانە، لەو دەمـەشـەوە چوومـەتەوە جیـهـانی هونەری شانوە و بە تایبەت، لەو قۆناغەوە بیرم لە بنیادنانی شانۆیەکی بەرەچەڵەک کوردی و کـەرەسـە کـەلەپووری کـردۆتەوە، یەکێ لەو بابەتـانە ئەم حـەکـایەتی (کـوڕە کـەچەڵـە)یە بووە، ئەمەش لەپای چەند هۆیەکی گرنگەوە، لە پێشیـانەوە هەبوونی ئەو گیـانە نیـمچە درامییـەی لەو حـەکـایەتەدایە، بە تایـبـەت ململانێ ی مـرۆڤ بۆ هێنانەوەی ئـەو خـەون و ئارەزووانەی، وەک غەریزەیەکی خۆرسک لەگەڵ مرۆڤدا تا ئەمڕۆ بەردەوامە و بە پێی باری پەرەسەندنەکانی ژیان گـەورە و بەهادارتر بووە. جگە لـەو توخـمە سـەرەکـیـەی دراما، هەبوونی گـەلێ توخـمی تەواوکەرەی کاری درامیـیانە، وەک (دایلۆگ) واتە دەمەتەقێ و تووێژ، پەردەیەکە پڕ بە پڕی کـەسـایەتیـیـەکـان، هەرچۆن زادەی لایەنەکـانی کـەسـایەتیـیـەکـانە، چ لە ڕووی بایلۆجی و سایکۆلوجی و سۆسیـۆلوجی یەوە بێ... پەیوەست بوونی بە مێژوو و ژیانی کەسایەتییەکەوە، بەو پەری داڕشتنی واقعییانە، جگە لەو توخمە سەرەکییانە، دروست بوونی ڕووی پەرۆشی بینیـەوە لەتەک خـولـقـانـدنی کـەش و هەوای دەروونی گـونجـاو، «هاندەرێکی بەهێـزی دەستنیشانکردن و ئەو هەلبژاردنە، زادەی کوششێکی (پ. د. شوکریە ڕەسووڵ)ە، بەوەی لە دوتۆی کتـێبەکەیدا (حەکایەتی خورافی کوردیی لە ڕووی مـۆرفـۆلۆژییـەوە) کـەبەلای منەوە کـارێکی دانسـقـەیە لە ڕووی زانستی و ئەو جۆرە شی کـردنەوە و بینیـەوەیەیدا و بەو شێـوە پوختـەی ئاسان کارییەکی باشی بۆ کردم، هێندە دەسەڵاتدارە، ئەگەر بە هۆشیاری مامەڵەی درامییـانەم لە گەڵانەکردایە دەرەقـەت نەدەهاتم ئەمەش یەکەم جـار نییە، بەڵکو گـەلێک لە مێژە ئاشنام بە بەرهەمەکانی.[(١)]

---

* ئەم شـانۆگـەریە نووسـەر لە ٢٠٠٥/٦/١٤ لە شـارۆچکەی (عـەنکاوە)ی پارێزگـای (هەولـێـر) نووسـیـویەتی. ئێـوارەی ٢٠٠٥/٧/٢٨، بۆ یەکـەم جـار، لە هۆڵی (ڕۆشنبـیـری) شـاری (هەولـێـر) نمایش کـراوە، هەروەها لە ئێوارەی ٢٠٠٥/٨/٧ لە هۆڵی (محەمەد عارفی جزیری) شاری (دهۆک) نمایش کراوە، دیسانەوە لە ئێوارەی ٢٠٠٥/٨/١٤، لە شانۆی (پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی) پێشکەش کراوە. شایانی تێبینیە هەرسێ جاری نواندنەکە لە دەرهێنانی نووسەرکەی بووە. لە لایەن چوار ئەکتەرەوە سەرجەم کەسایەتییـەکانی نوێنراوە، ئەکتەرەکانیش بریتی بوون لەم هونەرمەندانە: جوانە سەعید، چێنەر ئەحمەد سالار، ڕزگار مەحمود، بەهمەن حاجی، هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) یاریدەدەری دەرهێنەر بوو.

١- دیمانەیەکی تایبەت لەگەل ئەحمەد سالار، بارەگای ئەنجومەنی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥/١٠/٤.

## شیکردنەوەی دەقی کوڕەدارکەنەکە

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە سیمایەکی بنەڕەت لە حیکایەتە فولکلۆریەکان هەیە، ئەویش لە خاڵی دەستپێکردنەوە بە زاراوەی (هەبوو، نەبوو) دەست پێدەکات. لەم دەقەدا ئەم بنەمایە ڕەچاو کراوە، پاشان حیکایەتەکە دێتە سەر ئەوەی، کە دەقی ڕووداوەکە وەک خۆی باس بکرێت. ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە دانوستاندنێکی دوو لایەنی، یان چەند لایەنی بێتە ئاراوە.

لەم حیکایەتەدا هێزی ڕووداوەکە دراوەتە پاڵ (کوڕەدارکەنەکە) بەوەی کە هێلکەیەکی سیحراوی بە ڕێگای ڕێکەوتەوە دەکەوێتە دەست، لایەنی دیکەی جوڵەی حیکایەتەکە دەکەوێتە سەر شانی چەقی دووەم، کە دوکانی بازرگانێکی جوولەکەی دەوڵەمەندە. بەمە حیکایەتەکە خوش دەبێت بەرەو گەرمی دەڕوات و دەبێتە مایەی بونیادی درامی، کە سەرنجی خوێنەر یان بینەر بەو پەڕی هێز و جوڵەوە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

لایەنێکی تری ئەم جوڵەیە لەو پێشنیازەیە کە بازرگانەکە بۆ کوڕەدارکەنەکە دەخاتە ڕوو، ئەویش بەردەوامی هێنانی ئەو هێلکەیەیە کە هەموو ڕۆژێک بۆی بهێنێت. ئەمە لێرەدا بۆ خۆی لایەنێکی دیکەی بەردەوامیدانە بە حیکایەتەکە و بەرەو (گرێ)ی دەبات. ئەم گرێیە لە وێوە دەست پێدەکات، کاتێک کە بازرگانەکە نەخوش دەکەوێت **«من نەخوشیەکم هەیە بە هیچ حەکیمێک دەوای نایە، تەنیا بە خواردنی گوشتی ئەو تەیرە نەبێت، کە تو هێلکەکەیم بۆ دەهێنی، گەر ئەو تەیرەم بۆ بهێنی ئەوا چیت لە دونیادا دەویٚ بۆت دەکەم»**.

بێگومان ئەم بیرۆکەیە دەبێتە هێڵی سەرەکی ئارەزووی مانی ژیانی جوولەکەکە، کە ئەمەش لە خویدا دەبێتە خاڵێکی تری دەرگە کردنەوە بۆ ئەوەی کوڕەدارکەنەکە بەرەو ژیانێکی بەختەوەر بنێت، پاش ئەوەی کوڕەدارکەنەکە بریاری هێنانی تەیری دا و دایە دەستی جوولەکەکە ئەویش پێی دەڵێت: **«چیت دەویٚ بڵێ، دەسبەجێ بۆت دەخەمە سەر چاوم»**. لایەنێکی دیکەی بەردەوامی دان بەم حیکایەتە لەوەوە دەست پێدەکات کە کوڕەدارکەنەکە دەڵێت: **«ئەو ئەنگوستیلەی بەختەم دەویٚ کە چی لێ داوا بکەی دەسبەجێ دێتە جێ»**. ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە، کە بونیادی حیکایەتەکە دەبێت ئەم گرێیانەی تێدا بێت، بۆ زیاتر خۆشکردنی ڕەوت و بەردەوامی چیروکەکە بەوەی کە جوولەکەکە لە وەڵامدا دەڵێت: **«بریا داوای هەرچییەکت کردبا، بەڵام داوای ئەوەی لێ نەکردبام، ناچارم دەتدەمێ»**.

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ دەبێت خاوەن قسە و پەیمانی خۆی بێت، بە واتایەکی تر ئەم حیکایەتە خۆی لە خۆیدا ئامۆژگاری ڕەوشتی باش لای مرۆڤ دەکات، کە زوربەی حیکایەت و ئەفسانە کونەکان وەک جێگرێکی ئایینی بەم کارە هەڵدەستن.

پاش ئەوەی کە هەردوو لا لەسەر ئەم پەیمانە ڕێک دەکەون. کوڕەدارکەنەکە ئەو تەیرە دەکوڵێنێت بۆ جوولەکەکەی دەبات، لەم ساتەدا ڕووداوەکە بەرەو گرێیەکی تر دەچێت ئەویش: **«لە ڕێگە مشکێک و سەگێک و پشیلەیەک دەبینێ، لە برساندا لاکەی سەریان دێ»**. بە بینینی ئەم ڕووداوە بەزەیی لای کوڕەدارکەنەکە بەرپا دەپێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەمیشە مرۆڤی سادە و ساکار بە تایبەت ئەوانەی کە لە بەزەییدا هاوبەشن ئەم ڕەوشتەیان تێدا هەیە. کوڕەدارکەنەکە دەگات بەو بڕیارە کە **«هەندێک نان و گوشتیان بۆ دادەنێ و باقی خواردنەکە بۆ کابرای جوولەکە دەهێنێ»**.

لێرەدا پەردە بەسەر ڕووداوی یەکەمی حیکایەتەکە دێت بەوەی **«ئەنگوستیلەکەی لێ وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە ماڵێ»**. لایەنێکی تری جۆشدانی حیکایەتەکە لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە کوڕەدارکەنەکە دەگاتە ماڵێ **«دایکی هاوار دەکات برسیمە، تا ئێستا لە کوێ بوی؟ بڕۆ شتێک پەیدا بکە بیخوی»**. لێرەدا کوڕە دەیەوێت ئەنگوستیلە سیحراویەکە تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی بەزەییەکی خۆی بسەلەمێنێ کە دانی خواردنە بۆ دایکی، بەمەش دوو ئەزمون تاقی دەکاتەوە، ئەنگوستیلەکە چ کارێکی بۆ دەکات **«دەچێتە ئەو دیوی خانوکەیان و داوای سینیەک خواردنی ڕازاوەی شایانە لە ئەنگوستیلەکەی دەکا. دەسبەجێ سینیە خواردن دێتە بەر دەمی و بۆ دایکی دەبا»**. ئەگەر بە وردی تەماشای ئەم داواکاریە بکەین دەبینین نەک لەم حیکایەتەدا بەڵکو لە زوربەی حیکایەتەکانی کوردی و گەلێک لە میللەتانی خاوەن فولکلۆر ئەم ڕووداوانە بەدی دەکرێت. ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبا، کە ئەو ئارەزوی لای مرۆڤە لەبەر چەند هوکارێکی جیاوازی چینایەتی نایەتە دی. بەڵکو تەنها بە پەنابردن بەرەو ئەفسانە واتە (خەون و خەیاڵ) دەچەسپێت.

پاش ئەوەی دایکی تێر دەکات، لێرەدا حیکایەتەکە لەگەڵ پەندی کوردیدا تێکەڵ دەبێت کە لە وەڵامی پرسیاری دایکیدا دەڵێت: **«کاڵەک خوری، یان بێستان ڕن»** واتە تو پرسیاری ئەوە مەکە کە ئەمە چۆن بە دەست هاتووە.

شایانی سەرنجە بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە تێکهەڵکێش بێت لەگەڵ ئارەزووی کوڕە بەوەی داوایەکی خۆی بۆ دایکی دەردەبڕێت و دەڵێت: **«بچێ خوازبێنی کچی پاشای بۆ بکات»**، لێرەدا ئەوەمان بو دەردەکەوێت کە ئەو بەربەرەکانیە چینایەتییە نەمێنێت و کوڕەدارکەنەکە لە

چینێکی هەژارەوە بەرەو چینێکی بەرزتر بڕوات، واتە ئەمە بانگێشەکردنە بۆ نەمانی جیاوازی چینایەتی.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لێرەدا هەندێک پەندی کوردی چینێکی بێ دەسەڵات دروستیان کردووە بەڵام کوڕەدارکەنەکە دەیەوێت ئەمە هەڵبوەشێنێتەوە کە دایکی دەڵێت: **«کوڕم دانیشە، بە قەد بەڕەی خۆت پێت ڕاکێشە»** لەگەڵ ئەمەشدا سوزی دایک لە جیاوازی چینایەتی گەورەترە و دەچێت بۆماڵی پاشا و پاش تەقەللایەتی زۆر لە پاشا دەگات و پاشا دەپرسێ: **«ها پیرەژن پارەت دەوێ، یان دەغل و دان؟»** لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەر پاشایەک کاتێک یەکێک لە هاونەتەوەکانی خۆی بۆ لای دێت، هەمیشە بە مەرامی ئەوەیە کە هاریکاریکردنی دەوێت. ئەم ڕووداوە دەرگایەکی تر دەکاتەوە کە دایکی دارکەنەکە دەڵێت: **«بە خوا گەورەم گەو... رە... م ها... خوو... م... بۆ شتێک... بەڵام دەترسم؟!»**، پاش دانوستاندنێک کە پاشا لەگەڵ وەزیرەکانی دەیکات ئەمەش بە مەرامی دەرخستنی ئەوەیە کە پاشا وەک دەستوورێک لەگەڵ وەزیرەکانی کودەبێتەوە و بە دایکی کوڕەدارکەنەکە دەڵێت: **«بە کەچەڵی کوڕت بڵێ، گەر ئەم شەو تا بەیانی کۆشکێکی سەد قات دروست بکات کە هەموو شتێکی تێدا بێ، هەر لەوێشەوە تا ماڵی من هەمووی فەرشی ئاڵتون بێ، ئەوە کچی خۆمی دەدەمێ، خو گەر وا نەکا ئەوا بۆ خۆم دەزانم چی بەسەر دێنم. باشە؟... دەبڕۆ»**. ئەگەر بە وردی ئەم پێشنیازە بیخوێنینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چی دەسەڵاتدار هەمیشە نایەوێت لەگەڵ چینی خوارتر دا ڕێک بکەوێت، چونکە دانانی مەرجی بەم شێوەیە هەرگیز نایەتە دی، مەگەر تەنها بە ئەفسون ئەنجام بدرێت.

لەم حیکایەتەدا ڕێگە بۆ ئەوە خوش دەکرێت کە بۆ جارێکی دیکە ئەنگوستیلەی سیحراوی لەگەڵ مەرجی سیحراویدا یەکبگرنەوە.

دایکی کوڕەکەچەڵە بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە بەسەرهاتی خۆی و پاشا بۆ کوڕەکەی دەگێڕێتەوە کوڕەکەشە ئەم داوایە بە ئاسانی وەردەگرێت و دەڵێت: **«دایە هەمووی ئاسانە بۆچی وا خۆت نارەحەت کردوە؟ ئەوە هەر هیچ نییە، وەرە بێخەم بخەوین، تا بەیانی هەموو شتێک ئامادە دەبێت»** بۆکوتایی پێهێنانی ئەم ڕووداوە واتە ئەم پەردەیە، هەردوو لا (کەچەڵە و پاشا) مەرجی هەردوکیان بە دی دێت و کوڕە کەچەڵە کچە پاشا دەگوێزێتەوە.

شایانی باسە ئەم حیکایەتە تەنها لێرەدا کوتایی نایەت بەڵکو بۆ گرێدانی ڕووداوی یەکەم (ئەنگوستیلەی جوولەکەکە) کە ئەم کارە گرنگەی ئەنجامداوە بۆ بەستنەوەی بە ڕووداوی یەکەمەوە، جوولەکەکە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە ئەنگوستیلەی خۆی بە دەست بێنێت تا

پێی دەوڵەمەند بێت، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جوولەکە هەمیشە بە دوای تەماعدا دەگەڕێت. جوولەکەکە ئەنگوستیلەیەکی هاوشێوەی سیحراویەکە دروست دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بگوڕێتەوە. جوولەکەکە بە دوای ماڵی کوڕەدا دەگەڕێت خۆی بە ئەنگوستیلە فرۆش نیشان دەدات کە دەگاتە ماڵی کوڕە کەچەڵە لە دەرگا دەدات.

لێرەدا پەردەیەکی تر دەکرێتەوە کە کچە پاشا (ژنی کوڕەکەچەڵە) جوولەکەکە دەباتە ژووریَ بۆ ئەوەی ئەنگوستیلەکەی خۆی پیشان بدات، لێرەدا دەرخستنی ئەو خوپیشاندانەیە کە ژنان حەز دەکەن شتەکانی خۆیان نیشانی خەڵک بدەن بەمەش خۆیان وا نیشان دەدەن کە خاوەن زێر و زیون. جوولەکەکە بۆ ئەوەی ئەنگوستیلەکە دەست بکەوێتەوە فێڵێک دێنێتە ناوەوە ئەنگوستیلە سیحراویەکە لەگەڵ ئەوانەی خۆیدا تێکەڵ دەکات و دەیگوڕێت. لێرەدا ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دەبێت لەکاتی مامەڵەکردندا مروڤ ووشیار بێت.

لایەنێکی تری ئەم ڕووداوە لە وێوە دەست پێدەکات کە کوڕەدارکەنەکە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، پاش ئەوەی ژنەکەی ڕووداوەکەی بۆی دەگێڕێتەوە، لێرەدا (فلاشباک)ێک دروست دەبێ ئەویش هێنانەناوەی بەرهەمی باش واتە ڕەفتاری باش کوڕەکەچەڵەیە کە لەگەڵ **«سەگ و مشک و پشیلەی»** ئەنجامداوە. ئەمانە واتە ئەم ئاژەڵانە بۆ دانەوەی قەرزی باشی کوڕەکە لەگەڵیدا بە دوای جوولەکەکە دەگەڕێن پاش دیتنەوەی ماڵەکەی هەرسێکیان توانیان ئەنگوستیلەکە لەناو دەمی جوولەکەکە دەربهێنن ئەویش بەم ڕێگایە: **«مشکەکە دەڵێ: من فێڵێکم دوزیوەتەوە ئەویش ئەوەیە: کلکم تەڕ دەکەم، لە خۆڵەمێشی وەردەدەم، بە کونە لوتی کابرایەکەدا دەکەم، کابرا بەمە دەپژمێ و ئەنگوستیلەکەی لێ دەپەڕێتەوە دەرێ، با پشیلە پری پێدا بکا و سەگەکەش لەبەردەم دەرگا ڕابوەستێ و لێی وەرگرێ و بڕوا»**. ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە کە مروڤ دەبێت سوود لە تاقیکردنەوە و ڕەفتاری ئاژەڵ وەربگرێت چونکە ئەوانیش خاوەن ئەزموونی خویانن.

حیکایەتەکە بەم شێوەیە بەرەو ئەوە دەچێت کە کوتایی پێ بێت بەڵام بۆ خوشکردنی ڕێگای کوتایی ئەم ڕووداوە ڕوودەدات **«لەو بەرئاوەکە پیاوێک دەبینن سەگەکە دەست بە وەڕین دەکات و ئەنگوستیلەکە دەکەوێتە ناو ئاوەکەوە»**، لێرەدا ئەم ڕووداوە دەبێتە مایەی ئەوەی کە خوێنەر یان بینەر گرفتی ئەوەبن ئایا دەبێت پاش ئەمە چی بقەومێت. بۆ تەواوکردنی باسەکە (لەو نزیکانە کابرایەک دەبینن ڕاو دەکا و ماسی یەکانی گەورە بووە بە قوللابەکەیەوە، لە ڕاوچیەکە دەچنە پێشەوە، ڕاوچیەکەش بەزەیی پێیان دێتەوە و ناو سکی ماسیەکەیان دەداتێ بۆ ئەوەی بیخون. کاتێک سەگ و مشک و پشیلە خەریکی خواردنی ناو

سکی ماسیەکە دەبن، پشیلەکە هاوار دەکا و دەڵێ: **«دیتمەوە... دیتمەوە ئەنگوستیلەکەم دیتمەوە...»**، دایەنە دەستی کوڕەدارکەنەکە بەم شێوەیە پەردە لەسەر ڕووداوەکان دادەڕێتەوە.

شایانی سەرنجە هەموو حیکایەتە فولکلۆریەکان بە **«هەبوو، نەبوو»** دەست پێدەکات و بە دەستەواژەی **«ئەمنیش کاڵەم درا، هاتمەوە هیچم پێ نەبرا»** کوتایی دێت.

## تێبینی و سەرنج لەسەر دەقە نووسراو و نمایش کراوەکە

بەرای ئێمە ئەم دەقی شانۆیی (گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە) پەڕینەوەیە بۆ قۆناغێکی نوێ لە قۆناغەکانی گەشتی نووسەر بە جیهانی کەلەپووریەکەیدا، لەم ڕووەوە ئەم باری سەرنجانەم هەیە:

**١- دەستنیشانی چوار ئەکتەری کردووە بۆ نواندن سەرجەم کەسایەتییەکان کە لە بیست کەسایەتی پترترە و ئازادیش بۆ دابەش کردنی کەسایەتییەکان.**

**٢-بۆ یەکەم جار حەکەیەتخوان تەنها ئەکتەرێ ناینوێنێ، بەڵکو دابەشە بەسەر هەموویانا و هەندێ جاریش بەکۆ دەیبینین.**

**٣- لە رووی زمــانەوە، پەرینەوەیە لە زمــانێکی پوخت شــاعــیریانەی کــە لە تێکرای دەقەکانی پێشووی نووسەرا بە زەقی خۆی دەنوێنێ، بەڵکو لەم کارەدا، زمانێکی تەواو نزیک لە زمانی حەکایەتەکەوە و پتر پشتی بە زمانی دایلۆگەکانی ناو حەکایەکە بەستووە و بە شێوەیەکی گشتی زمانی گوندنشینانە، یان درووستتـرە، ناوی بنێن بە زمانی کـۆمەڵگای کشتوکاڵییانە، کە زمانی بنچینەیی گەلی کوردە، لەبەر ئەوەی کـۆمەڵگایەکی کشتوکاڵ کاربووە، بە زمانی جوتیارانە دەدوێن.**

**٤- گیانێکی نیمچە کۆمیدی، یان پێکەنین هێنەری تیادا بەدی دەکەین، ئەو جۆرە پێکەنینەی «کاتێ بینەر پێ دەکەنێ، کە بە تەواویی هاوهەستی بابەتەکە بو بێتەوە»** (١) **لەبەر ئەوەی مەبەستەکە وا دەخوازێ.**

**٥- دوورکـەوتنەوە لە درێژە دایلۆگ، یان مـۆنۆلۆگی دوور و درێژ، بەڵکو پتـر رووی لە کورت و پوخت کردووە و ئەمەش بۆ بابەت و جۆری رزمی کارەکەوە دەگەرێتەوە.**

**٦- تێکەڵ کردنی بابەتەکە بە بابەتی شانۆی زارۆکان، ئەوەش لە بینراوی ئاژەڵەکان، واتە سەگ و مشک و پشیلە، کە بۆ چەند جارێ دێتە ناو شانۆییەکەوە.**

**٧- جارێکی تر کاریگەرێتی شێوازی شانۆ بەیت ئامێزییەکەی بەخت دەبینەوە بە تەواوی**

---

١- والت دزنی، لماذا نضحک، ص ٦.

**هەستی پێ دەکەین، چ لە شێوازە بەیت ئامێزییەکە و چ رووکردنە کاری نامۆبوون و بە ئاگاهێنانەوە و پرسیار زەق کردنەوە و بزواندنی توانای بیرکاری لەلای بینەران، بەمەبەستی گۆڕانکاری، نەک شی کردنەوە.**

**٨- دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە، یان کاری رازاندنەوە بە پەندی پێشینان و گەمە فولکلۆرییەکان.**

نووسەر سەبارەت بەم داواکارەی لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا دەڵێ: «گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە، هەنگاو و کۆششێکی تەواوکەرەی هەنگاوەکانی پێشوومە، کە لە پای بە دەستهێنانی شانۆیەکی پوخت کوردەوارییانەدا ناومە، لە ڕووی جۆری بەکارهێنانی کەرەسە و شێوازی داڕشتنەوە، ناچێتەوە سەر چ تەوژم و ڕێبازێکی شانۆیی، چیرۆکێکی فولکلوری دێرین فولکلۆری ئیلهامبەخشیەتی، لە ڕێگای چنگێ کەوتنی ئەنگوستیلەیەکی ئەفسوناوییەوە، هەرچۆن خەون و خولیا و خەونێکی دێرینەی مرۆڤ بە گشت موراز و ئاواتی دەگات و هەرچییەک بخوازێ هەر لە سەرەتاوە شانۆییەکە وێڵی بینینەوەی راستیەو دادوەری دەخوازێ و ئاکامیش لە کارکردنا ڕاستەڕێ گەشتێکە بۆ گەیشتنی کە هەردەبێ بگات ڕاستەڕێگا دەبینێتەوە... شێوازی بەیت ئامێزییە کوردییەک پەیرەو کردووە. کە لە ئاستی سەرهەڵدانی گشت گرێ شانۆییەکەدا، چەشنەها پرسیار راست دەبێتەوە و خەڵکەکە بە ئاگا دەهێنێتەوە...» (١).

بەلای منەوە ئەو هەڵسەنگاندن و رادەربرینەی نووسەر سەبارەت بە دەقەکەی، نرخاندن و هەڵسەنگاندنێکی تەواو پڕ بە پڕی هەنگاوەیەکەتی.

بەرای بینەرێکی شانۆییەکە (سەلام عەبدوڵلا) ڕای وایە: «مامۆستای نووسەری شانۆگەری «گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە، جارێکی دیکە سەلماندی کە هونەرمەندێکی خولقێنەوە، کار لە دوای کار لەوەی پێشووتری و وردتر و بەهێزتر و شاکارترە...» (٢)، هەر لەسەر هەمان نواندن بەرای (شوکر سلێمان)ی رۆژنامەنووس: ئەوەی لە گرەوی کوڕە دارکەنەکە بینیمان، کۆمەڵێک پرسیار بوو، ئەو پرسیارانەی تەنها ئەو کەسانە لە خۆیان دەکەن، کاتێ دەکەونە بەر گێژەلۆکەی نەهامەتییەکانی ژیان و ئەو ئالۆزییانەی لە دووتوێی گێرمە و کێشەکانی رۆژگارەوە ئالۆدەیان دەبێت...» (٣).

---

١- جەمال گردەسووری، شانۆیی بەختی کوڕە دارکەنەکە، چەپکی پەند، رۆژنامەی (خەبات) لاپەرەی کلتوور، یەکشەممە، ٢٠٠٥/٨/٢١، ژمارە (١٨٩٢).

٢- هەمان سەرچاوە.

٣- هەمان سەرچاوە.

کەواتە بە پێی سەرجەم ئەو رایانەی لەسەر ئەم کارەی نووسەر دراوە جەخت کردنە لەسەر هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی شانۆیەکی رەسەنی کوردی بەیت و ئاهەنگ ئامێزترەیە روخسارێکی تایبەتی هەبێت بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بە مێژوو و ئەفسانە و کەلەپووری گران بەهای گەلەکەمان بەستووە و سوودێکی گەورەی شانۆیی لێیانی بینیەوە، دوێنێ کردۆتە ئاوێنەی ئەمڕۆ نوێن خەون و خولیا لەناخەوە دەبزوێنێ و ئەیەوێ ئەمجارەش بە زمانی پێمان بڵێ:

«کرۆکی شانۆ گەرییەکە ئەوەمان پێ دەڵێت کە وەک پێشینان و وتوویانە «لە پرێک نابیت بە کوڕێک» واتە گەیشتن بە هەر ئامانجێک ئیش و کارکردن و ڕەنجدانی گەرەکە و دەبێ خەونەکانیشمان شیاو و گونجاو بی لەگەڵ هێز و تواناکانمان و بتوانین کاریان بۆ بکەین و بیناهێنینە دی و بە تەمای ئەوە نەبین بەچاو نوقانێک بگەینە دوا لوتکە. پێموایە هەلبژاردنی ئەم بابەتەش زۆر گونجاوە و پەیوەندییەکی تەواوی بە ژیانی ئێستامان هەیە.»(1)

بە گشتی ئەوەی نووسەر ویستوویەتی دەری ببرێت، گرێدانی هەردوو زەمەنە (رابردوو، ئێستا)، ئەوەی لە رابردوودا بە بەخت و رێکەوت تەماشا دەکرا ئەمەش بێگومان پەنابردن بۆ جیهانێکی میتافیزیکی، کە مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو بەربەرەکانیەیە کە لە نێوان چینەکانی کومەڵدا ڕووی داوە. ئەو کەسانەی کە پایە دەست بوون لە کۆمەڵدا دەبوونە تەگەرە بەرامبەر دابینکردن و بە ئامانج گەیاندنی خەونی هەژار و کەم دەرامەتەکان، ئەم چینکاریەو بەربەرەکانییە وایانی لێکردبوو، کە تەنها لە رێگای خەون و خەیاڵەوە واقیعەیەکەیان بگورن، ئێستا لە زەمەنێکی نوێدا ئەم خەون و خەیاڵە بە بادا چووە و راستیەکەشی بەردەوام زانست بەرەو چارەسەری دەروات، بۆیە پێویستمان بە شانۆگەرییەکە کە چارەسەری ئەم ململانێیە بکات و بە پێی گەڕان بە دوای خاڵە سەرەکیەکانی ئەمەدا، شانوەکان بە ئەنجامێکی ریالیستی بگەیەنین، نەک خەون و خەیاڵ. بێگومان ئەمە رێگە لەوەش ناگرێ کە لەسەردەمی ئێستاشدا هەندێ جار پەنا بۆ خەون ببەین، چونکە مرۆڤ هەمیشە حەز دەکا هەر خەون ببینێت.

---

١- حەمە سوار عەزیز، کوڕە دارکەنەکە گرەوی بردەوە! رۆژنامەی (خەبات) لاپەرەی (کلتور) شەممە ٢٠٠٥/٨/٢٧، ژمارە (١٨٩٨).

# دەقی بیانی

٤

## شانونامەی ئەفیگینیا لە ئۆلیس

## کەسانی شانۆییەکە:

**ئاگامەمنوون:** پادشای - میسنی - و - ئاراگۆس - ە. میرانی گریک بە پادشایان کرد. سەرکردەی لەشکری گریک دەکات بۆ سەر تەڕوادە لە بای هێنانەوەی - هێلین - و تۆڵە سەندنا - لە پێناوی بوون بە پادشا دەستی کوشتنی کرد و لە ئاکامدا هەستی بەوە کرد کە پادشایی لە چاخ دانە و ناچاری کردن بۆ ئەوەی خێزانەکەی بکاتە قوربانی پلەکەی.

**پیرەمێرد:** لە پێناو لەلای - تەندارس - ی - ئەسپەرتە - ی کۆیلەبووە، پاشان لە دەست و دایەرەی - ئاگامەمنوون - پادشایە.

**مینالایۆس:** پادشای - ئەسپەرتە - یە و برای ئاگامەمنوون - ە و مێردی - هێلین -ە.

**کلیمینترا** - کچی - تەندارس - ە و خوشکی - هێلین - ە ژنی - ئاگامەمنوون -ە. هێمایەکی دایکێکی بە بەزەیی و راستگویە و ئازار و خەمێکی زۆری لەپای - ئەڤیگینیا - ی کچیا خوارد، تا دوانی جار دکۆکی لە مافی ژیانی کچەکەی کردو مێردەکەی بێ توانا باس کرد.

**ئەریستۆس:** کوڕە تاقانەی - ئاگامەمنوون - ە.

**ئەفیگینیا:** کچە گەورەی - ئاگامەمنوون - و کلیمینسترا - یە نموونەی بالآی بێ تاوانی و خاوێنیە، و بۆتە نێچیری رۆژانێکی دڕندە، بەرەو مەرگی دەبەن بەبێ ئەوی تاوانی هەبی یان دەسەڵات، دەکرێنە قوربانی بۆ دەستێکی - میتافیزیکی - ون و نادیار و نەزانین.

**کۆرس:** لە دەستە کیژانی - کالاکس - پێکهاتوە.

**دەست و پێوەند:** کۆمەڵە ژنان و پیاوان.

**ئەکلیز:** کوڕی - بیلدیز - ی فەرماندەی - میر میدوون - ە.

**نێردراو:** سەربازێکی - ئەرجیف - ییە و نامەبەری - ئاگامەمنوون - ە بۆ کلیمینسرا -ی ژن.

**رایی کەرانی قوربانی:** لە کاڵکس - ی گەورە ئاخون و چەند سەرکردەیەکی - ئاکیا - یی پێکهاتوە.

# شانونامەی ئەفیگینیا لە ئۆلیس *

### هۆی هەڵبژاردنی ئەم شانۆییە

دیارە هەڵبژاردنی هەر تێکستێکی شانۆیی لە لایەن هونەرمەندێکەوە چەند هۆکارێک هەیە. کە لە نێوانی سەدان شانۆی بیانیدا هەڵی دەبژێری و بێگومان پەسەندکردنی بۆ ئەو بایەخ و توخمانە دەگەڕێتەوە، سەرکەوتن و مەبەستەکەی تێدا دەبینێ، شانۆی -ئەفیگینیا لە ئۆلیس- لە نێوانی سەرجەم شانۆییە گریکییەکانی ئەو سەردەمە دێرینەدا، شانۆییەکی جیاوازە، چ لە رووی پەرەپێدانی هونەری نووسینی شانۆییەوە، هەر چۆن خۆی - یورپیدس - پەرەی بە هەنگاوەکانی شاعیرانی شانۆی پێش خۆیدا، بە تایبەت هەوڵەکانی - ئەسکیلۆس - و پاشان - سۆفۆکلیس-، پەرەپێدانە و پتر پەیوەست بوونە بە واقیعەوە، چ لە ڕووی مامەڵەکردنی کەسایەتییەکان و چ جۆری گۆڕانکارییەکان. کەواتە وەک نموونەیەکی هەرە شاکار کە بە تەواوەتی مەرج و خاسیەتەکان ئەوانەی - ئەرستۆ - لە کتێبی - هونەری شیعر - دا ئاماژەی بۆ کردوون، دەکرێ بکرێتە بەرهەمی پەیمانگەهی هونەرە جوانەکان، هەر چۆن

* ئەم شانونامەیە لە نووسینی (یورپیدس)ە، بۆ یەکەم جار ساڵی (٤٠٥)ی پێش زایین لە شاری -ئەسینا- نوێنراوە، ساڵێک بەر لە مەرگی -یورپیدس-. مەحمود مەحمود ساڵی ١٩٤٦ بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێراوە، هەمان شانۆنامە نووسەری کورد (ئەحمەد سالار) لە ساڵی ١٩٨١ کردوویە بە کوردی و بە چاپی گەیاندووە، هەر هەمان نووسەر بو بە دەرهێنەری ئەم شانویە و لەسەر تەختەی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری سلێمانی پێشکەش کراوە.

شانۆی گریکی بە بنچینەی شانۆی جیهانی دادەنرێ و لە بەرنامەی خویندنی بەشی شانۆدا یەکەم بابەت و سەرەتایە، کەواتە بۆ مەبەستێکی زانستی و پیادەکردنی لایەنی پراکتیکی خویندنەکەی شانۆ بە دروست و پەسەندم بینی - دەبێ ئەوەش بلێم: یەکەم بەرهەمی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو، لە چ رۆژگارێکا؟ لە سەرەتای هەشتاکاندا و ساڵی (١٩٨٢) کورد و کوردستان لە بارودۆخێکی گەلێ دژوارا دەژیان، کۆمەڵە هێڵی دراماتیکیانەی - وێنەیەک لە تەک بار و ژیانی ئێمەی ئەو رۆژانەدا هاوتەریب بوون. رۆژانە سەدان کورە کورد رووبەرووی مەرگ دەبوونەوە بەچەشنەها جۆر، بە بەرچاومانەوە کوڕانی شارەکەم. کەواتە لە بە قوربانی بوونی - ئەفیگینیا - دا قوربانییەکانی خۆمان دەدییەوە، لە ئازایەتی و رووبەڕووبوونەوەی چارەنووس، لە پێناوی پەیامێکا هەرچۆن - ئەفیگینیا - لە پێناوی هەموانا خۆی کردە قوربانی، لێتان ناشارمەوە، هەمیشە - لەیلا قاسم - لە ویژدانما نموونەیەکی ئازای - ژان دارک - کانەیە و بگرە زیاتر، کیژێکی قوتابی زانکۆ، چۆن کە بۆ سەر سێدارە برا وای دەزانی بە بووکی بۆ دەست گیرانە عەزرەتخوازەکەی دەبەن، لەسەر و ئەمانەوە رۆژانی چەند جەنگ بوو، کە ئێمە و خاکەکەمانی پێوە سوتابوو.

کەواتە چ ئازایەتی و چ قوربانی بۆ خاک و نەتەوەو چ پەرۆشی ئازادی و سەرفرازی، لە تەک شاکاری بابەتەکەو پێداویستی خویندنی بەشی شانۆ... بوە هۆکاری هەڵبژاردنی و پێشکەش کردنی، ئەوەی پێویستە بلێیم ئەوەیە: ئەو شانۆییە پتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵی بەسەرا رابووردبوو و دەبێ بینەران چێژی لێ وەربگرن و مەبەستە شانۆییەکە بگەینێ؟.

لە یادمە رۆژی - جەنەراڵ پرۆڤە- دا ئەو قوتابیە کیژەی کەسایەتی - ئەفیگینیا - ی دەبینمی- خاتوو بەیان رەشید زەریفێ - بوو، منالێکی شەش حەوت سالانی خوشکەزای پێ بوو، لە هۆڵەکە داینا، پرۆڤە دەستی پێ کرد و وتم بەردەوامبن راتان ناوەستێنم، ئیدی کەوتمە سەرنج دانی ئەو منالە تا کۆتایی نواندنەکە، سەیرم کرد بەرە بەرە بەو پەڕی پەرۆشییەوە سەرنجی شانۆییەکەی دەدا و بە تەواوی ئاگای لە خۆی نەمابوو، تا کۆتایی، منالەکەم لە باوەش گرت و ماچم کرد، بە قوتابییەکانم وت: تەواو ترسی ناوێ شانۆییەکەمان سەرکەوت، جەماوەرێکی باش دەبێ و چێژی لێ وەردەگرن، پاشان بۆم روون کردنەوە، چۆن ئەو منالەم کردە پێوەرو سەنگی مەحەکی راستەقینە، هەر واش دەرچوو، ئەو کارەی لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش زایین هێنابوومانەوە ئەمرۆ ئاشنابوو هەموان پێی ئاشنابوون، ئەمەش نهێنی و ئەفسوونی هونەری ئەو شاکارەی - یورپیدس -ە کەواتە بە وردی حسابم بۆ جەماوەر کردبوو،

ئەمەیان ئەرکی سەرەکی دەق هەڵبژاردنە.[1].

وەرگێر و دەرهێنەر، لە ژێر - وشەی دوا لاپەرە - بەروونی مەبەستی لەم کارە روون کردۆتەوە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە دەبوو راستەوخۆ وەرگێرایە، نەک لە رێگای زمانێکی ترەوە و دەبوو هەر خۆی چۆن بووە، بە هەمان شێوە بە زمانی شیعر بکرایە بە کوردی.

ئاوڕدانەوەمان لە کولتووری کۆنی گریکییەکان، ئاوڕدانەوەیەکی چاک و لەبارە، وادەی خۆیەتی، کارێکی رەوا و دروستە، ئەگەر بۆ چاوکردنەوەمان بێ، یان بۆ بەستنەوەمان بە هەڵقەیەکی گەورە و گرنگی زنجیرە مەزنەکەی شارستانیەتی مرۆڤەوە.

دەست بردن بۆ شانۆنامەی (ئەفیگینیا لە ئۆلیس)ی (یۆرپیدس)ی باڵا دەست بردنە بۆ هەرە شاگوڵێ گوڵزاری ئەو بەهارە دڵکەرەوەی گریک، جگە لەوەی چاو برسێتیش هەرکاری خۆی کردووە لە پەلاماری شتی گەورەدا، «هەرچەندە ماوەیەکی زۆری چەند سەد ساڵی بەسەردا هاتووە بەڵام ئێستاش خوێنێکی گەرم و گوڕی هەرزەکارانەی ئەم رۆژگارەمان بە دەمارەکانیدا دی و دەچێ، بۆیە شیاوی بە نۆبەرەبوونی بەرهەمی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانیم زانی، دەبێ کارێکی وا چەندین پرسیاری لێوە سەرهەڵدا و وەک بپرسرێ: بۆ لە زمانی گریکییەوە نەکراوە بە کوردی؟ بۆ بە زمانی شیعر نە نوسراوەتەوە؟ لە کاتێکا سەرەتای شانۆنامە کلاسیکییەکان بە شیعر نوسراون... بەڵێ دەیان پرسیار و بگرە و پتریش.. جا کە کەم بۆنەوەی هێندێ شت لە قوژبن و تاریکیدا نەمێنێتەوە و ئاشکرا بکرێت»[2].

هەرچون بێ لەم شانۆیەدا ئەم لایەنانە رەنگ دەداتەوە، ئایین، باری رامیاری، خێزان، خۆشەویستی خاک و نەتەوە، پەروەردەکردنی گیان بەخشین، دژایەتی دوژمنان و کوشش لە پێناوی ئازادیا.... هتد.

---

١- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، دیمانەی تایبەتی مامۆستا، ئەحمەد سالار، لە بارەگای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان - لقی دهۆک، رۆژی ١/٨/٢٠٠٥.

٢- هەمان دیمانە، ١/٨/٢٠٠٥.

## «یوربیدس» و سەرچاوەی شانۆییەکان *

داستانە دێرینە گریکییەکان بە گشت سەربورە و چیرۆک و رووداوەکانییەوە سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمەکانیەتی، بۆ نموونە هەر لەسەر زنجیرە داستان و ئەفسانەکانی - هێررکلیس - کە بۆتە بابەت و کەرەسەی سەرکی نووسینەکەی ئەم شانۆییانەی نووسیوە: (هێرکلیسەشێت)، (گەورانی هێرکلیس).

لە سەر داستانەکانی شاری - تییە! (باخۆسیسەکان)، (فینیکییەکان)، (ئافرەتەنزاکارەکان). لەو رووداوە مێژووییەکان، کەلە ڕووی شکۆیێ دانەوە بوونەتە ئەفسانە، یان بلێین لە دواین رۆژانی جەنگی -تەرواد-ەوە کە دە ساڵی خایاند شانۆی: «ئەفیگینیا لە ئۆلیس) و (ئەفیگینیا لە تۆرس) و (تەروادییەکان) و (هیکۆبا) و (هێلین) و (ئەندرۆماخی) نووسیووە.

بە هەمان شێوە ئەفسانە و چیرۆکە خەرافییەکانی ناو - ئەنیکا - بوونەتە هەوێنی:

---

* یورپیدیس هێندێ لە مێژوونووسانی شانۆ وای بۆ دەچن کە لەشاری - ئەسینا - لە دایک بووبێ، ڕای جیاوازیش هەیە، گوایە لە گوندی - فێلا - ی ناوەندی ناوچەی - ئەنیکا - لە دایک بووە و سەبارەت بە ساڵی لە دایک بوونی، دەگوترێ: لەو رۆژەدا لە دایک بووە کە هێزەکانی گریکییەکان بەسەر لەشکری فارسەکان دا زاڵبوون، کە نزیک دوورگەی - سلامیس - روویدا. بەو پێیە، ساڵی لە دایک بوونی دەکاتە (٤٨٠)ی پ. ز. لە سەرچاوەیەکی مێژوویی تردا، دەست نیشانی ساڵێکی دی کردوە لە تۆمارێکی دیرینە، بریتیە لە تاشە مەرمەڕێ، بە (نەخشی یارۆس) دەناسرێ، بە بۆنەی دوورگەی (یارۆس)ەو وا ناوزدە کراوە، کە لەوشوێنەدا لە سەدەی حەڤدەهەمدا بینراوەتەوە و ئەو نەخشەش بۆ ساڵی (٢٦٤)ی پ. ز دەگەڕێتەوە. دەست نیشانی ساڵی لە دایکبوونی بە ساڵی (٤٨٥-٤٨٤)ی پێش زایین کراوە. (بڕوانە: (جميل نصيف التكريتي، قراءة وتأملات في المسرح الاغريقي، ص ١٨١، هەروەها بڕوانە: (جليرت موري - يورپيدس و عصره، ص ١١-١٢.

شایانی باسە لێرەدا ناوی ئەو هەژدە شانۆییەی - یۆرپیدس - تومار دەکەین، گەواهی زیندویەتی و مەزنییەتی: (ئەلکسیست، ئەندرۆماخی، باخۆسیەکان، کۆرانی هێرکلیس، هێرکلیسە شێت، هێلین، هیکۆبیا، هییۆلیتس، ئەفیگینیا لە ئۆلیس، ئەفیگینیا لە تۆرس، ئایۆن، سیکیلۆب، میدیا، ئۆریست، ئافرەتە نزاکەرەکان، تەڕوادییەکان، فینیکییەکان، ئەلەکترا). شایانی تێبینیە نووسەر لەو هەژدە شانویەدا (پێنج جار) خەلاتی یەکەمینی وەرگرتووە.

(هیـۆلیـتس) و (ئـایۆن).. لەم شانۆیی - ئەفیگینیا لە ئۆلیس- ە دا. بابەتێکی تەراژیدی خوازراو لە داستانی - ئەفیگینیا- ی کچی پادشا و - ئاگامەمنوون - کەبە چ شێوەیەک کیژێکی لە پێناوی خەڵکی تردا خۆی بە قوربانی دەکات. هەرچۆن لە شانۆی - ئەریختیس- کیژێک خۆی بە قوربانی شارەکەی دەکات.[1]

ئەوەی خاڵێکی جیاکەرەوە و دیاری ئەم شانۆییەیە کە لەسەرجەم شانۆییە گریکییەکانی بەر لە خو جیادەبێتەوە، دەگەرێتەوە بۆ: «کەسایەتی - ئەفیگینیا- ی پاڵەوانی شانۆییەکە بە کـاریگەری بارودۆخـەکـەی دەوروبەریەوە پەرەدەسـێنێ، ئەمـە لە هیچ تەراژیدیایەکی دی گریکی دا رووی نەداوە، باوکی بە بیانوی ئەوەوەی کە دەیکاتە هاوسەری - ئەخیل - بۆ - ئۆلیس - ی دێنی»[2] بەڵام کارەکە و هێنانەکەی بۆ مەبەستی بە قوربانی کردنی دەگۆڕێ. رووداوەکان لە - ئۆلیس - ی کەنار دەریا روو دەدات.

---

١- ئەو دەقەی، یورپیدس، بە تەواوی نە گەییوەیمان.

٢- د. جمیل نصیف التکریتی، قراءه وتأملات فی المسرح الأغریقی، ص ٢٠٣.

# بابەتی شانۆییەکە

ئەو رەمزانەی کە لەم شانوگەریە و گەلێک لە شانوگەریەکانی نووسەرانی کلاسیک دا بەکار هاتووە یەک دەگرنەوە ئەمەش لە ژێر کارتێکردنی ئەفسانە و حیکایەت و داستان و هەموو توخمە پێکهێنەرەکانی شانودا بەکار هاتووە، و بونەتە هەوێنی گشت دەقە کونەکانی گریکی، هەروەها بونەتە رەمزی زورانبازی لە نێوان خوداوەندی خێر و شەردا، شایەنی سەرنجە ئەم رەمزانە لە نێوان هەموو مللەتێکدا هەیە و هەریەکە بە پێی تێڕوانینی خۆیان بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆیان بەکاریان هێناوە، ئەمە چ لە ناو کومەڵگادا بێت وەکو کردارێکی رۆژانە، یان لە نووسینەکانیاندا پەیرەویان کردبێت، هەروەک چون لەم شانوگەریەدا بەدی دەکرێت.

– ئاگامەمنوون – ی میستی پادشای – ئاراگوس – بوو – میناڵایۆس – برای بوو. ئاگامەمنوون – کلیمینتسرا – ی کردە هاوسەری و – میناڵایۆس – ش. هێلین – دەبێتە هاوسەری و لە نێوانی سەدان داخوازی کەرانا بۆی دەبێ هەموانیش سویند دەخۆن هەر دەست درێژییەک بکرێتە سەری ئەوا هەر هەموویان کۆمەکی لێ دەکەن.

بە پێی داستانەکان، ئەو – هێلین –ە، وەچەی – زیۆس –ی خواوەندە و جوانترین ژنی دونیا بووە.

رۆژێ لە رۆژان – پارس – ی کوڕی – پریەم – ی پادشای – تەڕوادە – لە خشتەی دەبا و فریوی دەباو – هێلین – رەدوی دەکەوێ. ئەو دەمە – میناڵایۆس – هاواری لێ هەڵدەسێ و هاوار و پەنا بۆ پەیماندەرەکانی دەبێ بە فریادی بێن، ئەوانیش بە دەنگییەوە دێن و هەموان بۆ جەنگ و سەندنەوەی – هێلین – یەکانگیر دەبن. – ئاگامەمنوون – بەسەرکردە و سەر لەشکر دەکەن، ئەو کاتە دەبوو بە کەشتی چارۆکەدار روو لە – تەرِوادە – بکەن بەڵام – با – هەڵناکات. – ئاگامەمنوون – ئەوەی بیرچووبوون و کاتی – کلیمینسرا– ی بە هاوسەر بوو نەزری قوربانی بۆ – ئارتیمس – ی خوداوەندی راووشکار و با کردبوو، بەڵام جێ بەجێ نەکردبوو، ئەوا هاتەوە رێگای و گەورەئاخوون پێی را دەگەیێنێ، کە با هەڵناکات تا – ئەفیگینیا – ی گەورە کچی بە قوربانی نەکات، لێرەوە باوکە لە نێوانی ئەرکی باوکایەتی و ئەرکی گشتی دا تیا رادەمێنێ، ناچار هەواڵ بۆ ژنەکەی دەنێرێ کە – ئەفیگینیا – ی کچی بۆ بنێرێ بە بیانووی ئەوەوەی کە لە – ئەخیلی – ی مارە دەکات، – ئەفیگینیا – دەگات و رووبەرووی حەقیقەتەکە دەبێتەوە پاش هەوڵ و تەقەلا و پارانەوە بۆ دەربازبوون لەو

چارەنووسە سەختە، ناچار دەبێ مەرگ هەڵبژێری و دەدرێتە دەست دەستەی قوربانی کاران، پاشان هەواڵ دەبیسترێ کە لەو ساتی شمشیر هێنانەوەی بەخت کردنەکەدا، چەخماخەیەک دێت و - ئەفیگینیا - بۆ ئاسمان هەڵدەکێشرێ و کار ئاسکێ لە جێگای دادەنرێ. ئەمەش بەهۆی ئەو ئازایەتی نواندنەیەوە، خواوەند ئاسمان بە شایستەی دادەنی.

ئەمە چیرۆک و سەربردەی شانۆیی - ئەفیگینیا لە ئۆلیس - بوو.

## شرۆڤەکردنی شانۆنامەی - ئەفیگینیا لە ئۆلیس -:

سەرەتا لە کەناری دەریایە، شەوە و خەو هەر نەچوەتە چاوی - ئاگامەمنوون پاشا - و هەست بە ئالۆزەباری و خەم و پەژارەیەک دەکرێ کە پاشای بێدارکردوە:

**«ئاگامەمنوون: مەلان هەڵنیشتوون، دەریا کش و ماتە، تەنانەت شنەبای سەر - بۆریس - یش نیشتۆتەوە و ئارامی گرتووە.**

**پیرەمێرد: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا - ئاگامەمنوون - کۆشک و جێگای خۆی بە جێ هێشتووە، خەوێکی قورسیش بەسەر - ئۆلیس - دا چۆکی داداوە، هێشتا وەکوو ئێشک چییان بەبێ دەنگی لە ئێشک گرتنان، فەرموون بچینە ژوورەوە.**

**ئاگامەمنوون: پیرەمێرد خۆزگە بە تۆ دەخوازم، خۆزگە بە بەختت، خۆزگە بە هەموو ئەوانە دەخوازم بە دڵنیایی و ئاسوودەییەوە ژیان دەبەنە سەر بەو کەسانەی لەبەر چاو نین، لە ناودا نین، خەمی مەزنە پیاوان لە ئەندازە و ووزە بەدەرە.**

**پیرەمێرد: پاشایەتی گەنجینەیەکی گرانبەهایە و پایە و پلەیەکی بەرز و پیرۆزە.**

**ئاگامەمنوون: پلەو پایەیەکی لەق و لێژە،، نەسرەوتنە، مێملایەتی رووناکی لێ بە تاریک دەکات....» (١).**

لەو بینراوی سەرتاییەدا، لەسەر زاری - ئاگامەمنوون - بە دایلۆگێکی دوور و درێژ مێژووەکەی بەسەر دەکاتەوە چۆن بووەو ئێستاش چۆن گیرودە بووە تێوەگلاوە، ئەمەش بەهۆی - هێلین - ی برا ژنییەوە و کە چۆن رەدووی - پارس کەوت - و چۆن لەسەر بەڵێنی پێشووی سەرجەم داخوازی کەرانی - هێلین - کە ئەگەر دەست درێژی بکرێتە سەر ئەو

---

١- یورپیدس، ئەفیگینیا ئۆلیس، وەرگێرانی، ئەحمەد سالار، ل ٦.

هاوسەری بوونەوەی - هێلین - بە - مینالایۆس - هەموان بە دەنگ دێن... ئەوا ئێستاش کالاکس - ی ئاخوونە گەورە دەڵێ: **«ئەرتیمس - ی خوداوەندی ئەم وڵاتە، قوربانی گەرەکە و ئەو قوربانی یەش دەبێ کچە گەورەی من بێ، ئەوسا کە با هەڵدەکات، تا، کەشتیەکان چاوڕێکان بەڕێ بکەون، ئەوسا کە بە خێرایی ئەمانگەیەنێتە - تەڕوادە -، و ئەو - تەروادە -یەی شوورە و قەڵا و سەنگەرەکانی لەبەر هێرشی هێزەکانمانا دەڕمێ و هەرەس دێنێ، ئەگەر قوربانییەکە نەدەین ئەو ئەنجامە بە دەست ناهێنین...»** [1].

پاشان باس لە پەژارەی خۆی و دڵەراوکێی دەکات و بە حوکمی باوکایەتی پەشیمان لە بڕیاری و نامەیەکی نوێ دەنووسێ کە کچەکەی بۆ نەنێرن و بە پیرەمێردا نامەکەی بەڕێ دەخات و بەڵگەیەکی تایبەتی وەک نیشان دەداتی کە ژنەکەی واتە - کلیمینترا - بڕوای پێ بکات. دوا بەدوای ئەو راسپاردن - کۆرس - لە دەستە کیژێکی - کالاس - ی پێکهاتووە و بەنیازی تەماشاکردنی سوپاکەن و باس لە رووداوەکەوە دەکەن.

**- کۆرس - وەسپی خۆ ئامادەکردنەکە و بنچینەی سەربوورەکە دەکەن.**

**«یەکەم کەسی کۆرس: ئەی دەستەخوشکانی خۆشخوان، گەیشتینە خاکی - ئۆلیس - ئەو خاکەی بە شەپۆلاوی دەریا خاوێن بۆتەوە، دەربەندە تەنگەبەرەکانی - ئۆلیس - مان بڕی، کالاکس - ی نیشتمانمان بەجێ هێشت، «روو دەکاتە تەماشەکەران» ئەو شوێنەی رووبارە زیوینەکەی - ئەرسیۆس - لە کەناریا تافەتاف و هەڵچوونیەتی.**

**دووەم کەسی کۆرس: سەیرە! کامەتا؟ کوا ئۆردوگای قارەمانان؟ کوا خێوەتەکانیان؟ کوا کەشتیە جەنگییەکان؟ چییان لێهات؟**

**سێیەم کەسی کۆرس: تەماشا ئەوە هەزارەها کەشتیە لە کەنداوی - ئۆلیس - دان، تیا راماون! چاوەڕێن با هەڵبکات تا بەرەو - تەڕوادە - بچن...»** [2].

- مینالایۆس - ڕێگایە پیرەمێردی نامەبەر دەگرێ و بە زۆر نامەکەی لێ دەسێنی و ناوەڕۆکەکەی لا ئاشکرا دەبێ و لەسەر ئەو پەشیمانبونەوەیەی - ئاگامەمنوون - پاشای برای دەبێتە مقۆمقو و هەرایان و مینالایۆس - هەرەشەی ئاشکراکردنی لەلای هەموان پێ دەکات و دەیترسێنێ و بە پیاوێکی بێ بەڵێن و ترسنۆک و ڕارای باس دەکات.

**«مینالایۆس: ئەگەر لە بارتا هەیە، دەوێرێ فەرموو وەرە بەرامبەرم ئەو کاتە قسەیەکت**

---

١- یورپیدس، ئەفیگینیا لە ئۆلیس، وەرگێرانی، ئەحمەد سالار، ل ٩.

٢- یورپیدس، ئەفیگینیا لە ئۆلیس، وەرگێرانی، ئەحمەد سالار، ل ١٢.

**لەگەڵ دەکەم.**

**ئاگامەمنوون: ئاگامەمنوون –ی کوڕی – ئەتریۆز – لەکەس ناترسێ و سڵ لە کەس ناکات..»[1].**

باس لە بەرژەوەندی گشتی، پەرژەوەندی خاک و نیشتمان دەکەن و لەسەر گشت پەیوەندییەکی تایبەتییە وە دادەنێن بە پاشا دەڵێ: کە چۆن (ئارتیمس)ی خوداوەندی جەنگڵتان داوای بەخت کردنی کێژۆلەبەی وادەشووی کردووە و ئەو کێژۆڵەیەش – ئەفیگینیا –ی کچتان دەرچوو چۆن بەو بەخت کردنە سوپاکەی – ئاکیا – دەتوانێ دەریای (ئیجە) ببڕێ.. کار دەگاتە رادەیەک کۆرس بێتە دەنگ:

**«یەکەم کەسی کۆرس: چەند ناخۆش و دڵتەزێنە مرۆڤ گوێ ی لە دەمە قاڵێ ی دوو برا دەبێ.**

**دووەم کەسی کۆرس: لەوە دەترسم و سڵ دەکەمەوە، ئەمە بەڵایەکی لێوە بکەوێتەوە»[2].**

**– ئاگامەمنوون – سوورە لەسەر ئەوەی، کچەکەی ناکاتە قوربانی خەمی براکەی و دەڵێ: «بە چ هەقێ ڕەوایە لە پای تاوانی ژنەکەی تۆدا تیا بچێ؟ ئەگەر بێتوو ئەو کارە ناڕەوایە دەرهەق کچەکەم بکەم، واتە دەبێ سەراپا شەوو رۆژم لە فرمێسکی تفت و تاڵدا بتوێنمەوە...»[3].**

هەواڵی گەیشتنی – ئەفیگینیا – بڵاودەبێتەوە و هەموان پێ دەزانن خەڵکی مەبەستی هاتنەکەی دەزانن و لەلایەکی تریشەوە دایکی و براکەی بە خەیاڵی زەماوەندی – ئەفیگینیا – هاتوون، جارێکی تر – ئاگامەمنوون – ی پادشا و بارک گیرۆدەی خەمی هەڵبژاردنی لایەنێکیان دەبێ، هەرچۆن هەموو پاڵەوانێکی – تەراژیدی – و ئاکام رووبەرووی چارەنووسە تاڵەکە دەبێتەوە، نازانی چی بکات!

**«ئاگامەمنوون: نازانم بڵێم چی؟ لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ بەڵای رۆژگار لە دوای ناوم، خوداوەند خۆی دەزانی چی دەکات، حەزم دەکرد پادشانەبوومایە، ئەوەی هیچ نەبێت، ئازاد و سەربەستە، دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی، پڕ بە دڵی خۆی بۆ کلۆڵی و کوێرەوەری خۆی بگری و بڵاوێنێتەوە، بەڵام ئەوە بۆ مەزنە پیاوان نابێ و نالوێ، پایەی بەرز پیاو دەکاتە**

---

١- یورپیدس، ئەفیگینیا لە ئۆلیس، وەرگێرانی، ئەحمەد سالار، ل ١٨.

٢- یورپیدس، ئەفیگینیا لە ئۆلیس، وەرگێرانی، ئەحمەد سالار، ل ٢٢.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥-٢٦.

**کۆیلە...»**[٤].

لەسەر زاری ئەندامانی کۆرسی کیژانەوە باسە داستانییەک ورد دەکرێتەوە و هەواڵەکان دەگەیەنرێ و دەیبیستێت شاژن و کیژەکەی دەگەنە شوێنی رووداوەکە و بە - ئاگامەمنوون - دەگەن، هەست بە خۆشەویستیەکی لە رادەبەدەر لە نێوانی باوک و کیژەکەیدا دەکەین، ئەو پەڕی ریالیزمیانە و پەیوەست بە ژیانی خێزانییەوە:

«ئەفیگینیا: باوکە گیان، ئەمەوێ ماچێکت بکەم، ئای کە دڵخۆشم بە باوکم شاد بوومەتەوە.

**ئاگامەمنوون: وەرە کچە خۆشەویستەکەم، دەزانیت تۆم لە هەموان لا ئازیز ترە؟...**

**ئەفیگینیا: دەبات لێم گەڕێ هەتا ئەو چرچ و لۆچانە لە رووی باوکما نەهێڵم، باخەندەیەک لەسەر لێوت نێم...»**[١].

لە نێوانی گەرمی ئەو دەمەتەقێ پڕ لە میرونەوایەوە - ئەفیگینیا - رووبەرووی حەقیقەتە جەرگبڕەکە دەبێتەوە و مەبەستی هێنانەکەی بۆ - ئۆلیس - ئاشکرا دەبێ و باری تەراژیدیاییەکە خەست و پڕ لە ئازارتر دەبێ.

**«ئەفیگینیا: ئەوە فرمێسکە بەروومەتەوە؟!**

**ئاگامەمنوون: کچەکەم، ئەبێ هەتا هەتایە لە یەک دەبڕێن، دەبێ یەکتر نەبینینەوە، دەبێ لە دەستم بچی...**

**ئەفیگینیا: نا.. نا.. نا باوکە گیان.. شتی وا نابێ.**

**ئاگامەمنوون: کچەکەم ووشە ساکار و بێ خەوشەکانن کسپە لەجەرگمەوە دێنی»**[٢]. پاش گەشتی ئازاری دایک و باوک و- ئەفیگینیا - ی کیژیان و ململانێ و پارانەوەیەکی زۆری ترە و دواجار ناچاربوون و ناچارکردنی بە هەڵبژاردنی چارەنووسە مەرگییەکەی و شانۆییەکە دەگاتە ترۆپکی هەڵچوونی رووداوە تەراژیدیاییەکە و دایک لەبەردەمی - ئەلکیز - ی سەرەک دەستەی بەخت کردنا دەکەوێ و بە پارانەوەوە داوین گیری دەبێ!

**«کلیمنیسترا: ئەوا بێ شەرمانە، بێ سڵ کردن، لەبەر دەمتا بە چۆکا دێم، ئەوا من ئافرەتێکم و لەبەردەم پیاوێکی خوداوەند نەژادا کەوتووم، ئازادیم لێ زەوت کراوە، چارە**

---

١- یورپیدس، ئەفیگینیا لە ئۆلیس، وەرگێرانی، ئەحمەد سالار، ل ٣٣-٣٤.

٢- هەمان سەرچاوە. ل ٣٤.

**رەشی کچەکەم ئازارم ئەدات، دەستی پارێزگاریم بەسەرا بکێشە دایکێکی بێ دەسەلات بپارێزە، ئەو کچە بپارێزە کە ناوی بووکی تۆی لێ نرابوو، لەبەر تۆ ملوانکەی رەنگینی ئالووالآمان لە مل کردبوو...»** [1].

کۆرس جارێکی تر رووداوەکان بە هەواڵ سەرگوزشتەو و بەشداری دەکەن، بریار دەدرێ و دایک و باوک رووبەروو دەبنەوە!

**«ئاگامەمنوون: کچەکەت ئامادەکە، با چاوی لە فەرمانی باوکییەوە بێ و گوێ رایەڵبێ. گوڵاوی پیرۆز ئامادەیە، کێکی سوێر خۆی ئامادەیە بۆ ئەوی ناو شاڵاو و کڵپەی ئاگرەکە بکرێ...»** [2].

- کلیمینسرا - سەربوردەی خۆ رەنجان و چۆنییەت شووکردنی بە - ئاگامەمنوون - باس دەکات، کە لەگەڵ ئەو هەموو بێ بەزەیی و توندوتیژییانەیەوە ئەم چۆن چاوپۆشی لێ کرد، ئێستاش کچەکەی لە پێناوی ژنی براکەیا قوربانی دەکات، کۆرس بە هاوارییەوە دێ و تکا لە - ئاگامەمنوون - دەکات!

**«کۆرس: ئاگامەمنوون - گوێی لێ راگرە، دەبا خۆشیشی کارت لێ بکات، پاراستنی مناڵان لە ئەستۆی باوکانایە، ئەفیگینیا: باوکە گیان، من ئەو دەنگە زێرینە زوڵاڵەی - ئەرڤیۆس -م نییە، دار و بەردی ئەحەپەساند، ئەگینا منیش بەکارم ئەهێنا، تەنها فرمێسک شک دەبەم و هیچی تر...»** [3].

باوک هیچ چارەی نییە و دەبێ فەرمانی خوداوەند ئەنجام بدات!

**«ئاگامەمنوون: خاوەنی دڵێکم چۆن دڵی گشت پیاوێک خوشەویستی و بەزەیی تێدایە. کاتێ بیر لە پیلانە نەخشێنراوەکە دەکەمەوە، ترس و لەرز دامدەگرێ، لە کردن و نەکردنی ئەسڵەمێمەوە، بەڵام چار نییە دەبێ خواست و ویستی خوداوەند بێتە دی، ئەگەر ئازار و سزا و خەمیش بێ، هەمووتان چاوتان لەو هەزارەها کەشتییە جەنگییە وەیە، دەشتوانن بە چاکی چاوتان لەو گشت پادشا بریق و باق پۆشانەی - هیلاس -ە وەبێ، - کالکس -ی ئاخوونە گەورەش دەم بە باسی توانا و خواستی خوداوەند دەکاتەوە، باسی ئەوە دەکات کە چۆن - ئەرتیمس - با هەڵناکات بۆ بزواندن کەشتییەکان تا قوربانی بۆ نەدری...»** [4].

---

١- یورپیدس، ئەفیگینیا لە ئۆلیس، وەرگێرانی، ئەحمەد سالار، ل ٤٩.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٦٩.

لەسەر زاری کەسەکان، دایک و کیژ و کۆرس باس لە بەڵای خودایی دەکەن کە بەسەر کەسانێکا دەبارێ و هیچ توانا و دەسەڵاتێکینا نییە، بۆیە - ئەفیگینیا - ناچارە لەبەردەم فەرمانی خوداوەند و باوک و بەرژەوەندی گشتی دا ملکەچی فەرمانەکە بێ و بێتەوە، ئەمەش ئەو راستە رێیەکە دەبێ کەسێکی وەک - ئەفیگینیا - وەک پاڵەوانێکی تەراژیدی هەڵی بژێرێ و بە دڵنیایەوە وەک رووڵە سەرفرازی هەمیشەیی رووی تێ بکات، ئەوەتا:

**«ئەفیگینیا: دایکە گوێم لێ بگرە، مێردەکەم لێ توورەمەکە، هیچ لە توورەبوون ناچنرێتەوە، هەموو شتێ بە هێز دەکرێ، هەرچییەکیان بوێ دەیکەن، لە دڵەوە سوپاسی هەوڵ و کۆششی ئەم پیاوە رەوشت بەرزە دەکەم، سەرووەرم کارێکی وا مەکە قسە و قسەڵۆکی خەڵکی و سەربازەکانت بێتە سەر، لەوە سڵ دەکەمەوە، ئەم بەرگرییەمان نەک هەر هیچمان بۆ ناکات، بەڵکو لەوانەیە دەرد و بەڵای گرانترمان بۆ بخاتەوە.**

**زۆر بە چاکی بیرم لە فەرمان و بڕیارەی بۆ کوشتنم دراوە کردۆتەوە، بەسەر ترس و بیما زاڵ دەبم و هیچ گوێ پێ نادەم، ئەمڕۆ - ئاکیا - و کەشتی گەلەکانی چاویان لە من بڕیوە، ئەم کارەی من زەبوونی و تێکشکانی - فرجیا - و ئازادی و سەرفرازی - ئەرجیف - ی تێدایە، دڵنیابوونی هەمیشەیی تێدایە...» [(١)].**

لە کۆتاییدا پتر جەخت لەسەر مەبەستەکە دەکاتەوە:

**«ئەفیگینیا: من گیانم قوربانی خاک پێ وڵاتەکەم دەکەم، خەڵاتی - ئاراگۆس - ی دەکەم، با من بمرم و - تەرِوادە. لەناو بچێت، لەمەرگی مندا ئازادی و سەرکەوتن بەبیر دێ، خەڵکی - ئەرجیف - دەبنە رۆڵەم، هەتا هەتایە ناوم بە نەمر دەبرێ» [(٢)].**

دەبینین - ئەفیگینیا - دڵنەوایی - کلیمینسترا - ی دایکی دەداتەوە، لە کچۆڵەیەکی ناسکەوە دەگۆڕی بە قارەمانێکی مەزن:

**«ئەفیگینیا: دایکە گیان تکات لێ دەکەم، نەکەی پرچ و ئەگریجەتم بۆ برنیتەوە، نەکەی بەرگی شیوەن و کۆست کەوتنم بۆ بپۆشی، نەکەی بۆم بگری و بۆم بلاوێنیتەوە.**

**کلیمینسترا: کچەکەم ئەوە دەڵێی چی!؟ بۆن نەگریم و بۆت نەلاوێنمەوە؟**

**ئەفیگینیا: چونکە من نەمر دەبم، دەژیم، هەتا هەتایە ناوت لە - «میسین»ی دا بڵند دەبێ..» [(٣)].**

---

١- یورپیدس، ئەفیگینیا لە ئۆلیس، وەرگێرانی، ئەحمەد سالار، ل ٧٨.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٨٠.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٨٢-٨٣.

کۆرس سروود و وێردی خۆی دەڵێ، بە سەرۆکایەتی – ئەکلیز – کەژاوەی – ئەفیگینیا – بەردەم سەربازانا رادەبورێ، دەگاتە بەردەم باوکی، باوکی هەرەسی دێنێ، – ئەفیگینیا – دڵی باوکی دەداتەوە، بەو پەری دڵخوشی و ورە بەرزییەوە روە و بەختگاکە دەبێتەوە. داوای تەدارەک ئامادەکردن و ئەنجام دانی بەخت بوونەکەی دەدا، هەر بەپێی سەرجەم شانۆی دێرینە و – کلاسیزم – بینراوی کوشتن و خوێن رشتن لەسەر شانۆ روو نادات، بەڵام لە رێگای نێردراوەکەوە، یان پەیامبەرەکەوە، تێکرای سەربوردەکەی – ئەفیگینیا – و رووداوی موجیزەکە بۆ – کلیمینسترا – ی دایکی دەگێڕێتەوە و لە ئاکامەکە ئاگادار دەکرێن:

**«پەیامبەر: – کالاکس – چەکی بە دەستەوە گرت، هەردوو دەستی بۆ نزاو پارانەوە بەرزکردەوە، جەنگاوەرەکانمان لە ناو بەزەیی چاویان لە زەوی بڕیبوو، چاومان لە لێدانەوەکەوەبوو، گوێمان لە دەنگییەوە بوو، کەس نەیدەتوانی، بلێ کیژەکە لە کوێدابوو... ئاخوون هاوارێکی بەرزی کرد، سەربازەکانیش بە هاواری سەرسوڕمانەوە لە ئاسمانیان ئەڕوانی.**

**خوداوەند مووعجیزەی نیشان داین، مووعجیزەیەک هەرگیز بە خەیاڵی کەسدا نەهاتووە، کەس بروای نەدەکرد، لە شوێنی کچەکە، لەسەر ووشکانییەکە ئاسکێکی گەلێ جوانمان بینی، بەختگا بە خوێنی ئەو ئاسکە نێردراوە سووربوو، ئیتر – کالاکس – بە دڵخۆشییەوە هاواری کرد: ئەی مەردانی سوپای – ئاکیا – تەماشا بکەن خوداوەند ئاسکێکی ناردە بەختگاکەی و ئەوەی لە بری کیژە بە قوربانی وەری گرت، نەیویست بەختگا بە خوێنی خۆشەویستی پاشا خوێناوی بێ، – ئارتیمیس – ویستی ئەم مووعجیزەیەمان پیشان بدات، ئەوەتا با هەڵی کرد تا چارۆکەی کەشتییەکان بکاتەوە و بەرێیان خات بۆ داگیرکردنی – تەڕوادە– ...»[(1)].**

### خاسیەتەکانی شانۆنامەی دێرینە «ئەڤیگینیا لە ئۆلیس»:

ئەو خاسیەتانەی لەلایەن – ئەرستۆ – وە لە کتێبی – هونەری شیعر – دا هاتووە:

**«تەراژیدیا بریتیە لە گێڕانەوەی مەزن فرمانێکی تەواوەتی، درێژییەکی دیاری هەیە، بە زمانێکی رازاوە بە چەشنەها جوانکاری و بە پێی بەشەکانی دەگۆڕێ. ئەم گێڕانەوەیەتی لە رێگای کەسانێکەوەیە فرمان دەکەن، نەک لە رێگای حەقایەت و گیڕانەوەوە، بۆ پاکژبوونەوە**

---

١– یورپیدس، ئەفیگینیا لە ئۆلیس، وەرگێرانی، ئەحمەد سالار، ل ٩٢.

٢– ئەحمەد سالار، رێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، ل ١٧.

دەبزوێنێ»[٢].

فرمانەکە سەرەتاو ناوەندو کۆتایی هەیە، بیرۆکەی قوربانی دانی، - ئەفیگینیا - ئاگار کردنەوە و دڵەراوکی و بەرهەڵستی و پاشان قایل بوون و دوا بڕیار و ئەنجامدانی، لەلایەکی تریشەوە پەیوەست بوونی بە یەکەکانەوە - الوحدات -: یەکەی شوێن سەرجەمی رووداوەکان دیاری کراو لە شەو رۆژێکا ئەنجام دەدری، هەروەها یەکەی فرمان، تەنها فرمانێکی سەرەکی تیایە، ئەویش بەخت کردنی - ئەفیگینیا - یە لە پێناوی با هەڵگرتن و رەوە - تەڕوادە - چوون.

لە رووی زمانەوە بە زمانێکی بەرز و جوان نووسراوە، ئەمەش پەیوەستە بە بابەت و بەرزێتی و نەژادخوداوەندی پاڵەوانەکانییەوە.

بەسەرهاتێکی داستانی دێرینە بەسەر دەکاتەوە و ئەمەش مەرج و خاسیەتە، و بەروون و رەوانی مەبەست دەگەیێنێ.

خاسیەتی کۆ لە خۆ گرتنە (التجمع)، کە یەکێکە لە دیاردەکانی ئەو شانۆبیانەی بابەتەکانیان لە ژیان و بەردەوامیدایە، ئەوەتا لەم شانۆییەدا قوربانی دانە لە پێناوی هەموان دا، لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی دا، قوربانی بۆ گەل و وڵات، ئەمە یەکێکە لەو باورە نەمرانەی تا کۆمەڵگا پەرەبێنی و تا مرۆڤایەتی بمێنێ، رۆژ لە دوای رۆژ جێگیرتر و پتەوتر و لە کاراتر دەبێ.

# ٥

# شانۆنامەی ئۆتێللۆ

**کەسەکانی شانۆییەکە:**

ئۆتێللۆ - سەر لەشکرە.

بارابانتیۆ - ئەندامی ئەنجومەنی پیرانە و باوکی دێزدەمونایە.

کامیۆ - ئەفسەرە و یاوەری ئۆتێللۆیە.

ئیاگۆ - ئالآهەڵگری ئۆتێللۆیە.

ڕۆدەریگۆ - پیاوێکی ڤینیسییە.

دۆک - سەرداری ڤینیسیایە.

پیاو ماقوڵان و ئەندامانی ئەنجومەنی پیران.

مۆنتانۆ - فەرماندەی پێشووی قوبرسە.

گراتیانۆ - برای باربانتیۆیە.

گالتەگێڕ - لە دەست و پێوەندانی ئۆتێللۆیە.

لۆدڤیکۆ - خزمی بارابانتۆیە.

دێزدەموونا - کچی بارابانتۆیە و هاوسەری ئۆتێللۆیە.

ئێمیلیا - هاوسەری ئیاگۆیە.

بیانکا - دولبەری کاسیۆیە.

کەشتیەوان

نێردراو

جارچی

ئەفسەران

سەربازان

گەورە پیاوان

مۆزیکا ژەنان

دەست و پێوەندان

# شانۆنامەی ئۆتێللۆ *

**شانۆنامەی ئۆتێللۆ لای ئەحمەد سالار:**

ئەوەی بە روونی هەستی پێ دەکرێ و دەبینرێ، پاراستنی گیانە شکسپیرییەکەو ڕەچاوکردنی ئەرکە شانۆییەکە، واتە کاریگەرێتی و بە دەستەوەهاتنی لە کاتی نواندن و پێشکەش کردنا، ئەمەش پەیوەندی هەیە بە لایەنی شانۆڤانی وەرگێرەکەوە، چ وەک دەرهێنەر یان ئەکتەر، هەر لەم بارەیەوەو بۆ پەسەندکردنی ئەم گیانەی شکسپیرە و بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو وەرگێڕانەی کە نووسەر تێدا ئەو پەڕی داهێنانی کردووە لە پێشەکی کتێبەکەدا مامۆستا (ع، ع، شەونم) ئەمەی دووپات کردوتەوە «لە ڕۆژێکەوە کە مامۆستا ئەحمەد سالار دلسۆزانە بازووی مرۆڤایەتی لێ هەڵ کردووە و هاتۆتە مەیدانی هونەرەوە، بەردەوام ڕەنجی داوە بۆ ئەوەی لە تەراتێن کردنی ناو ئەو مەیدانە پان و پۆرەدا پێشرەو بێت».

بە سەرنج دانێکی کەم دەردەکەوێت کە تا رادەیەکی باش توانیویەتی ئامانجی خۆی بچەسپێنێ، هەر لە بەشداربوونیەوە لە دامەزراندنی «تیپی نواندنی پێشڕەودا» تا ئەگاتە هەڵبژاردنی چیرۆکە شانۆ گەرییەکان لە جێی خۆیا و دەرهێنان و نواندن لە تازەترین شێوەدا... بەرهەمەکانی لە شانۆدا بە تایبەتی ئەوانەی کە خۆی دەستی بووە لە پێشکەش کردنیا، وێنەی رابەرێکی هونەرمەندی راستگۆ و پاکمان ئەخاتە بەرچاو، رابەرێک کە ئەیەوێت شانۆ بکاتە قوتابخانەیەکی راستەقینە بۆ گەلەکەی.

لەم دواییەدا چیرۆکی «ئۆتێللۆ»ی شکسپیری گۆڕی بۆ کوردی و لەگەڵ تیپەکەیدا لەسەر شانۆ پێشکەش کرد، لەسەر داخوازی خۆم چیرۆکەکەی بۆ هێنام و بە نیازی چۆنیەتی هونەری وەرگێڕانەوە خوێندمەوە، وویستم خوازی نووسەر بە جێ بهێنم و پێشەکییەک لەسەر

* شانۆنامەی ئوتێللۆ لە لایەن ولیەم شکسپیر لە نێوان سالانی ١٦٠٢-١٦٠٣ نوسراوە، ئەم شانۆگەریە بە زمانی عەرەبی و بە چەند جورێک وەرگێڕاوە، بو نموونە خەلیل مەتران لە ساڵی ١٩٦٢ وەریگێڕاوە، شایانی تێبینیە خەلیل مەتران لە زمانی رەسەنی دەقەکە کە ئنگلیزیە راستەوخو وەرینەگێڕاوە، بەڵکو لە رێگای زمانی فەرەنسیەوە ئەمەی کردووە. بەڵام نووسەری کورد ئەحمەد سالار بە پێی شارەزایی خوی ئەم شانۆنامەی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە، هەروەها هەر بۆ خوی دەرهێنەری بووە و وەک ئەکتەرێکیش تێدا کاری کردووە. نووسەر لە ساڵی ١٩٧٨ ئەمەی نووسیوە و هەر لە هەمان ساڵدا نمایش کراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٣ لە چاپی داوە، ئەم نمایشە لە شانۆی مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان و لە رۆژی ٤/١٠/١٩٧٨بۆ ماوەی حەوت رۆژ پێشکەشکراوە.

چیرۆکەکە بنووسم، بەڵام هەرچەندم کرد نەم توانی ووشەیەک کە تازە بێ بۆ ئۆتێللۆ بشێت و بچێتە پاڵ ووشەی هەڵسەنگێنەرانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە کە لەسەر ئۆتێللۆ نووسینیان ڕێچکەیەکی درێژی بەستووە.. بەڵام ئەوەنە کە من بتوانم بێنمە ڕوو ئەوەیە، بەراستی لە رووی هونەری وەرگێڕانەوە، ووشەی پڕ بە پیت و ڕستەی ڕەوان و بنڕینە و ڕێسای کوردی پەتی بە جۆرێکی وەها بەکارهێناوە، وەختە بڵێم ئەوەی ئەی خوێنێتەوە، ئەگەر چاو لە ناوەکان بپۆشێ، هەست بەوە ئەکات چیرۆکێکی کوردی بێت نە وەک وەرگێڕاو...

لەم رووەشەوە هەر ڕەنجێکی داوە مایەی پەسەندی یە، چ لە رووی هەڵبژاردن و نواندنییەوە لە جێی خۆ یاو، چ لە ڕووی وەرگێڕانی یەوە... ئاواتمان بە بەردەوام بوونی یەتی لە دنیای هونەر و وێژەدا و هیوامان نەخشاندنی ڕەنجی دڵسۆزانەیەتی لەسەر ڕێبازی پاکی مرۆڤایەتی.))[1].

## ولێم شکسپیر:*

شکسپیر لەسەرجەمی نووسینەکانیدا پەنای بۆ بابەتی میللی و شیعری ئینگلیزی و ئەفسانەی مێژوویی و لە ڕێگای ئەوانەوە، چارەسەری کێشە گرنگەکانی سەردەمەکەی خۆی کرد و لە هەر شانۆییەک ئامانجی گرنگی هەبووە، ناوەڕۆکی شانۆییەکانی بۆ مەبەستە دوور و نزیکەکان تەرخان کردووە، بەرای - شکسپیر- «کۆمەڵ پێویستی بە ڕژێمێکی بە هێز هەیە تا وەکو سنورێک بۆ دەرەبەگایەتی دابنرێ. هەرچەندە - شکسپیر - سیستەمی پاشایەتی لە کۆماری بەلاوە پەسەند ترە و باوەریشی کە دەبێ خانەدانەکان ئیمتیازی تایبەتییان هەبێ، بەڵام سەرەرای ئەوەیش نووسەرێکی ریالیست بوو. ئەو پادشایەکی هۆشمەند و مرۆڤ پەروەری دەویست تا وەکو یەکێتی وڵات و ئاشتی و ئاسایش بپارێزێ.»[2].

لەبارەی مەزنی و جیهانگیری - شکسپیر -ەوە وتراوە:

«ڕیالیزمییەکی مەزنە، ژیانمان بۆ دەخاتە سەر تەختەی شانۆ... کەرەسەیەکی خاو، لە شانۆییەکانیا ململانێی نێوان کۆن و نوێی تێدایە، لە هەمان کاتدا ئێمەی باوکانی سەدەی

---

١- ولێم شکسپیر، ئۆتێللۆ، وەرگێرانی، ئەحمەد سالار، ل ٤.

* شاعیر و نووسەر و ئەکتەری بەناوبانگی ئینگلیز لە شاری ستراتفورد اون ئیڤن -١٥٦٤-١٦١٦ لە دایک بووە و لە بنەماڵەیەکی حاڵ باشی چینی ناوەنجی، ۆ یەکەم جار لە بڵاوکراوەی (رۆبەرت گرین) ساڵی (١٥٩٢) ناوبراوە و لەو دەمەوە جێگای خۆی کردۆتەوە. لە ساڵی (١٥٩٥)دا بەشداری تیپی (پیاوانی تشیمبرلین)ی کردووە).
بڕوانە: ولیم شكسپیر - مكبث - ترجمة- د. محمد فرید ابو حدید، ص ٢٩.

٢- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، رێنیسانس، فوئاد مەجید میسری کردوویە بە کوردی، ل ١٧٠.

نوێ و وەچەی سەدەی کۆن. ئێمە گەلێک لە رابوردووی دوور و هەروەها دەتوانین هاوبەشی ئەو هەستانە بکەین کە نوێ دەیبزوێنێ.»[1].

## شانۆی ئۆتێللۆ

ئەوەی لە شانۆگەرییەدا بایەخی پێدراوە ناخی مرۆڤ و ئەو ئارەزووە سەرەتاییانەی کە لە ناخیدا گێنگلی خواردووەتەوە بە واتایەکی تر ئەو غەریزە هەمیشەییە کە بە (الغیرە) ناسراوە، بە تایبەت کاتێک یەکێکی بلیمەتی وەک شەکسپیر دەیەوێت ئەمە لای مرۆڤێکی ساکار پیشان بدات، لە پێناو ئەمە کەسێکی ئەفریقی ساکاری هەڵبژاردووە، ئەمەش بۆ نمایشی راستەقینەی ئەم غەریزەیە، هەروەها لە کەسایەتییە ساکارەکەیدا خۆشبڕاویی ئەوی کردووەتە هۆکارێکی دیکە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم درامایە. سەرەڕای ئەمەش لە دەستنیشانکردنی تەمەنی چلساڵی ئەم کەسایەتییە دیسانەوە دوپاتی ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ لەم تەمەنە توانای بوژاندنەوەی عەشقێکی نوێی لە دڵدا هەیە و ئەو عەشقەی کە لە زۆر بەتینتر لە ناخی هەرزەکاریدا سەقامگیر دەبێت.

ئەمە مەبەستی سەرەکی هەڵبژاردنی بابەتەکەیە، کە شەکسپیر توانیویەتی وردترین ساتەکانی ژیان و بە هێزترین غەریزە لە لا مرۆڤ پێشچاو بخات.

لە لایەکی ترەوە نووسەر لە تەوەری باسەکەیدا دوو مەبەستی تری دوپات کردۆتەوە:

**«یەکەمیان داکۆکی کردنە لەسەر ئەوەی کە داوێن پاکی و مرۆڤێنی هەر چەندە لە شارێکدا کەم بێتەوە، بەڵام بوونی هەر دەمێنێ.**

**دووەم: مەبەست خستنە رووی ئەو دەروونە پڕ لە تەماعکارییەیە، کە بۆ مەبەستی چەپەڵی خۆی، هەموو پێوەرێک دەبەزێنێ و حەڵاڵی بە حەرام دەکات»**[2].

نووسەر و شانووڤانی وەرگێڕ (ئەحمەد سالار) بۆ زیاتر روونکردنەوە کارەکەی خوی

---

١- فرانكۆ زيفريللى -مسرحيات شكسپير في الستينات - تأليف سمير فريد - الموسوعة الصغيره منشورات وزارة الثقافة والاعلام، ص ٦٥.

١- وليم شكسپير، عطيل، ترجمه: خليل مطران، ص ٩-١٠.

دەڵێت:

**«ئەوەی پتر تایبەتە بە خودی خۆم، یادگاری ئەو چوار ساڵەی لە - ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان - ی (زانکۆی بەغدا) قوتابی بوومە وەک زۆربەی قوتابیانی بەشی شانۆ عاشقی شانۆیی (ئۆتێللۆ) بوو بووم، هەرچۆن بە هەمان شێوە ئەوانەی روو لە خویندنی شانۆکرد بێ، ئاواتی گەنجانەی بووە رۆژێ لە رۆژان کەسایەتی (هاملێت) بنوێنێ، منیش رۆژانە کارم لە بینراوەکانی - ئۆتێللۆ - دا دەکرد و کەسایەتی - ئۆتێللۆ -م دەبینی، بەرادەیەک هەموو شانۆییەکەم بە زمانی عەرەبی لە بەربوو، بۆیە بۆ رۆژێک خۆم نابووە وە کە ئەو شانۆییە پێشکەش بکەم ئەوەش ساڵی (١٩٧٨) هاتە دی»[١].**

**سەرچاوە و مێژووی شانۆییەکە:**

بە پێی لێکۆڵەرەوە و مێژوونووسانی شانۆ، ئەم شانۆییەی دەچێتە ریزەی شانۆییەکانی قۆناغی دووەمیەوە!.

«قۆناغی شانۆییە سۆزدارەکانە، ئەوانەی بە نەرم و نیانی ترەوە لە ژیان دەروانی»[٢].

سەرچاوە و بابەتی سەرکی شانۆییەکە بۆ ئەو چیرۆکە کۆنە لاتینیە دەگەرێتەوە کە بە ناوی (رەشە مەغریبیە) کە وەیە - سەربوردەی ئەو مەغریبیەیەی لە بیابانەوە روو لە شاری - ڤنیسا-ی ئیتالیا دەکات، لە سوپای ئەو وولاتەدا دەبێتە سەرباز، لەبەر چاو نەترسی و جەربەزەیی و لێهاتووی، بەرەبەرە پلە و پایەی بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە پلەی سەر لەشکر، ئەم مەغریبییە رەشە بە باس کردنیا - بەرپەڕ - نەژادە. کاتێ گرفتاری کچۆڵەیەکی سیناتۆرێک دەبێ، کە جوانترین و بالاترین نموونەی جوانی و ناسکی، خۆشەویستی هەردوکیان لە بۆتەیەکی خۆشەویستیەکی بێگەردا دەتوێتەوە، دوو لایەنی گەلێک جیاواز چ لە رووی رەنگ و جوانی و تەمەنەوە، ئاکام دەبنە قوربانی زیادەرۆیی خۆشەویستی و گومان و دڵپیسی.

---

١- دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەحمەد سالار لە ٢٠٠٥/٩/١٠ لە شاری هەولێر و لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.

٢- جون رسل تیلر، الموسوعة المسرحية، الجزء الثاني، ترجمة: سمير عبدالرحيم الچلبي، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد ١٩٩١، ص ٥١٤-٥١٥.

ئەم شانۆگەرییە بریتییە لە پێنج بەش، بەشی یەک لە سێ بینراو پێک دێت، هەروەها بەشی دووەم سێ بینراو و بەشی سێیەم لە چوار بەش پێک دێت، دیسانەوە بەشی چوارەم لە سێ بینراو، بەشی پێنجەم لە دوو بینراو پێک هاتووە.

شایانی سەرنجە ناوی کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکە وەک خۆی بەکارهاتووە، چونکە رەفتاری کەسایەتییەکان لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواریدا دەگونجێت و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە زۆر هەڵوێستدا ئەو حەز و ئارەزووانەی کە لای مرۆڤدا هەیە، هەر هەمان شتە، بۆیە ئەحمەد سالار دەڵێت: (بەش بە حاڵی خۆم رووم لە دەقی بیانی کردووە، چ بە وەرگێڕان، کت و مت وەک خۆی، یان بە کوردی کردنی، واتاکەش و هەواو شوێن و کەسەکان و رووداو، هەر هەموو دەکرانە کوردی، وەک -پیسکەی تەرپیر-ی مۆلێر، کە بە فەرەنسییەکەی - سەگەناریلە-ە، هەروەها جەنابی موفەتیش-ی گوگول، بە چەندین جۆر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە گەورەیەی شانۆمان بە خۆیەوە دیبووی)[1].

دیسانەوە مەبەست لەم وەرگێڕان و دەسکارییەوە، ئەوەیە، کە ئێمە بابەتی کوردی پێ دەوڵەمەند بکەین، هەروەها زاخاوی مێشکی بینەران بە چەند شانۆگەرییەکی بیانی بدەین، چونکە بینەر هەمیشە بەدوای بابەتێکی وا دەگەرێت، کە حەز و ئارەزووەکانی تێر بکات، لەلایەکی ترەوە بەمە ئێمە خزمەتی شانۆکمان کردووە و لە هەمان کاتیشدا هانی بینەرانمان داوە، کە بەردەوام بەدوای شانۆیەکی بە هێز و پڕ بە واتادا بگەڕێن، هەروەها ئەمەش جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بیری نووسەرانمان بە کلیلێک دانەخراوە، بەڵکو بەردەوام بەدوای کردنەوەی دەرگای رۆشنبیری و پڕکردنەوەی کەلێنی ئەتەکێتی شانۆیی دەگەڕێن، وەک ئەحمەد سالار دەڵێت: (ئەو رۆژانەی ئێمە بیرمان لە دەقی شانۆیی بیانی کردووە مەبەستی دامەزراندن و بنیادنانی بزاڤێکی شانۆیی کوردیمان هەبووە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکی، لە پێشیانەوە، هەژاریمان لە رووی نووسەر و دەقی خۆماڵییەوە[2].

لە رووی هەڵبژاردنی شوێنەوە ئەم شانۆگەرییە لەگەڵ هەندێ رووداوەکانی (مەم و زین)

---

١- دیمانە، ئەحمەد سالار، ٢٠٠٥/٨/١.

٢- هەمان دیمانە.

یەکدەگرنەوە، ئەویش، قارەمانەتی و تەڵەکەبازی لە دەوری -بەکو لە مەم و زین- و رۆدریکۆ لە -ئۆتێللۆ-. قارەمانیەش لەوەدایە کە هانی -ئۆتێللۆ-ی مەغریبی درا بۆ ئەوەی بەشداری شەڕی تورک و ڤینیسیەکان بکات، ئەمەش بەو مەرامەی کە ئۆتێللۆ بکوژرێت و -دۆدریکۆ- بە حەز و ئارەزووەکانی بگات و لەگەڵ -دیزدەمون-ە، شادبێت.

ئەمە هەروەکو ئەو ڕووداوە وایە کە لە (مەم و زین)دا هەیە، کە چۆن (مەم) بەشداری شەڕێ بکات و بکوژرێت، چونکە (مەم) حەزی لە (زین)ی کچی پاشا بوو، نەک (زینکی) کچی بەکۆ.

دیسانەوە لە ڕوی هەڵبژاردنی (جل و بەرگ) دا، لەم شانۆگەرییە پێویستە هەر هەمان جل و بەرگی ئەو میللەتە بێت، کە ڕووداوەکەی تێدا ڕووی داوە، بۆ ئەوەی بینەر هەست بەوە بکات، کە (ئەزموونی شانۆی هیچ گەلێک بەبێ دەقی شانۆی بیانی نەبووە)[1]، گومان لەوەشدا نییە کە هیچ شارێک بێ شەقام نابێت و هیچ شەقامێک بێ مرۆڤ نابێت و ئەو خەون و خەیاڵانەی کە مرۆڤ لە دوو توێی سەری خۆی حەشار داووە، کاتێک کە دەتە ڕێ لەسەر شەقامەکاندا، ئەمانە هەمووی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و ئەیەوێت لێرەدا بەسەر شەقامەکاندا بیرژێنێت، هەروەها هێمنی شەقام و نەبوونی کەس تێدا و کوژاندنەوەی گڵۆپەکان، ئەمانە هەمووی سەرنج ڕاکێشن و لەگەڵ ئارەزووی هێمورکردنەوەی مێشکی مرۆڤدا دەگونجێت، هەروەکو لە بینراوی یەکەمی بەشی یەکەمی ئەم شانۆگەرییەدا دیارە:

**(شەقامێکی ڤینیسیایە، شەوە، ئیاگۆ و رۆدەریکۆ مەستن دەمەقاڵێ و چەند وچوونیانە.**

**لەم بینراوی سەرەتاییەدا، دەروو بۆ کێشە سەرەکییەکە دەکرێتەوە.**

**ئیاگۆ نا قایلە بە بەشی خۆی و هەست بە جەورلێ کراوی دەکات، کە (ئۆتێللۆ) ئەو پلەیەی شایستەی ئەوبووە، بە کەسێکی نا شایستەی داوە، لێرەوە بیری لە پیلان و گرفت نانەوە دەکات. لە دەبەنگی (رودەریگۆ)دا دەرفەت دەبینیتەوە کارەکەی بێ مەیسەرکات، هانی دەدات بچنە بەر ماڵی (بەرەبانتۆ)ی باوکی (دێزدەموونا)ی دولبەری (ئۆتێللۆ) و جاری رەد و کەوتنەکەی کچەکەی بدەن بە نیازی گۆبەنگ نانەوە. بابی (دێزدەموونا) تێداگیر دەبێ:**

**«رۆدەریگۆ: شەق دەبەم ئەو مەغریبیە لە چ ئەستوورەدا ببێتە خاوەنی ئەو شۆخە نازدارە و بەختیار بێت.**

**ئیاگۆ: رووی دەم بکەرە باوکی.. لە خەوی غەفڵەت رای پەرێتە... ژەهر برژێنە بەسەر**

---

١- دیمانەی ئەحمەد سالار، ١/٨/٢٠٠٥

**بەختەوەریدا.. لە شەقام و بازارا ناوی بزڕێتە... ئاگری ڕقی کەس و کاری کچە خۆشکە، گوزەرانی پێلێژکە...»**[1].

لە بینراوی دووەمی بەشی یەکەمدا شانۆگەرییەکە ڕێگە بۆ دوورخستنەوەی «ئۆتێللۆ» لە باوکی -دیزدەموون-ە، دەکات (ئۆتێللۆ) و یاوەرانی لەگەڵ (ئیاگۆ) ڕێگا دەبڕن و (ئیاگۆ) چۆنیەتی کلێشەیەوە هانی ئەدات و ئەیەوێ بە مەرەیەکی خراپیا بەرێ و باسی ئەوەی بۆ دەکا کە چۆن باوکی (دێزدەموونا) قسەی خراپی پێ وتووە و هەرەشەی توند لێ کردووە.

(کاسیۆ) دێتە لایان و ئاگاداری دەکات کە دۆق - ی (ڤینیسیا) داوای کردووە و دەبێ بە پەلە بگاتە دیوانی دۆق. پاشان تووشی (بەرەبانتۆ) دەبن کە ئاگری گرتووە و نیازی کوشتنی (ئۆتێللۆ)ی هەیە لە پێناوی شەرفیا کە کچەکەی هەڵگرتووە، بەڵام ئۆتێللۆ هێمنانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و روە و دەرباری - دۆق - دەبنەوە:

**«ئۆتێللۆ: دەستان بکشێنەوە - گەر جەنگم مەرام بوایە ئەوە وام نەدەکرد... فەرموون بۆ کوێ دەلێن با بچین تا بەرپەرچی ئەم تاوانبارییە بدەمەوە»**[2].

لە بینراوی یەکەم و دووەم و سێیەمدا شوێنەکە هەر شاری ڤینیسیایە و هەروەها کات هەمان کاتە، رووداو لە هۆڵی ئەنجوومەنە، لێرەدا لە بری ئەوەی کە «ئۆتێللۆ» بکوژرێت و پیلانی -رۆدەریگۆ- سەربگرێت، «ئۆتێللۆ» وەکو قارەمانێکی بەناوبانگ و ئازا لەو شەرەدا بەناوبانگ دەبێت.

**«سەردار: هەواڵ چییە؟**

**پاپۆڕەوان: هەواڵێکم لە سینۆر، ئەنجیلۆوە هێناوە، پوختەی ئەمەیە: هێزە دەریاییەکەی تورکیا رووی کردە رۆدس.**

**سەردار: ئەم وەرچەرخانە بە چی تێ دەگەن؟!»**[3]

وەک پیلانێکی سەربازی بۆ دەچن و بەهێرشی سەر - قوبرس -ی دادەنێن.

- ئۆتێللۆ- و - بەرەبانتیۆ - و کاسیۆ - و ئەفسەران دەگەنە خزمەت سەرداری ڤینیسیا.

**«سەردار: ئەی (ئۆتێللۆ)ی نەبەرد - پێویستە هەر ئێستا بەرەو مەیدانی جەنگ بەرێت خەن (روو دەکاتە بەرەباتیۆ) ببورە جەناب چاوم لێتان نەبوو سلاوتان لێ بێت.. چاک بوو هاتی ئەمشەو پێویستیمان بە راوێژی ئێوەش هەیە»**[4].

---

١- شکسپیر، ئۆتێللۆ، وەرگێران: ئەحمەد سالار، ل ٩.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢٢.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٥٤.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

گوێ لە هەردوولا دەگرن و (دێزدەموانا)ش پەیدا دەبن (ئۆتێللۆ) سەر بوردەی ئازایەتی و خانەدانی خۆی دەگێڕێتەوە، پشتگیری لێ دەکری و سەردار بۆی دەخوازی و (دێزدەموونا) دەبێتە هاوسەری، روو لە (قوبرس) دەکات و بە جێیان دێلێ، ئیتر (تیاگۆ) نەخشە بۆ پیلانێکی خراپ دادەنێ و زەفەر بە (رۆدوریگۆ) دێنێ:

**(تیاگۆ: ئا ئاوا ئەم کەرە دەکەمە دەسکەلاو کیسەی بەر باخەڵم گەریمەوێ زیرەکیم بخەمە کار و کات بە فیڕۆ نەدەم ئەبێ هەرچی تاقی کردنەوەی ژیانم هەیە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەم، ئەم ئیشە پێویستی بە پارە و پووڵ هەیە، وا ئەم بێ شەقڵەشم بۆ کەریووە... ئەبێ تەواو سوودی لێ وەربگرم... تا بڵێی رقم لەو مەغربییەیە چونکە لەلای خەڵکی پایەی لە من بڵندترە هەرچەندە رێزیشم لێ دەگرێت»** .(١)

لە بەشی دووەمدا شوێن و کەسایەتییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام پاڵەوانی هەرە سەرەکی شانۆگەرییەک هەروەک خۆی ماوەتەوە، ئەمە هەر لەو هەڵوێستە دەچێت کە لە (مەم و زین)دا رووی داوە، کە چۆن کچی (بەکۆ) بە پیلانێک بۆ (مەم و زین) دادەرێژێت، کە ناووتاوریان لە شاری جزیرە سووک بێت و بەمەش نەگەن بە یەکدوو شوێن -قوبرس -ە - کەناری دەریا - مۆنتانۆو دوو پیاو ماقوڵ، چاوەڕوانن لە دەریا دەڕوانێ، کەشتی دەگات، باو بۆرانەو دەریا لە هەڵچوونایە، ئیاگۆ و رۆدەریگۆر - دێزدەموونا - یان بۆ لای ئۆتێللۆ هێناوە:

**«ئۆتێللۆ : خانمە چاو نەترسەکەم.**

**دێزدەموونا: ئۆتێللۆی خۆشەویست.**

**ئۆتێللۆ : دڵخۆشم بەوەی کە پێش وەخت گەیشتیتە ئێرە.. ئەی رووناکی ژیانم، ئەگەر سەرئەنجامی هەموو گێژاو و رەشەباو باو بۆرنێک وەها خۆش بێت.. دەسایا رەشایی واهەڵکات، مردووی گۆڕستان راپەرێنێ و کەشتی یەکانم وا بڵند بکاتەوە تا لەگەڵ ئۆلۆمپس جووتیان ئەکات...»** (٢).

هەروەها لە بینراوی دووەمی بەشی ددوەم شوێن هەر هەمان شوێنە و کەسایەتی جارچی زیاد دەبێت، شایەنی سەرنجە بوونی جارچی لەم شانۆگەرییەدا لە جارچی جاران کورد دەچێت،

---

١- شکسپیر، ئۆتێللۆ، وەرگێران: ئەحمەد سالار، ل ٢٩-٣٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٥٢.

کە خەڵکی بۆ ڕووداوێک، یان فەرمانێک ئاگادار دەکاتەوە لێرەدا ڕووداوەکە کە جارانی بانگی بۆ دەکات سەرکەوتن و خۆشییە:

**«جارچی: ئۆتێللۆی سەرکردەی ئازا و مەزن بڕیاری دا بە بۆنە تێکشکانی لەشکری دوژمنەوە هەمـــــوان بیکەنە جـــەژن و ئاهەنگ بگێـــــڕن.. هەروەها بە بۆنەی ژن هێنانیشەوە...»** [1].

لە بینراوی سێیەمدا، شوێن کۆشکی (ئۆتێللۆ)یە، هەروەها پیلان بەردەوامنە و ڕووداو بەرەو )گرێ) دەچێت، ئەویش یان کوشتنی «ئۆتێللۆ»یە، یان ئاشکرابوونی پیلانەکەیە، ئۆتێللۆ و دێزدەموونا لە ژوورەوەن و کاسیۆ دێتە ژوورەوە، ئۆتێللۆ ئامۆژگاری و ڕێنمایی (کاسیۆ) دەکات کەوریانی و پاسەوانان بە چاکی کاری خۆیان بکەن و سەرکەوتن و خۆشی بێ ئاگا و مەغرورییان نەکات.

لەلایەکی ترەوە (ئیاگۆ) و بەزمی ناوەتەوە و (کاسیۆ)ی خستۆتە سەر خەیاڵی (دێزدەموونا) و بنچینەی تۆڵەسەندن لە (ئۆتێللۆ) دەخاتە کار، دەبێتە عەربەدە و گوڵمەز شەڕ و ئاژاوە، باری (کاسیۆ) لەتی دەکات، لە کۆتایی بینراوەکەدا دەبیستین:

**«ئیاگۆ: ئێستا کەس هەیە بتوانێ بڵێ ئامۆژگارییەکی خراپم کردووە؟ بەم جۆرە نەبێ لووتی ئەو مەغرورییە ناشکێ.. تۆ بڵێی سەرئەنجامی ئەم پیلانەی بۆ کاسیۆم کێشاوە، بە پیاو خراپ ناوبیبرێم؟**

**ئەی خوایە کە سەیرە «کاتێ شەیتانەکانی دۆزەخ بیانەوێ شتێک جێ بەجێ بکەن، بەجۆرێکی سەیر و عەنتیکە نیشانی ئەدەن.. وەک ئەم ئیشەی من ئەمەوێ پیاو چاکانە نیشانی بدەم، لە کاتێکا ئەو گەلۆرە لە خزمەتی دێزدەموونادا دەستە دامێن ئەبێ بۆ مەیسەرکردنی ئیشەکەی، ئەویش لەلای (ئۆتێللۆ) دەستەو نزا ئەبێتەوە بۆی، ئەو کاتە ئەو تۆرە دەبێت منیش ژەهری کوشندەی گومان بکەمە گوێچکەی ئۆتێللۆوە، بۆی ڕوون ئەکەمەوە کە پەیوەندییەکی گومان لێ کراو لە نێوانی (کاسیۆ) و خانمدا هەیە و ئەو کۆششەی (دێزدەموونا) دەیکات خۆڕایی نییە و شتێکی شاراوەی خراپی لە دوو توێدا هەشارداوە..**

**ئەوسا چی ڕوو دەدات..؟ سەرنگون بوون.. ڕۆچوون بەناخی قوڕای ڕەشا، ئاوا دەیانکەم بە تەڵەی تۆڵەوە، هەموویان گیرۆدە ئەکەم»** [2].

---

١- شکسپیر، ئۆتێللۆ، وەرگێران: ئەحمەد سالار، ل ٥٨.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٧٤-٧٥.

له بەشی سێیەمدا و له بینراوی یەکەمدا شوێن هەمان شوێنی کۆشکی «ئۆتێللۆ»یە، ئاهەنگ بەردەوامە، بەڵام کەسایەتیەکی تر هاوکاری لەم شانۆیە دەکات -ئەمیلیا-ی هاوسەری -تیاگۆ-یە، دێتە پێش، هەروەها بۆ زیاتر بلاوکردنەوەی بیری شانپگەرییەکە - مۆنتانۆ-ی فەرماندەی پێشووی قوبرس، ناوی دەهێنرێت و ئەم دیالۆگە دروست دەبێت:

**شەوە و شوێن بەرکۆشکە و کاسیۆ و چەند مۆزیکا ژەنێک و گاڵتەگێر بۆ ئاهەنگ گێران بە بۆنەی - ئۆتێللۆ - ی سەرکردە و سەرکەوتنەکەیە.**

**- کاسیۆ - دەردە دڵێ بۆ - تیاگۆ هەڵدەرێژێ و ناردویەتی بە دوای - ئەمیلیا - ی هاوسەری تیاگۆ دا بەڵکو بتوانی بە دیداری - دێزدەموونا - بگات بەڵکە لای - ئۆتێللۆ - تکای بۆ بکات، ئەمیلیا - دێت و رووی زاری لە - کاسیۆ - دەکات:**

**«ئەمیلیا: بەیانیتان باش گەورەم... هاوبەشی خەمتانین، هیوادارم بە زوویی بگەڕێتەوە سەر ئیشەکەت، ئێستا لای سەرکردە و خانمیش باس هەر باسی تۆبوو.. خانم بە هەموو توانایەوە بەرگری لە تۆ دەکرد، سەرکردەش بیانووی ئەوەیە، مۆنتانۆ، گوایە، پیاوێکی گەورە و پایەدارە و جێ وریێ ی خۆی هەیە و ئێوە زامدارتان کردووە، لەبەر ئەم هۆیانە چاری نییە ئەبێ دەستان لە ئیش بکێشێتەوە بەڵام هێشتا هەر خۆشی دەوێی، رەنگە پێویست بەوەش نەبێ کەس قسەی تیا بکا، کێ دەڵێ چاوەرێی هەلێک نییە تا بتگێرێتەوە سەر ئیشەکەت.»** [1].

کاسیۆ لەگەڵ خۆ دەبات بۆ دیداری - دێزدەموونا -.

له بینراوی دووەمی بەشێ سێیەمدا، هەمان ژوور و هەمان کۆچکە و بۆ دەرخستنی بەهای کۆچکەکە چەند پیاو ماقولێک ئامادە دەبن، ئەمەش بە مەبەستی ناردنی نامەیەک:

**- ئۆتێللۆ - تیاگۆ - بانگ دەکات و نامەیەکی پێ دەدات بیداتە دەست کشتیەوانەکەو بگاتە ئەنجومەنی پیران، پاشان دەچێت سەنگەر و قولە و شووراکان بەسەر دەکاتەوە.**

شایەنی سەرنجە کۆبوونەوەی ئەم پیاوماقولانە هەر لەو ڕووداوانە دەچن کە لە کۆمەڵگای کوردەواری ڕوودەدەن، کە چۆن لە کاتی تەنگانە، یان خۆشیدا سەرکردەکانی کورد بە بڕیارێکی جەماوەری فەرمانێک، یان هەر مەبەستێکی تر ئەنجام دەدەن.

---

١- شکسپیر، ئۆتێللۆ، وەرگێران: ئەحمەد سالار، ل ٧٨-٧٩.

له بینراوی سێیەمی بەشی سێیەمدا شوێن گۆڕاوە و لەم بینراوەدا دوو دڵی دەکەوێتە ناو دڵی «ئۆتێللۆ»ەوە، و ئەوەی بە بیردا دێت کە -دیزدەموونە- لە گەڵێدا راست نییە.

لە ژورێکی کۆشکا، کاسیۆ - و ئەمیلیا - و دێزدەموونا - باس لە گرفتی - کاسیۆ وە دەکەن و چۆن - دێزدەموونا - بتوانی هەوڵی بۆ بدات.

لەکاتی چوونە دەرەوەی - کاسیۆ - ئۆتێللۆ - و تیاگۆ - وەک گومان لەلایەن تیاگۆ - وە لە دڵ و بیری - ئۆتێللۆ - دا دەروێنێ.

لەم بینراوەدا - ئۆتێللۆ - پشتگیر دەبێ و بەمەرەیەکی خراپ دەبرێ.

گومانی پەیوەندیەکی ناپاکانە لە نێوانی - کاسیۆ و - ئوتێللۆدا:

**«ئۆتێللۆ: بەهەرچی شتی پیرۆز هەیە، گەیشتومەتە ئەو رایەی کە دێزدەموونا - پاکەر لە هەمان کاتیشدا وا هەست ئەکەم داوێن پیسە...»** (١).

له بینراوی چوارەمی بەشی سێیەمدا ڕووداوەکە بەردەوامە بەوەی کە -دیزدەمون-ە، لە بەرامبەر بە ئوتێللۆ راست نییە و پەیوەندی لەگەڵ -کاسیو- دا هەیە شوێن بەر دەرگای کۆشکە، دێزدەموونا - و - ئەمیلیا - و گاڵتەگێڕ دێنە ژوورەوە.

لەم بینراوەدا - ئۆتێللۆ - گومانەکەی ناو دڵی واتە پەیوەندی نادروستی - کاسیۆ - لەگەل - دێزدەموونا - بەرووی - دێزدەموونا - دا دەدات و کارەساتە تەراژیدیەکە دەگاتە گرۆیکی، بە گەڵگە ئەو دەستەسڕە ئەفسوناوییە ئازیزەی کە کاتی خۆی دایکی پێداوە بۆ ئەوەی لای هاوسەرەکەی شیرینێ و ئەو داویەتی بە - کاسیۆ.

**«ئۆتێللۆ: هەڵەیەکی گەورەت کردووە.. ئەو دەستەسڕە کاتی خۆی ئافرەتێکی میسری بە خەڵات داویەتی بە دایکم.. ئەو ئافرەتە زۆر شارەزای دەروونی ئادەمیزاد بوو.. کاتێک پێشکەشی دایکی کردبوو، بەو مەبەستە دا بوویە کە لەلای باوکم شیرینبێ، ئەگەر ونیشی کرد ئەوا دڵی لێ دەگۆڕێ...»** (٢).

- شکسپیر - گرنگییەکی زۆری بە - دەستەسڕەکە داوە - بۆیە دەبێتە بەڵگەیەکی زیندوو.

---

١- شکسپیر، ئۆتێللۆ، وەرگێران: ئەحمەد سالار، ل ١٠٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١١٥.

له بەشی چوارەمدا، و له بینراوی یەکەمدا، شوێن هەر هەمان شوێنه -قوبرس- لێرەدا کەسایەتیەکی تر سەرهەڵدەدات ئەویش -لۆدیڤیگۆ-یه بۆ ئەوەی یاوەری گومانی -ئۆتێللۆ- زیاتر خەست بکاتەوە.

**«تیاگۆ: لەو بڕوایەدایت وابێ؟**

**ئۆتێللۆ: باوەڕی وا!؟**

**تیاگۆ: چی تیایه له پێناوی ئەوە دا به دزییەوە ماچێکی کردووە؟**

**ئۆتێللۆ: ماچێکی نا ڕەوا.**

**تیاگۆ: له پێناوی ئەوەدا سەعاتێک لەناو جێگەدا بەیەکەوە نی.**

**ئۆتێللۆ: چۆن شتی وا ئەبێ! دوو کەس بەیەکەوە خۆیان رووت بکەنەوە، بچنه ناو جێگە و هیچ مەبەستێکی خراپیان نەبێ! شتێ وا هەرگیز نابێت. ئەمەی تۆ ئەیلێیت مەراییەکی رووتە. ئەو جۆرە کەسانه به دڵێکی پاکەوە شتی وا بکەن.. مانای وایه شەیتان تاقییان ئەکاتەوە...».** [1]

له بینراوی دووەمی بەشی چوارەمدا، هەر هەمان شوێن و کەسایەتییەکانه و بۆ گرێدانی بینراوەکانی پێشوو لەگەڵ ئەمەدا، ئەمەش به مەرامی گەیشتن به لووتکەی شانۆگەرییەکەیه.

**«ئۆتێللۆ: کەوابوو هیچت نەدیووە؟**

**ئێمیلیا: نەدیومه، نەبیستومه، نه خەیاڵیشم بوێ چووە.**

**ئۆتێللۆ: راست ناکەیت، لەگەڵ کاسیۆدا دیوتن.**

**ئێمیلیا: بەڵام هەرگیز دڵم ختورەی نەکردووە، هەر چیەکیشیان باس کردبێ ئاگام لێ بووە.**

**ئۆتێللۆ: سەیرە، ئەی به چرپه قسەیان نه ئەکرد؟**

**ئێمیلیا: نەخێر گەورەم هەرگیز.**

**ئۆتێللۆ: که بەیەک ئەگەیشتن دەستیان به تۆوە نەدەنا؟»** [2]

پاشان -دێزدەموونا- پەیدا دەبێ و -ئیمیلیا- بەرێ دەخات و زۆر به شێوەیەکی سووک سەیرکردن و ڕەقانه مامەڵه لەگەڵ -دێزدەموونا- دەکات.

له بینراوی سێیەمی بەشی چوارەم، شوێن نەگۆڕاوە و ڕووداوەکان بەردەوامه و باسیش له ئالۆزی نێوان ئۆتێللۆ و دیزدەموونەدایه، ئۆتێللۆ، لودڤیگۆ، دێزدەموونا، ئێمیلیا و چەند

---

١- شکسپیر، ئۆتێللۆ، وەرگێران: ئەحمەد سالار، ل ١٢٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣.

دەست و پێوەندێک، باس باسی ئەو ئالۆزیەی نێوان ئۆتێللۆ و دێزدەموونایە و بیر لە چارەسەر و هێـدی کـردنەوە و راست کـردنەوە دەکـەنەوە. ئۆتێللۆ مـیـوانەکـان بەرێ دەخـات و بە - دێزدەمـوونا - دەلێ بچـێـتە ژووری چاوەڕووانی بێ. دێزدەمـوونا و ئیـمیلیـا لەو گومـانەوە، دێزدەموونا بۆ بیرەوەرییەکانی دەگەڕێتەوە:

**«دێزدەموونا: دایکم کە نیزەکێکی دەبێ ناوی بربارە دەبێ... حەز لە پیاوێک دەکات.. پیاوەکە تێک دەچێ و بەجێی دەهێڵێ... ئەوجا کە نیزەکەکە فێری گۆرانییەکی کۆن دەبێ و بۆ بەختی دەستی خۆی دەڵێ...**

**لەسەرەمەرگیشا هەر هەمان گۆرانی دەڵێ... منیش ئەمشەو ئەو گۆرانییەم بەیاددادێتەوە سەر زمانم، هەرچەند دەکەم هەر دەچمەوە سەر ئەو گۆرانییەی بربارەیی چارە ڕەش پەلە بکە و سوپاس...»** (١).

لە بەشی پێنجەمدا، و لە بینراوییەکەمدا شوێن قوبرسە و رووداوەکان لە دەرەوەی شارن، ئەمـەش بـۆ دانانی پیـلانی کـوشـتنی -کـاسـیـۆ-یە، ئەمـەش بۆ ئەوەیە کـە شـەڕ لە نێـوان - ئۆتێللۆ- و -دۆق- گـەرم ببێت کە ئەمـەش زۆر لە حیکایەتی کوردی بەدی دەکرێت ئیـاگـو پیلانێکی ناوەتەوە، بە دەستی رۆدەریگۆ - کاسیـۆ - بکوژێ شەڕ روو دەدات و لەپێشەوە دەست لە - کاسیـۆ - دەوشێنی و لافێکی زامدار دەکات، خەڵکی بە ئاگادین - ئۆتێللۆ - گۆیی لە دەنگە دەنگەکە بە لە دڵی خۆیدا دەڵێ و پێ وایە!

**«ئۆتێللۆ: خۆیەتی، ئەی - ئیاگۆ - ی ئازا تۆ سووک کردنی هاورێکەت پێ هەڵنەگیرا.. تۆ فێرم دەکەی دەبێ چی بکەم...**

**ئەی داوێن پیس وا خـۆشـەویسـتـەکـەت کـوژرا... کـۆتایی تۆش نزیک بۆتەوە.. جادووی چاوەکانتم لە دڵمدا هەڵکەند و فڕێم دا.. ئەبێ جێگاکەت گوڵرەنگی خوێن بیت»** (٢).

لە بینراوی دووەمی بەشی پێنجەمدا، شوێن ژووری خەوتنی -ئۆتێللۆ-یە و کات شەوە، - ئۆتێللۆ- هەمـوو بیر و هزری لای ئەوەیە کـە -دیزدەموون-ە بکوژرێت و دەی کـوژێت لە دوو دڵیەکەی خۆیدا رزگار دەبێت و شەڕ زاڵ دەبێت لەسەر خێر.

لە پێشا سەرنجی جوانییەکەی دەدا و پاش بە ئاگاهاتنەوەی دەیخنکێنی و ئیمیلیا دێت:

---

١- شکسپیر، ئۆتێللۆ، وەرگێران: ئەحمەد سالار، ل ١٦٠-١٦١.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٨.

«ئۆتێللۆ: ئێمیلیا بەڵێ، ئەوە.. مرد.. رەنگە هاتبێ هەواڵی کوشتنی کاسیۆی بۆ هێنابم.. ئەی.. دەنگە دەنگەکە لەوەدا نەبوو! جوڵەی نەما ئەڵێی گۆڕە ئەوەندە خامۆشە.. بهێڵم بێتە ژوورەوە؟ تۆ بڵێی خراپ نەبێت؟ وا بزانم دەجوڵێتەوە.. ئەی چی باشە بیکەم... بێتە ژوورەوە، بێگومان دەست دەکات بە قسەکردن، لەگەڵ ژنەکەم... ژنەکەم؟ کام ژن!؟» [1].

ئێمیلیا دێت بەسەر کارەساتەکەدا و کەسانی تر پەیدا دەبن و باری راستییەکان دەردەخات و ئەوسا بۆ ئۆتێللۆ ئاشکر دەبێ، کەبە هەڵە و بە فیتی - ئیاگۆ - ی شەڕەنگێز چ تاوانێکی گەورەی کردووە.

لە داخا خۆی دەکوژێ و کۆتایی بەشانۆییەکە دێ.

لە خوێندنەوەی ئەو نمایشانەی کە ئەحمەد سالار تێکڕا پێشکێش کردوون، بە تایبەتی لە بەرهەمە جیهانیەکاندا وەکو «عوتەیل»ی شکسپیر، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەمانە «بە فۆرمێکی کوردی نمایش دەکر وە چ لە ڕووی جل و بەرگەوە، یان لە ڕووی ناوی کەسایەتیەکانەوە، بەم هەنگاوەی وای کرد کە بتوانێ ناوەڕوکی بابەتە جیهانیەکان بە کومەڵگەی کوردی بگەیەنێ» [2]. سەرەڕای ئەمە ئەحمەد سالار بەرهەمە خومالّیەکانی خۆی کە لە شێوەی ئاهەنگسازی پێشکێشکرا، ڕاستە ئەمە شێوەی (عبدالکریم برشید)ە، بەڵام «سالار هەولّی دا کە چون سود لە ڕووداو چیرۆکە کوردیەکان وەربگرێت و کوتاییان بکاتەوە و دەقی شانوییان لێ پێک بهێنێ بۆ نموونە؛ نالّی و خەونێکی ئەرخەوانی -کاتێ هەڵو بەرز دەفرێ- کورە دارکەنەکە -ئەوانەی توونی باباچوون..... تادا» [3]. زمانی نووسین وەرگێردراوەو زۆر بە پەتی لەگەل ئاستی ئەکتەر و بینەردا گونجاوە.

---

١- شکسپیر، ئۆتێللۆ، وەرگێران: ئەحمەد سالار، ل ١٨٢.

٢- گوران عەلی کەریم، پرسیار لە ماهیەتی شانۆی کوردی، گوڤاری ڕامان، ژمارە (93-94)، ٢٠٠٥، هەولێر، ل ١٧٠.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٧٠.

# پاشكۆ

## پاشكۆی ژیانی هونەرمەند ئەحمەد سالار وەكو بوون و بەردەوامی

## پاشکۆی ژیانی هونەرمەند ئەحمەد سالار وەکو بوون و بەردەوامی

ئەحـمـەد سـالار کـوڕی عـەبدولواحـیـد ئەفـەندی حـاجی مـەلا ئەحـمـەد دەروێشی حـاجی مەحموودی حاجی مستەفای حاجی قوربانی عەبدوللای سێتە بەسەری هەمەوەندە. «تیرەی هەمـەوەندە یەکـێکە لە تیـرە بەناوبانگەکـانی کـورد کـە لە رووی ئازایەتی و خـۆگـرییـەوە شوێنێکی تایبەتی و ناوێکی دیاریان بووە. ئەم تیرەیە هەروەک پیاوی سوارچاک و چالاک و نەبەز و دەم ڕاستیـان زۆربووە، بێ گومـان پیـاوی ئەدیب و ئەدەب دۆست و خویندەواریشیـان تیاهەڵکەوتووە» [1].

کـاتێک هەمـەوەند لە هەنگەژاڵەوە دێن بۆ قـەڵاچوالان لە سـاڵی ١٧٩٥دا زاینی پاشـان لەگەڵ برا و ئامۆزا و باوکی و خزمانی دێنە ناوچەی سەرچنار هەتا هەناران نیشـتەجێ ئەبن لەگەڵ (ئەحمەد سالار) باپیرە ئامۆزان حالی حاز زیاتر لە (٢٥٠) ماڵن رەچەڵەک و رەگەزی خۆیان پاراستووە بە زۆری رۆشنبیر و نووسەر و دکتۆر و ئەندازیار و تاجر و پیاو ماقووڵیان هەیە، خوالێخوشبوو (حەمە عەلی مەدهۆش) کە پیـاوێکی روناکبیر و شـاعیر و نـووسەر بوو ئامـۆزایانە [2]. بنەمـاڵەی حـاجی قـوربانی زۆربەیان خـراونەتە بەر خـوێندن، بە پێی ئەو سەردەمەش لەلای چاکترین مامۆستایان و تەنانەت بۆ شاری بەغدا نێردراون و لە (ئیمامی ئەعـزەم) خـویندنیـان تەواوکردووە، لەوانە باپیـری هونەرمـەند ئەحـمـەد سـالار واتە (مـەلا ئەحـمەدی قـوربانی) و مـەلا عـەبدولرەزاقی باوکی حـاجی مەحـمود، هەر لەو رووەوە ناوناوی (مەلا)یان بەناوی کوڕانی بنەمـاڵەوە ناوە. پاش پەیدابوونی خـوێندنی نظامی و پەیدابوونی کـولیج، ژمـارەیەکی زۆر لە منداڵانی بنەمـاڵەکـە خـوێندنی باڵایان تەواوکـردووە و خـاوەن بڕوانامەی باڵان و دکتۆر و ئەندازیاریان تیادا هەڵکەوتووە.

باپیـرەی هونەرمەند، مەلا ئەحـمەدی قـوربانی پیـاوێکی خواپەرست و زانا و هەق پەروەر

---

١- مەلا عەبدولکەریم مودەرس، کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٣.

٢- نوری حەیدەر هەمەوەندی، مێژووی شاراوەی هەمەوەند، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٧٢-١٧٣.

بووە، گەلێک بەرهەمی زانستی هەبووە، لەوانە (رساله فی الهمزه المخففه) کە لەلایەن زانایانی مەزنی سەردەمەکەیەوە (ضیاء الدین محمد طاهر الخالدی النقشبندی) و (شیخ عمری قەرداغی) ناسراو بە (ئیبن القرداغی) هەڵسەنگێنراوە، وەک بەڵگە دەخەینە روو[(١)].

**کارتێکردنی کەسایەتی باوکی ئەحمەد سالار:**

مامۆستا عەبدولواحید ئەفەندی ساڵی ١٩١٢ لە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی سەرشەقام بەرامبەر خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە دایک بووە، لە منداڵیەوە خراوەتە بەر خویندن، لەو تەنها قوتابخانەیەی مامۆستا عەبدوللا فەنی زێوەری شاعیر و صالح قەفتان و عەبدوڵڵا صەبری تیادا دەیان دەوتوە.

هاوپۆلی شاعیری نیشتمانپەروەرانی گەورەی وەک فایەق بێ کەس و بەختیار زێوەر بووە. لە تەک ئەو خوێندنەدا وەک مەلا زادەیەک خوێندنی ئاینی خویندووە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبیدا و بە توانابووە ئەو دەمە لەو شارەدا ناوەندی دوا قۆناغ بووە، بۆیە حەزی بە دامەزراندن کردووە و بۆتە بەرێوەبەری ناحیەی ماوەت بە بریکاری و پاشان لەگەڵ یەکەم (تشکیلاتی ئیداری) شارۆچکەی قەلادزە بۆتە بەرێوەربەر، پاشان گوێزراوەتەوە (وارما)، لەوێشەوە بۆ موتەسەریفیەتی سلێمانی بە پلەی (کاتب ئەوەلی تحریرات) بە هۆی نە گونجانییەوە لەگەڵ رەفتاری حکوومەتی پاشایەتی سەبارەت بە جۆری هەڵبژاردن گوێزراوەتەوە بۆ هەڵەبجە و پاش چەند ساڵی گەراوەتەوە سلێمانی و بۆتە سەرەک تێبینەرانی پارێزگا. لە بارەیەوە (ئەحمەد سالار) دەڵێ:

(تا بڵێی لە گەڵمانا نەرم و نیان بوو. منی زۆر خۆش ئەویست و بە پاشا بانگی دەکردم، زۆر بە قسە و لاسییەکانم پێ دەکەنی و خۆشحاڵ بوو، هەروەها دەربارەی کەسایەتی دایکی دەڵێت:

«دایکم ژنێکی زۆر بە بەزەیی و سەلاری و دڵ و دەروون پاک بوو، دایکێکی نموونەیی، بە کوردییەکی پوختی سلێمانیانە قسەی دەکرد و مەزنترین امۆستا بووە لە زمانی کوردی و داب و نەریتی کوردەوارییە»[(٢)]. ئەحمەد سالار سالی ١٩٤٧ لە گەرەکی دەرگەزێنی سلێمانی لە دایک بووە «بەهۆی بارێکی سیاسییەوە وەک سزادانان، لە سلێمانییەوە بۆ شاری هەڵەبجە

١- دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەحمەد سالار دا لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان/لقی دهوک ٢٠٠٥.

٢- چاوپێکەوتنی دهوک، ٢٠٠٥.

دەگوێزرێتەوە، ئەو رۆژانە دوو سێ ساڵان، دەبم،ماڵمان لە گەڕەکی جولەکانی هەڵەبجە دەبێ و ئەو جیهانە تایبەتییە، هەمیشە لە خەیاڵما زیندووە، کۆڵانی تەنگەبەر، مۆردانە، وێنەی گویسەبانە و هەورەبانەکان، یان کە لە هەیوانی ماڵەکەمانەوە لە کانی عاشقان و گوڵانم دەڕوانی، رۆژانی باران و تاوەکانی «گورگەزێ»....» (١). هەروەها دەربارەی گەنجێتی خۆی دەڵێت: «رۆژانی سەرەتای گەنجێتیم لە گەڕەکی چوارباغی شاری سلێمانی بوو» ئەو دەمە تەنها شانۆو یاریگەی شارەکە لە گەڕەکەی چوارباغ ونزیک ماڵی ئێمەبوو، بۆیە بەو پێیە لە سەرەتاوە خولیای شانۆ و وەرزشم لە کەلەدا جێگیر بوو........ سەبارەت بە بۆچوونی (ئەحمەد سالار) بۆ واتای گەنجێتی و رۆژانی لاوێتی دەڵێ: «بەش بە حاڵی خۆم کە لە روژانی هەنگاونانی پیرێتیمەوە لەو رۆژانە دەڕوانم، هەرچەندە، چەندە بکەم و چەندە بکۆشم تەمەن شان لەشانی پیریتی دەخشێنێ، بەڵام لە من وایە هەر گەنجم و هەر گوڕەی هەنگاونان و پەلەی بردنەوەی گرەوی بەختی روژانەم» (٢).

و رەنگە هەر ئەم رستەی دوایی کاری کردبێتە سەر نووسەرو هونەرمەندان کە ئەو شانوگەریەی دوایی دا بە خۆی دەچوێنێت ئەویش «گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە» (٣)، دارێژیت لە فولکلۆرە و هەلستێت بە کاری دەرهێنانەوە.

هونەرمەند ئەحمەد سالار لە نووسینێکدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «کە لە خۆم دەڕوانم، ڕوژانی ئاوا وەک ئەمرۆکە لەبەردەم کەلاری بەژن و جوان هەڵچووی شانۆکەمدا راوەستاوم و دوو جۆر تیڕوانین یەکانگیر دەبن: چۆن چۆنی ئەو کەلێنە پڕ بکەمەوە پێشتر پڕ نەکراونەتەوە و لە تەک ئەوەی من بیکەم نەکرابێ، واتە لە دایکبوونێکی نوێ هەستم بەوە دەکرد، لە دایکبوون تەنها ئەو رۆژە نییە کە خەڵکی ئێستا لەو رۆژەدا مۆمی لە دایکبوون لەسەر کێکی شیرینی تەمەن دادەگیرسێنن و بەخۆشییەکەوە خامۆشی دەکەن» (٤).

ئەحمەد سالار دەرچووی بەشی درامای ئەکادیمییەی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدایە و لە ساڵی ١٩٧١ خوێندنی خوی تەواوکردووە ئەمە کاری کردووەتە سەر بزاڤی ئەحمەد سالار لە دامەزراندنی تیپە شانویەکان کە لە سەر ڕێبازێکی زانستی ئەمانەی دروست کردووە، لە

---

١- چاوپێکەوتنی دهوک، ٢٠٠٥.

٢- ئەحمەد سالار، لاوێتیم، گوڤاری پێشکەوتن، ژمارە (١٣٢) سالی ٢٠٠٥، ل ٢٥.

٣- ناوی شانۆگەریەکی هونەرمەند ئەحمەد سالار کە بە دوور و درێژی باس لێکرا.

٤- ئەحمەد سالار، لاوێتیم، گوڤاری پێشکەوتن، ژمارە (١٣٢) سالی ٢٠٠٥، ل ٢٥.

ساڵی ١٩٧٣ «تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی پێکهێناوە»، لە ساڵی ١٩٨٤ تیپی شانۆی سالاری دامەزراندووە و بووەتە سەروکی ئەم تیپە»[(١)].

مامۆستای ناوبراو لە بزاڤ و چالاکیەکانی دا لە دەیەها فیستەڤال و بوونەدا بەشداری بە بەرهەمی بە پێز کردووە و دەیان خەلاتی شیاوی لەم بوارەدا وەرگرتووە، چ وەک نووسەر، یان ئەکتەر، یان دەرهێنەر. سەرەڕای ئەمەش لە زوربەی کارە درامیەکانی رادیو و تەلەفزیون بەشداری بەرچاری هەبووە. بەمەش کارتێکردنێکی بە هێزی لە لای هونەرمەندان بەجێ هێشتووە، چ لە ناوەوەی کوردستان، یان لە دەرەوە.

سەرەڕای ئەمەش چەندین بەرپرسیتی، چ لە بواری هونەری دا، یان لە بواری رامیاری دا وەرگرتووە وەکو: جێگری وەزیر و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەروکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.

---

١- راستی، پێگەی ئەحمەد سالار لە شانۆی کوردی دا، گۆڤاری شانۆ، ژمارە (١) سلێمانی ٢٠٠٦، ل ٥٥.

**بەرهەمەکانی ئەحمەد سالار:**

**أ- چاپکراوەکان:**

١- سالم لەتای تەرازووی ویژەدا، سلێمانی ١٩٦٨.

٢- شانۆی، وانەی ڕەشبەڵەک، سلێمانی ١٩٧٨.

٣- شانۆی، دڵداریی باران، سلێمانی ١٩٧٥.

٤- هونەر و سەرەتایەک لە مێژووی هونەر، بەغدا ٩٧٩.

٥- کۆمیدیا، سلێمانی ١٩٨١.

٦- دەروازەی دراما، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٨١.

٧- ئەفگینیا لە ئۆلیس، سلێمانی ١٩٨٢.

٨- ئۆتێللۆ، سلێمانی ١٩٨٣.

٩- دەروازەی دراما - بەرگی دووەم، بەغدا ١٩٨٤.

١٠- ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، بەغدا ١٩٨٨.

١١- ووتاربێژی و دەمودو، هەولێر ١٩٩٨.

١٢- شانۆی سالار، هەولێر ١٩٩٩.

١٣ - هونەر و ژیان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٤- خوشترین گوڕانی شانۆی سالار، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٥- کورسیەکان، (یونسکو) سلێمانی، ٢٠٠٦.

**ب- بەرهەمە چاپنەکراوەکانی:**

١- وتاربێژی و دەمودو (بەرگی دووەم).

٢- ئەزموونگەری ئەفڕاندن.

٣- هونەرمەند شەماڵ صائب.

٤- شانۆیی، کایگۆلا، کامو، (وەرگێران).

٥- بەرەو راگەیاندن.

٦- زانستی دەنگ و ئاخاوتن.

٧- چیرۆکی سێ جەنوکە، شانۆی منالاًن، (وەرگێران).

# خشتەی بەرهەمەکانی
# ئەحمەد سالار

# ئەنجام

# ئەنجام

١- شانۆ تا دەربڕتر بێت لە کێشەکان و باس لە ململانێی گەورە بکات، ئەو جورە ململانێیەی کە هەمویان دەگرێتەوە و خوزگاکانی تێدا بە ئاکام دەگات و لایەنە دژوارەکان و سەرنەکەوتووەکان سەردەخات. ئەمە بناغەی سەرەکی وروژاندنی جەماوەرە.

٢- کلتور گەنجینەی نەتەوەی کوردە کە لە فەرهەنگە مەزنەکەیدا تومار کراوە سەرچاوەیەکی بە پێزە بۆ داهێنانی چەندین شانۆی کوردی، بەڵام خستنەوەی ئەم گەنجینەیە بە ساکاری نابێت، بەڵکو نووسەری شانۆی لێهاتووی دەوێت، کە بتوانێت ئەو گەنجینەیە بە پێی سەردەم بگونجێنێت و ئەکتەری باشیش هیچ ڕوڵێکی لە نووسەر کەمتر نییە، کە دەبێت شارەزا و کارامە بێت و روحی سەردەمی تێدا چەسپاوبێت.

٣- پیرەمێردی شاعر پاش گەڕانەوەی لە شاری ئەستەمبول وەک ڕابەرێکی مەزنی شانۆی کوردی لە ڕووی دەقی خوماڵی بنیاتی شانۆی میللی داوە؛ نموونە مەحمود ئاغای شێوەکەڵ، مەم و زین، دوازدە سوارەی مەریوان.

٤- نەبوونی سەقامگیری باری سیاسی و شورەش یەک لە دوایەکانی کورد بوتە لاوازی شانۆی کوردی وە سانسور دانان لە سەر شانۆی کوردی و گەشەسەندنی... بە جورێک بۆ کە ئەم بزاڤە کزبو.

٥- لە سالآنی ١٩٨٠ شانۆ لە بواری روژنامەگەریدا لەچاو قوناغی حەفتاکان گەشەیەکی باشی بە خوەوە بینیوە کە بو یەکەمین جار گوڤاری (روژی کوردستان) ژمارەیەکی تایبەتی بۆ شانۆ و چیرۆک بلاوکردەوە، پاشان گوڤاری (بەیان) لە ساڵی ١٩٨١ یەکەمین ژمارەی تایبەتی بە شانوەوە بلاوکردەوە، هەروەها گوڤاری (کاروان) لە ساڵی ١٩٨٣ دیسانەوە یەکەمین ژمارەی تایبەتی بۆ شانۆ تەرخانکرد.

٦- ئەو گوڕانکاریانەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕوویانداوە تەکانێکی گەورە و بوژاندنەوەیەکی بەرچاویان لە شانۆی کوردیدا بینیوە، سەرەڕای ئەمەش بزوتنەوەی گیانی ئازادی نەتەوەیی و ناسیونالیستی چ لە ناوەوەی کوردستان یان لە ژێر کارتێکردنی دەرەوە دا بێت، ئەمەش بوە هوی بەرە پێش چوونی هونەری شانۆ، سەرەڕای ئەمەش هونەری وەرگێران لایەنێکی دیکەی ئەم بوژاندنەوەیە بوە.

٧- لە نوێکردنەوەی شانۆدا نووسەر دەورێکی گەورەی هەیە بە تایبەت لە کاتی مامەڵە کردنی لەگەڵ دەقدا، بەڵام هەندێ جار نەبوونی دەق کار دەکاتە سەر بۆچوونی نووسەر. بۆیە زیاتر بەرهەمی شانۆیی وەکو دەقی نووسراو بە چاوی دەقی ئەدەبییەوە بوی دەروانین.

٨- بوونی رەخنەی شانۆیی دەبێتە هوی بەردەوامی شانۆ، چونکە شانۆ بەبێ رەخنە پێش ناکەوێت. رەخنەی شانۆیی دەقی باش دەست نیشان دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ جار دەرهێنەری دەق دەتوانێت فێڵ لە رەخنەگریش بکات بەوەی کە دەرهێنەری باش روح بە بەری دەقی لاواز دەکات، بەڵام دەرهێنەری خراب سەری دەقی باش دەخوات.

٩- ڕیالیزم ڕێبازێکی گونجاوی شانۆگەریە و بە بێ ئەم ناتوانین واقیعی ژیان وێنە بکێشین، بەڵام دەبێت دەرهێنەری شانۆ لەم لایەنە ئاگادار بێت و بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

١٠- دەقە کونەکان بۆ ئەمڕۆ نواندنیان کارێکی پر زەحمەتە، بەڵام دەتوانین لە کارە دراماییەکاندا ئەو گرێچنەی کە لەوێدا کراوەتەوە لەکاری ئێستادا بە شێوەیەکی سادەی روژانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

١١- لە پراکتیزەکردنی بەرهەمەکانی شانۆی کوردیدا بۆمان دەرکەوت کە دەقی بیانی و دەقی خومالی شان بە شانی یەکتر لە رەوتی شانۆییدا بەکار هاتووە، ئەمەش بەردەوامیەکی بە شانۆی کوردی داوە، سەرەرای ئەمەش نووسەرانی شانۆی کوردی لە بەرهەمەکانیاندا توانیویانە ئێش و ئازاری ئەم میللەتە بە درێژایی مێژوو بخەنە ڕوو چ لە دەقی خومالی یان ئامادەکراو بێت. هەروەها لە دەقە خومالیەکاندا دەبینین میللەتی کورد خاوەنی بەهرەیەکی تایبەتییە چ لە دەرهێنان یان وەک ئەکتەرێک بێت کاتێک کە رولێک لەسەر شانۆ دەگیرێت.

١٢- لە دەقە خومالیەکاندا ئەحمەد سالار توانیویەتی بە شێوەی ئاهەنگسازی، حیکایەت و ڕووداوە هەرە گرنگەکان بپارێزێت، چ لە ڕووی، جل و بەرگ، شوێنی ڕووداوەکان کە ئەمانە تێکرا بە شێوەیەکی ئەکادیی مامەڵەیان لەگەڵ دا بکەت، بەمەش ڕووحی سەردەمی بە بەردا کردو.

١٣- لە دەقی بیانیە وەرگێڕاوەکاندا ئەحمەد سالار زیرەکانە توانیویەتی ڕووحی کوردەواریان بە بەردا بکات و ڕووداو، شوێنی ئەمانە بگوازێتەوە بۆ ناو جەرگەی میللەتی کورد، ئەمە چ لە ڕووی لەکارهێنانی جل و بەرگی کوردیەوە، یان لە ڕووی شوێنی ڕوداوەکانەوە بێت.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

### أ- کتێب:


١- ئەحمەد سالار، دەروازەی دراما، بەرگی (١)، چ (الحریە)، بەغدا، ١٩٨٠.
٢- ، دەروازەی دراما، بەرگی (٢)، چ (الحافظ) بغداد، ١٩٨٤.
٣- ، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٨.
٤- ، شانۆی سالار، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
٥- ، ڕوژانی گول ڕەنگ و شانۆی سالار، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٦- ، هونەر و ژیان، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٧- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، کاریگەری کەلەپووری کوردی لەسەر شانۆی کوردیدا، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٣.
٨- پارتی دیموکراتی کوردستان مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە، بنیادنانی شانۆی کوردی، چ. هاوار، دهوک، ١٩٩٦.
٩- حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، بەغدا، ١٩٨٤.
١٠- حەمە کەریم هەورامی، درامای کوردی لەناو درامای جیهانیدا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
١١- دانا عەلی سەعید، هونەری نووسینی دراما و دەقی شانۆی خومالی، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٢- عەونی کەرومی، د. عقیل مهدی یوسف، شانۆ لە چەند ووتارێکدا، وەرگێران م. پەرەوەر، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٣- علاءالدین سجادی، دوو چامەکەی نالی و سالم، چ. مەعارف، بەغدا، ١٩٧٣.
١٤- د. فەرهاد پیربال، مێژووی شانۆی کوردی لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٥٧، هەولێر، ٢٠٠١.

١٥- د. فەرهاد پیربال، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری، دەزگای سپیریز، دهوک، ٢٠٠٢.
١٦- کامەران سوبحانی، فەرهەنگی شانۆ، ئینتسیوتی کەلەپوری کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٧- د. کمال مظهر، رێنیسانس، وەرگێران: فوئاد مەجید مصری، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٨٤.
١٨- مەلا عەبدولکەریم مودرەس، کۆمەلە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، بەغدا، ١٩٨٠.
١٩- مەلا عەبدولکەریمی مودرەس و فاتح عەبدولکەریم، نالی، دیوانی نالی، لێکولینەوە و لێکدانەوەی بیاچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چ. کوری زانیاری بەغدا، ١٩٧٦.
٢٠- محسن محمد احمد، خانزادی سۆران له کورته دراما‌دا، چ. شفیق، بەغداد، ١٩٨٦.
٢١- محمدی مەلا کەریم، دیوانی گوران، بەرگی (١)، چ. کۆری زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠.
٢٢- نوری حەیدەر هەمەوەندی، مێژووی شاراوەی هەمەوەند، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٣- ولیم شکسپیر، ئۆتێللۆ، وەرگێران، ئەحمەد سالار، ئوفیستی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٣.
٢٤- یاسین قادر بەرزنجی، له ئەرشیفی شانۆی کوردییەوە، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٥- یورپیدیس، ئەڤیگینیا له ئولیس، وەرگێران ئەحمەد سالار، چ. ئوفیستی سەرکەوتن سلێمانی، ١٩٨١.

## ب- رۆژنامە و کوڤار:

١- ابراهیم احمد سمو، رولێ وەرگێرانێ د پێشئێخستنا شانۆیا کوردیدا، گوڤاری شانۆ ژمارە (١)، سلێمانی ٢٠٠٦.
٢- ئازاد مولود، لایەنی هونەری لەو دەقە شانۆییانەی له سالی ١٩٧٠وە لەسەر تەختەکانی شانۆ له هەولێر پێشکەش کراون، روژنامەی ( ؟ )، ژ (٤٢)، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣- ئەحلام مەنسور، دەربارەی شانۆ. روژنامەی هاوکاری، ژ (٨٨٧)، بەغدا، ١٩٨٧.
٤- ئەحمەد سالار، شانۆ و کەلەپوور خواستن، گۆڤاری شاکار، ژ (٢١)، سلێمانی،
٥- ، لاوێتیم، گۆڤاری پێشکەوتن، ژ (١٣٢)، هەولێر: ٢٠٠٥.
٦- ئەحمەد قەرەنی، سەرەتایەک ژ دیرۆکا شانۆیا کوردی، گوڤاری کاروان، ژ (١٢)،

هەولێر، ١٩٨٣.

٧- ، شانۆیا کوردی دناڤبەرا سەرەتاییێن تاریک و ئاسۆییێن روناکدا، گوڤاری رامان، ژ (٢٢)، هەولێر، ١٩٩٨.

٨- بورهان قەرەداغی، رۆلی شانۆ لە بنیادنانی کۆمەلی مەدەنیدا، گوڤاری شاکار، ژ (١٩-٢٠)، سلێمانی:٢٠٠٤.

٩- برتولد برێشت، ماکبث، وەرگێران: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە، گۆڤاری شاکار، ژ (٢١)، سلێمانی: ٢٠٠٥.

١٠- جەمال گردەسووری، ریپورتاجی روژنامەوانی، شانۆی بەختی دارکەنەکە-چەپکی بەند، روژنامەی خەبات، ژ (١٨٩٢)، هەولێر: ٢٠٠٥، ٢٠٠٥/٨/٢١.

١١- یوزیف مارگوس، راستی دەق، وەرگێران ئازاد خدر، روژنامە ٢٠٠١/٧/١.

١٢- حەمە سوار عەزیز، کورەدارکەنەکە گرەوی بردەوە، روژنامەی خەبات، ژ (١٨٩٨)، هەولێر: ٢٠٠٥، ٢٠٠٥/٨/٢٧.

١٣- حەیدەر عەبدولرەحمان، گەرانێک بە دوای ئەوانەی تونی بابا چوون، گوڤاری رامان، ژ (٨٤-٨٥)، هەولێر: ٢٠٠٤.

١٤- حەمە فەریق حەسەن، لە نێوان هاملێت و ئوڤیلسیای سیە، گوڤاری رامان، ژ (٥٩)، هەولێر: ٢٠٠١.

١٥- دانا عەلی سەعید، د. قوتبەدین صادقی لە نێوان پرۆژە و داهێنان دا، گۆڤاری رامان، ژ (٥٨)، هەولێر: ٢٠٠١.

١٦- ڕاستی، پێگەی ئەحمەد سالار لە شانۆی کوردی دا، گوڤاری شانۆ، ژمارە (١) سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٧- رفعت رجب، بزاڤا شانۆییێ ل دهوکێ، روژناما ئەڤرۆ، ژ (٧٧-٧٨)، دهوک:٢٠٠٥.

١٨- رێزان سالح مولود، سەرەتایەک بۆ نووسینەوەی مێژووی درامای کوردی، گوڤاری سینەماو شانۆ، ژ (٩)، هەولێر: ٢٠٠١.

١٩- زیاد کەریم، شانۆی مادەبوونی بینەر، گوڤاری رامان، ژمارە (١٠)، هەولێر: ١٩٩٧، ل ٣٥.

٢٠- سەعد ئەردەش، نمایشی شانۆ لە نێوان نووسین و دەرهێناندا، وەرگێران: سەباح عبدالرحمن، گوڤاری رامان، ژ (١٤)، هەولێر: ١٩٩٧.

٢١- سەلام مەنمی، توونی بابا و کۆشکی پەیکەرەکان، گوڤاری رامان، ژ (٧١)، هەولێر: ٢٠٠٢.

٢٢- شەماڵ عمر، ڕەوتی شانۆی ئەزمونگەری لە بنیاتنانی شانۆی ڕەسەنی کوردی، گۆڤاری ڕوشنبیری نوێ، ژ (  ؟  )، بەغدا: ١٩٨٨.
٢٣- شوان سەرابی، ئەوانەی تونی باباچون لە ئەزمونێکی دوو قوڵی نوێدا، گۆڤاری ڕامان، ژ (٨٤-٨٥)، هەولێر، ٢٠٠٤.
٢٤- شورەش محەمەد حوسێنی، وەهمی شانۆی کوردی، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ (٩)، هەولێر: ٢٠٠١.
٢٥- عەتا عەبدوللا سەعید، بزاڤی شانۆی کوردی و ئەگەرە جیاوازەکان، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ (١٠)، هەولێر: ٢٠٠١. ل ٨.
٢٦- علی پێنجوینی، تیوری درامای نوێ، گۆڤاری کاروان، ژ (٧٠)، هەولێر: ١٩٨٨.
٢٧- د. فەرهاد پیربال، کورنولوژیای شانۆی کوردی، گۆڤاری ڕامان، ژ (١٠)، هەولێر: ١٩٩٧.
٢٨- د. فەرهاد پیربال، شانۆی کوردی لە کوردستانی عیراقدا لە سالانی ١٩٢٠-١٩٣٠، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ (١٠)، هەولێر: ٢٠٠٠.
٢٩- کانیا، سەرەتایەک بۆ نووسینەوەی مێژووی شانۆی کوردی، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ (١٨)، هەولێر: ٢٠٠٠.
٣٠- کەمال غەمبار، مامڵەکردنی زیرەکانە لەگەل سامانی نەتەوەییمان و چۆنیەتی تەوزیفکردنی، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ (٣) سالی یەکەم، هەولێر: ١٩٩٨.
٣١- گوران عەلی کەریم، پرسیار لە ماهیەتی شانۆی کوردی، گۆڤاری ڕامان، ژ (93-94) ٢٠٠٥، هەولێر.
٣٢- محمد بکر تیمور، دەربارەی دراما و ڕەخنە، گۆڤاری کاروان، ژ (٤١)، هەولێر: ١٩٨٦.
٣٣- محمد تیمور، دەروازەیەکی ڕەخنەی درامای نوێی کوردی، گۆڤاری کاروان، ژ (٦٤)، هەولێر: ١٩٨٨.
٣٤- محەمەد عەبدولوەهاب، دایەلوک لە گۆڤاری شانۆیی دا، وەرگێران سلام عومەر، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ (٢)، هەولێر، ١٩٨٨.
٣٥- محەمەد نزار، قەیرانی شانۆی کوردی لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، گۆڤاری ڕامان، ژ (٦١)، هەولێر: ٢٠٠١.
٣٦- محمود زامدار، ئازاد عەبدولواحید، لەگەل هونەرمەند ئەحمەد سالار، چاوپێکەوتن، گۆڤاری ڕامان، ژ (١٠)، هەولێر: ١٩٩٧.

٣٧- مەغدید حاجی، بەرەو پاشەرۆژێکی باشتر بۆ شانۆی کوردی، گۆڤاری رامان، (٢٠)، هەولێر: ١٩٩٨.
٣٨- نهاد جامی، ئاگایی نووسەر لەناو پرۆسەی نووسین، گۆڤاری رێبازی ئەدەب و هونەر، ژ (٣٥)، هەولێر: ٢٠٠٤.
٣٩- ( ؟ ) رۆژنامەی ژیان، ژمارە (٣٩٣)، ١٩٣١.
٤٠- هیمداد حوسێن بەکر، مێژووی شانۆی کوردی، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، ژمارە ٢، هەولێر ١٩٩٧.

## دووەم: سەرچاوەکان

### بە زمانی عەرەبی:

#### أ- کتێب:

١- د. ابراهيم عبداللّه غلوم، تقنيات تكوين الممثل المسرحي، الاردن، ٢٠٠١.
٢- احمد زكي، اتجاهات المسرح المعاصر، (الصورة الابداعية)، الهيئة المصرية العالة للكتاب، ؟ ٢٠٠٥.
٣- احمد اسماعيل اسماعيل، مسرحنا المأمول، دار عشتروت، دمشق: ١٩٩٧.
٤- ارسطو طاليس، فن الشعر، ترجمة: عبدالرحمن بدوي، بيروت: ١٩٧٣.
٥- الاروسن نيكول، المسرحية في الادب الانجليزي، ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروة، دار الرشيد للنشر، بغداد: ١٩٨٠.
٦- ايليا حاوي، يوربيدس والمسرح الاغريقي، دارالكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٠.
٧- ، الكلاسيكية في الشعر الغربي والعربي، دار الثقافة، ط٢، بيروت، ١٩٨٣.
٨- اريك بتتلي، المسرح الحديث، ج١-٢، ترجمة: محمد عزيز رفعت، مؤسسة؟؟؟ للطباعة والنشر، ؟ : ؟.
٩- الين استون، جورج سافونا، المسرح والعلاقات، ترجمة: سباعي السيد، المجلس الاعلى للاثار، القاهرة، ١٩٩٦.
١٠- انتوان ارتو، المسرح وقرينه، ترجمة: د. سامية اسعد، دار النهضة العربية، القاهرة: ١٩٧٣.
١١- بيترا ايدن، المسرح المعارض- دفاع عن االمسرح الالماني المعاصر، ترجمة: حامد احمد

غانم، المجلس الاعلى للاثار، القاهرة: ١٩٩٦.
١٢- ج. ل. ستيان، الدرامة الحديثة بين النظرية والتطبيق، ترجمة: محمد مجول، .....
١٣- جلال شرقاوي، الاسس في فن التمثيل وفن الاخراج المسرحي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٢.
١٤- جون رسل تيلر، الموسوعة المسرحية، ج٢، ترجمة: سمير عبدالرحيم الجلبي، دار المأمون، بغداد: ١٩٩١.
١٥- جميل نصيف التكريتي، قراءه وتأملات في المسرح الاغريقي، وزارة الثقافة والاعلام، سلسلة الدراسات ٣٨٥، بيروت: ١٩٨٥.
١٦- حمادة ابراهيم، اللغة الدرامية العناصر غير المنطوقة والعناصر المنطوقة، المجلس الاعلى للثقافة، قاهرة: ٢٠٠٥.
١٧- سمير سرحان، تجارب جديدة في الفن المسرحي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.
١٨- عبدالرحمن بن زيدون، قضايا التنظير للمسرح العربي من البداية الى الامتداد، اتحاد كتاب العرب، دمشق: ١٩٩٢.
١٩- عبدالرحمن ياغي، في العهود المسرحية العربية، دار الفارابي، بيروت: ١٩٩٩.
٢٠- عدد من الباحثين السوفييت، نظرية الادب، ترجمة: الدكتور جميل نصيف التكريتي، وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر.
٢١- د. عزالدين مصطفي رسول، المسائل النظرية في الاداب الشرقية، ترجمة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد: ١٩٩١.
٢٢- عبدالغفور نعمة، الاتجاهات المعاصرة في المسرح، البصرة، ١٩٧١.
٢٣- عمر محمد طالب، موسوعة الموصل الحضارية، المجلد الخامس، الموصل ١٩٩٢.
٢٤- عمر بلخير، تحليل الخطاب المسرحي، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٣.
٢٥- عواد علي، المعرفة والعقاب، الاردن ٢٠٠١.
٢٦- فائق مصطفي، في ذاكرة المسرح العربي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد: ١٩٩٠.
٢٧- فاطمة يوسف محمد، المسرح والسلطة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، د. م: ١٩٩٤.
٢٨- فسيفورد مايرخولد، الكتاب الاول في الفن المسرحي، الفارابي، بيروت، ١٩٧٩.
٢٩- فرانكو زيفرملي، مسرحيات شكسپير في الستينيات، ترجمة: سمر فريد، وزارة

الثقافة والاعلام، دار الجاحظ، بغداد: ١٩٨١.
٣٠- فرانك گواينج، مدخل الى الفنون المسرحية، ترجمة: كامل يوسف واخرون، دار المعرفة، القاهرة: ١٩٧٠.
٣١- فرد ب. ميللت و جيرالد يدس بنتلي، فن المسرحية، ترجمة: صدقي الخطاب، دار الثقافة، بيروت ( ؟ ).
٣٢- مارجوري بولتون، تشريح المسرحية، ترجمة: دريني خشبة، مكتبة الانكلو-المصريه، د. ت: ١٩٦٢.
٣٣- مارتن أسلن، تشريح الدراما، ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروة، دار الحرية للطباعة، بغداد: ١٩٧٨.
٣٤- محمد احمد الغرب، عن اللغة والادب والنقد، المركز العربي للثقافة والعلوم، بيروت: د. ت.
٣٥- محمد خير البقاعي، دراسات في النص والتناصية، مركز الانماء الحضاري، ٢٠٠٤.
٣٦- محمد سعيد الجوخدار، مباديء التمثيل والاخراج، دار الفكر العربي، بيروت.
٣٧- محمد كامل الخطيب، نظرية المسرح، القسم الاول، منشورات وزارة الثقافة، دمشق: ١٩٩٤.
٣٨- د. سمير سرحان، المسرح والتراث العربي، بغداد: ١٩٨٩.
٣٩- م. س، كوركينان، الدراما، ترجمة: د. جميل نصيف التكريتي، موسوعة نظرية الادب، بغداد: ١٩٨٦.
٤٠- موسى السوداني، دراسات في المسرحية الحديثة، دار الحرية للطباعة، بغداد: ١٩٧٥.
٤١- د. ميشال عاصي، الفن والادب، ط٣، مؤسسة نوفل، بيروت: ١٩٨٠.
٤٢- نعمان عاشور، عالم المسرح، دار الموقف العربي، مصر: ١٩٨٣.
٤٣- ول ديورانت، قصة الحضارة، ج٧-٨، ترجمة: محمد بدران، دار الفكر، بيروت: ١٩٨٨.
٤٤- والت دزني، لماذا نضحك، ترجمة: د. زكريا ابراهيم، مجلة الهلال، اغسطس، ١٩٦٦، القاهرة.
٤٥- وليم شكسپير، مكبث، ترجمة: محمد فريد ابو حديد، دار المعارف، د. م: د.ت.
٤٦- يوسف عبدالمسيح الثروت، الطريق والحدود (مقالات في الادب المسرحي والفن) دار الحرية، بغداد: ١٩٧٧.

**ب- رۆژنامه و گوڤار:**

١- ايغلتون، نحو علم النص، ترجمة: فخري صالح، مجلة الثقاف الاجنبية، العدد (٢)، بغداد: ١٩٩١.

٢- برتولد بريخت، مسرح التسليه، أم مسرح تعلم، ترجمه: د. بحر خميس، مجله السينما والمسرح المصريه، ١٩٦٨.

٢- ترفيتان تودوروف، التناص، ترجمة: فخري صالح، مجلة الثقافة الاجنبية، بغداد: ١٩٨٨.

٣- جاك دبيوا، المؤسسة الادبية ووضعية الكاتب، ترجمة: محمد نديم خشبة، مجلة، الثقافة الاجنبية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد: ١٩٩٠.

٤- عواد علي، المسرح الكردي، استذكار مشهد، جريدة الزمان، العدد (١٥٨٣)، بغداد: ؟ .

٥- ( ؟ )، جريدة العراق، العدد ٣٩٧٠، بغداد، ٥ آذار ١٩٨٩.

٦- د. حسين الانصاري، الف باء، جريدة الزمان، العدد (١٢٥٠).

٧- شفاء العمري، حكومة حسن پاشا (مقارنة دارمية موصلية)، مجلة الحياة المسرحية، العدد (٥).

٨- سعدون يونس، ملاحظات في واقع الحركة المسرحية الكوردية في اربيل، مجلة كوردستان، العدد (٣١)، بغداد، ١٩٧٦.

٩- د. صالح سعد، ازدواجية الانا والاخر والبحث في تقنية الممثل العربي، مجلة عالم الفكر، العدد (١)، الكويت: ١٩٩٦.

١٠- صباح هرمز، المسرح الكوردي في ثلاث عقود، مجلة گولان العدد (٤٠)، أربيل: ١٩٩٩.

١١- عبدالجبار النجفي، حول المسرح، مجلة الموقف الثقافي، العدد (٤)، ٢٠٠١.

١٢- عزيز خيون، جريدة الجمهورية، العدد (٦٤٩٩) بغداد: ٢٨ حزيران ١٩٨٧.

١٣- عطية احمد العقاد، تأملات جديدة في اوراق قديمة للمسرح العربي، مجلة عالم الفكر، الكويت: ١٩٩٧.

١٤- د. عقيل مهدي يوسف، قراءة في نص فيدراسين، مجلة الاقلام، العدد (٣) بغداد: ١٩٩٠.

١٥- د. عمر طالب، نحو مسرح عربي جديد، مجلة الاقلام، العدد (٣-٤) السنة الثانية

والعشرون، ١٩٨٧.
١٦- عواد علي، استراتيجية التشخيص في النص السرحي، مجلة الاقلام، العدد (٣)، بغداد: ١٩٨٩.
١٧- گوردون روگوف، النقد المسرحي الحديث، ترجمة: حنا شكارة، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد (١) ١٩٨٥.
١٨- عواد علي، المسرح الكوردي، استذكار مشهد، جريدة الزمان، عدد (١٥٨٣)، بغداد، ٢٠٠٠.
١٩- مشهور مصطفى، المسرح والبحث عن صورة الذات في صورة الاخر، مجلة عالم الفكر، العدد (١)، الكويت: ١٩٩٦.
٢٠- موسى وهبه، المفاهيم تتحكم بالنصوص، مجلة الفكر العربي، معهد الانباء العربي، بيروت: ١٩٧٨.
٢١- نينوس توخمونوس، المسرح المستقبل، ترجمة: علي حيدر يوسف، مجلة السينما والمسرح، العدد (١٠)، القاهرة، ١٩٧٤.
٢٢- ياسين النصير، ثلاثة نماذج من الاخراج المسرحي في العراق، مجلة الاقلام، العدد (٣)، بغداد: ١٩٨٩.
٢٣- يوسف زعبلاوي، المسرح اليوناني القديم، مجلة العربية، وزارة الارشاد والانماء، العدد (١٣٩)، الكويت: ١٩٧٠.

### سێیەم: سەرچاوەکان

### بە زمانی ئنگلیزی:

1- Robert Diyanni, literatur, Compact. Edition, America, 2000, pp. 723.
2- M. H. ABrams, Aglossary of literary terms, seventh Edtion, America-Boston, 1999, p 69

**چوارەم: سەرچاوەکان**

**بە زمانی فارسی:**

- اورلا هاموش، مقدمه بر تآثر،محبوبه مهاجر، انتشارات محروس، چاپ دووه، (تهران، ١٩٩٨).

**پێنجەم: سەرچاوەکان**

## جـ نامەیێن ماستەرێ و دکتورایێ:

١- سەلام فەرەج، گەشەسەندنی درامای کوردی لە عیراقدا، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٠، دکتورا.

٢- یاسین رشید حەسەن، ناوەرۆک و تەکنیکی درامای کوردی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤، ماستەر.

**شەشەم: سەرچاوەکان**

## کۆڕ و سمینار:

١- د. رۆبرتو شولی، کوڕی شانۆ، روژی ٢٠٠٦/٣/١٧، هوڵی روشنبیری هەولێر.

٢- ئەحمەد سالار، کۆڕی ڕێزلێنان، موسل، ٢٠٠٣/٩/٢٤.

**حەوتەم: سەرچاوەکان**

## چاوپێکەوتن:

چاوپێکەوتن لەگەل هونەرمەند ئەحمەد سالار.

١- /خزیران/٢٠٠٥، دهوک.

٢- ١/ تەباخ/ ٢٠٠٥، دهوک.

٣- ٧/ تەباخ/ ٢٠٠٥، دهوک.

٤- ١٠/ ئەیلول/ ٢٠٠٥، هەولێر.

٥- ٤/ چریا ئێکێ/ ٢٠٠٥، هەولێر.

٦- ١٤/ تیرمەه/ ٢٠٠٦، دهوک.

**هەشتەم: سەرچاوەکان**

**کاسێت:**

١- کاسێتی ڤیدیو، بەرنامەی سەرەدان، تەلەفزیونی ئاسمانی کوردستان، ٢٠٠٤.

٢- کاسێتی ڤیدیو، کۆری ڕێزلێنان (ئەحمەد سالار) موسل ٢٠٠٣/٩/٢٤.

**نویەم: سەرچاوەکان**

**ج- ئەنترنێت:**


١- عباس منعشر، النص المسرحي بين العين والاذن، مجلة منتدى مسرحيون المقالة متاح على الموقع www.masraheon.com.

٢- فرحان بلبل، النص المسرحي الكلمة والفعل، دراسة من منشورات اتحاد الكتاب العرب، (دمشق، ٢٠٠٢) المقال متاح على الموقع www,awu.dom.org

٣- قاسم مطرود، موقع الكتروني تعني بالفنون المسرحية، ٢٠٠٣، النص المسرحي بلسان الشعر.

٤- د. محسن الرملي، تأملات في سيرة النص المسرحي، المقالات متاحة على الموقع www.masraheon.com

٥- آن ابرسفيلد، النص - العرض، ترجمة: احمد الدفراوي، www.masraheon.com.

# الخلاصة

**المسرح الكوردي بين النص المحلي والنص الاجنبي**
**وبعض من أعمال أحمد سالار نموذجاً**

تبدأ الرسالة بمقدمة ومدخل لموضوع المسرح ولادةً واستمراراً حتى اليوم، وتتضمن الرسالة ثلاثة فصول هي:

**الفصل الأول:** يتضمن ولادة المسرح الكوردي والمراحل التي مرّ بها وأسباب التأخر والنهوض، كل على حده..

**الفصل الثاني:** يبحث حول النص المسرحي وتكوينه ووظائف النص المسرحي، بالاضافة الى فن كتابة النص ونظرياته والأسس النظرية له ومفاهيمها بالاضافة الى دور كاتب النص المسرحي ولغة النص واهميته واشكال تقديم النص المسرحي واختيار عنوان النص بالاضافة الى العناصر الاساسية للنص والتي تشمل الحوار والتوجيهات مع تحليل النص.

**الفصل الثالث:**تكمن أهمية هذه الرسالة في الفصل الثالث، المأخوذة من العنوان الرئيسي للرسالة (المسرح الكوردي بين النص المحلي والاجنبي) ويشمل هذا الفصل تطبيقات عملية حول نتاجات أحمد سالار المسرحية بين اختياره لنصوص محلية وأجنبية في عملية ديمومة المسرح الكوردي بالاضافة الى ملحق بحياة أحمد سالار الفنية والكتابية، وجدول بكافة أعماله الفنية وبالاخص المسرحية.

# Abstract

## The Kurdish Theater Between the Local and the Foreign Text: Ahmed Salar as a Sample

The thesis starts with an introduction to theater theme since its birth and its continuity to the present day. It includes three chapters:

**Chapter First:** this chapter deals with the birth of Kurdish theater and the stages it underwent in addition to the reasons of staying behind and not rising, each separately.

**Chapter Two:** chapter two is about theater text, forming, theater text tasks in addition to the art of text writing and the theoretical basis as well as its concepts. Furthermore, the role of play writer, text language, its importance, forms of presenting the text, selecting the title. Also the basic text elements which are: dialogue, directions and text analysis.

**Chapter Three:** the importance of this thesis is in chapter three taken from the title of the thesis ( The Kurdish Theater Between Local and Foreign Text). This chapter includes practical applications about Ahmed Salar's works in theater in selecting local and foreign texts in continuity process of Kurdish theater, together with an appendix of Ahmed Salar's biography in arts and writing. There is also a table of his art works specially in theater. Finally, we reached to the following conclusions;

1. Some abstractionism and experimentalism bearings that interred modern Kurdish theater to serve Kurdish theater.
2. Whenever there was competition and struggle in the theater, it gives a push to convey theater message.
3. A play is always written to be shown not to be read.
4. Heritage is a good wealth to be added to the theater
5. Piramerd was a theater leader before being a poet.
6. Lack of a suitable political background was the cause of weak Kurdish theater.
7. The Kurdish theater witnessed a good revival in eighties by publishing its texts in Kurdish magazines and newspapers.
8. Translations and techniques had a vital role in activating theater works.
9. The importance of great role played by the Kurdish play writers in dealing with events.
10. In many theater works, the poetic text was a base on which the theater text built on; specially Ahmed Salar's works.
11. The appearance of theater criticism that impulse theater works.
12. Dealing with reality cautiously, as realism is the best theory in the field of Kurdish theater.
13. The importance of selecting the title in the Kurdish theater.
14. The difficulty in performing old theater works nowadays, unless prepared to be consonance with present time.
15. In Ahmed Salar's applications, the importance of performing local and foreign theater texts is obvious.
16. Apparently, in Ahmed Salar's local texts, he could present ceremonial, by adding folktale and serious events from the history of Kurdish people and linking them to the today's reality in preserving language, clothes, events sites and to deal with them academically and in a modern way.
17. Ahmed Salar was able to give the translated works a Kurdish spirit through all theater elements and to be presented as a Kurdish theater.

**حكومة أقليم كردستان العراق**
**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي**
**جامعة صلاح الدين - أربيل**

# اطروحة

مقدمة الى مجلس كلية اللغات جامعة صلاح الدين-هەولێر جزءاً من
متطلبات درجة الدكتوراه .ph. D في الأدب الكردي

**ابراهيم احمد سمۆ**
بكالوريوس في اللغة الكردية وآدابها-كلية الآداب-جامعة صلاح الدين
١٩٩٨ ميلادية
ماجستير في الأدب الكردي-كلية الآداب-جامعة صلاح الدين ٢٠٠١

نوروز ٢٧٠٧ كردي ربيع الأول ١٤٢٨ هجري نيسان ٢٠٠٧ ميلادي

٢٠٠٢

The Government of Kurdistan Region_Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Salahaddin University_Hawler

# The Kurdish Drama Between the Local And Foreign Texts
## Some of Ahmed Salar's works as Example
## A Theoretical_ Analytical Study

A Thesis
Submitted To The Council Of The College of Languages
Salahaddin University_ Hawler
In Partial Fulfillment Of The Requirements
For the Degree of Doctor Of Philosophy
In Kurdish Literature

By

**Ibrahim Ahmed Smo**

B.A. Kurdish Language and Literature_ College of Arts
Salahaddin University 1998 A.D.

M.A. Kurdish Language and Literature_ College of Arts
Salahaddin University 1998 A.D.

٢٠٠٣